
یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان
KPU
اتحاد برلمانيي كوردستان
KURDISTAN PARLIAMENTARIANS UNION




# پەرلەمان و هەڵەبجە

ئامادەکردنی
حەمە عەلی تۆفیق

# هەڵەبجە و پەلەمان

ئامادەکردنی حەمە عەلی تۆفیق

## لەبڵاوکراوەکانی
## یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان

ناوی کتێب: هەڵەبجە و پەرلەمان

ئامادەکردنی: حەمە عەلی تۆفیق

تایپ: ئامادەکار

نەخشەسازی: بێساران حەمە عەلی

تیراژ: ۱۰۰۰ دانە

چاپ: چاپخانەی منارە – هەولێر

لە بەرێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی(٤٧)ی ساڵی ۲۰۰۹ی پێدراوە.

# پێشەکی

رووداوەکان هەمیشە وان بە بەرۆکی میژووە وە، بۆ سەلماندنی راستی و دروستی باشترین رێگا پەنا بردنە بۆ بەڵگەنامەکان لە ئاست گەورەیی کارەساتەکانی کوردستان، ئەوە دەخوازێ بە ووردی و راشکاوانە هەوڵەکان بخرێتەگەر و چاوەرێ نەبین کەسێکی تر ئەو رۆڵە بگرێتە ئەستۆ.
بیست ساڵە زامی هەڵەبجە بە فرمێسك و هەنسك دەکەینە دیاری بۆ نەوەکانی ئایندە، گفت و بەڵێن لە ناخی هەموولایەکمان دا دەژی بۆیە کارەساتی هەڵەبجە و ئەنفال و جینۆساید ئەوەندە دەهێنێ و زیاتریش لە هەموو روویەکەوە خۆی بۆ ئامادە بکرێ، دەستکەوتەکانی ئەمرۆ لە ژانی نەهامەتیە مەزنەکان لە دایك بوون و ئەرکی پیرۆز و کاریگەر ئەوەیە جارێکی تر پێناسەی ئەم رووداو و مێژوویانە بکەینەوە وەك شایەدحاڵێك بە نووسین، بەبەڵگە نامە کردن، بە فلیم و ڤیدیۆ، نەك تەنها بە زمانی کوردی بەڵکوو بە زمانە زیندووەکانی جیهان .
ئەو کتێبەی لەبەر دەستدایە دیاریەکی پر بایەخە کە برای بەرێزمان کاك حەمە عەلی تۆفیق ماوەیەکە زۆر پێوەی ماندوو بووە، کاری لەسەر ئەوە کردووە کە هەرچی لەسەر هەڵەبجەی شەهید لە خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان لە ماوەی ساڵی (١٩٩٢ – ٢٠٠٥) لە کۆبوونەوە و دانیشتنەکانی پەرلەمان باسکراوە چ لەلایەن ئەندامان یان میوانان لەگەڵ هەر بریارێك کە دەرچووە جارێکی تر زیندووی کردووەتەوە بۆ ئەوەی هەرکەسێ بیەوێ هەڵوەستە

لەسەر كارەساتی هەڵەبجە بكات ئەم دیكۆمێنتانەی بە ئاسانی بۆ رێكخراوە و كۆكراوەتەوە، بەو هیوایە كە چەندیین نووسەری بەرێزی تر چاو لەو كارە بكەن و پەرەی پێ بدەن و دیكۆمینتە شایدحاڵەكانی ئەنفال و جینۆساید بۆ رای گشتی بگوازنەوە .

جارێكی تر دەستخۆشی لە برای نووسەرمان كاك حەمە عەلی تۆفیق دەكەین، یەكیتی پەرلەمانتارانی كوردستانیش بەشێك لەو خزمەتەی پێ برا بەوەی كە بووە یەكێك لە بڵاوكراوەكانی خۆی .

نیعمەت عەبدوڵڵا

سەرۆكی یەكیتی پەرلەمانتارانی كوردستان

# هەڵەبجە و پەرلەمان

هەڵەبجە شارێکی دێرینی کوردستانە و بەهۆی سروشت و شوێنی جوگرافیای و جۆری پێکهاتەی دانیشتوانی و مێژووی پڕ لە خەباتی سیاسی و رۆشنبیری و ئاینی و کۆمەڵایەتی، کەم کەس هەیە نەزانێ هەڵەبجە لە کوێیە، راستە رۆشنبیران و مێژوونوسان و شاعیران و کەسایەتی گەرۆکی بیبانی و لێکۆڵەرەوانانی گشت بوارەکانی ژیانی ئادەمیزاد لەسەرئەو شارە و دەوروبەری یان نوسیوە و چەندین کتێب لە کتێبخانەکانی کوردستان و دەوڵەتەکانی تری جیهانی بەر دیدی خوێنەرانی دەکەوێت، ئەمە پێویستی بە زیاتر هەیە، ئەم بەرهەمە بچوکەی منیش باس لە روانگەیەکی تری ئەم شارە و دەوروبەری دەکات کە بەبروای من ئەم تایبەتمەندیە کەسێکی تر بۆی نەچوە، بۆیە منیش بە پێویستم زانی کە کتێبخانەکان بەم کتێبە خنجیلانەیە دەوڵەمەند بکەم و ئەو شوێنەی پێ پربکەمەوە کە پێویستی پێ هەیە .

بابەتەکە لەسەر ئەوە بنیات نراوە کە شاری هەڵەبجە و دەوروبەری خاوەنی دەوڵەمەندترین خەباتن لە گشت بوارەکاندا، تایبەتمەندی هەرە گرنگی خەباتی ئەوەیە کە لە سەردەمی دیموکراتیەت و جاردانی مافی مرۆڤدا، بەر شالاوی چەکی قەدەغە کراوی کیمیاوی کەوت، ئەم رووداوە ترسناکە و خەتابارە کە دوژمنانی کورد لەو شارەدا بە ئەنجامیان گەیاند و بەم هۆیەوە رووداوەکە گەیشتە گشت کونجێکی جیهانی و بەپیرهاتنەوەی بۆ ئەنجام درا، لە ئاکامی ئەو بەپیرهاتنەوەو چەندین تاوانی تری ئەو رژێمە دژی گەلی کوردستان لە تاوانەکانی (ئەنفال و گرتن و لەسێدارەدان و رەشەکوژی و وێرانکردنی گشت گوند و چەندین شارۆچکە و سوتاندنی زۆربەی باغ و بێستانەکان و رووداوی ئاوارەبوونی ملیۆنی خەڵکی کوردستان) سەرئەنجام

راپەرینی سەرتاسەری ١٩٩١ ی لێکەوتەوە، رژێمی فاشیستی سەدام حسین یان لە کوردستان دورخستەوە و ناوچەی ئارامیان بۆ کوردستان دیاری کرد و پاشانیش لە ناویان برد، پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزرا، دامەزراوەکانی کوردستان کەوتنە کار بە مەبەستی ئاوەدانکردنەوە و کارکردنی یاسایی و دارایی و کۆمەڵایەتی کە بتوانن بە خۆیان و هاوکاریە مرۆیەکانی جیهانی هەندێ قەرەبووی زیانلیکەوتوەکان بکەنەوە، سەرچاوەی گرنگی ئەم کارەش ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستانە کە یاسا و بریارەکانی لێ دەردەچێ، لەلایەکی تریشەوە دەزگای جێ بەجێ کردنیش کە حکومەتی هەرێمە دەوری کاریگەری راستەوخۆی هەیە لە جێ بەجێ کردنی یاسا و بریارەکان، لێرەدا دەمانەوێت بزانین هەڵویستی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان بەرامبەر ئەو تاوانە گەورەیەی کرایە سەر شاری هەڵەبجە چی بووە، من وەکو ئەندامێکی پەرلەمان کە لە بەشێکی چەند ساڵەی ماوەی پەرلەمان بەشداریم کردووە، دەمەوێت ئەوەندەی ئەو باس و یاسا و بریارانەی پەیوەستن بەو کارەساتە و شاری هەڵەبجە و دەوروبەری بیانوسمەوە و سەرچاوەکەش تەنها ئەو دیکۆمێنتانەیە کە لە دووتوێی چەندین کتێب بە ناوی (پرۆتۆکۆڵەکان) تۆمار کراون، لە ماوەی خولی یەکەمی پەرلەماندا (٣٤) دانە بە چاپ گەیشتووە، لە درێژەی کاری پەرلەمانی خولی دووەمیشدا بەردەوامی هەیە .

پێشەکی ئەمەوێت پێناسەیەکی هەڵەبجە و دەوروبەری بکەم کە مەبەست لە سنوری گشت ناوچەکە دەکات .

* هەڵەبجە ئەو شارەیە کە دەست لەملانێ ی لەگەڵ کێوە بەرزەکانی هەورامان و شنروێ و بالاٌمبۆ و سورین کردوە .

* هەڵەبجە ئەو شارەیە کە دەشتی بەرین و بە پیت و بەرەکەتی شارەزوری لە باوەش گرتوە وهەردوو چەمی جوان و سازگاری سیروان و زەڵمی پیدا دەروات .

* هەڵەبجە ئەو شارەیە کە لە دانیشتوە سەربەرزەکانی (سیانزە ماڵەو بەگزادەکان و هەورامیەکان و شارەزوری و نەورۆڵی و تاوگۆزی و لاورانی وکۆکۆی و شیخەکان و ئیناخی و کلاشی و زەردۆی و هاواریەکان) پێکهاتوە و دروستیان کردوە وپێکەوەش سزای بەکۆمەڵ دران و بە گازی کیمیاوی خنکێندران .

* هەڵەبجە ئەو شارە رۆشبیر و پیشکەوتوەیە کە لە دایك بون و نیشتەجێ بوونی چەندین کەسایەتی شاعر و رۆشەن فکرو ناودار و شۆرشگێر و نیشتیمان پەروەری تیدا هەڵکەوتوە .

بۆیە ئەگەر شارێك و کەسایەتیەکەی و ناو ناوبانگی و نیشتیمان پەروەری و سزادانی لە لایەن رژیمی دەسەلآتداری خۆیەوە بە بەهیز ترین جۆری چەکی یاساغی نێونەتەوەی، پر بە پیستی خۆیەتی کە چەندین جار و بەگشت شێوە و شێوازیك لاپەرەکانی مێژوو لە خەبات و خۆفیداکاری ئەو شارە و دەوروبەری پر بکریتەوە بۆ ئەوەی بۆ هەموو دنیا ئاشکرا بێت کە ئەم شارە چییە و چۆن بووە و چوون غەدری لی کراوە، بۆیە منیش لە لای خۆمەوە و بەپێ توانای خۆم ئەم بابەتە کە لەسەر جۆری پەیوەندی هەڵەبجەو پەرلەمان دەدوێت بخەمە بەردیدی خوینەرانی ئازیز بەو هیوایەی سودی هەبیت .

بۆ نوسینی ئەم بابەتە پێویست ئەکات بە هەندی گەرانەوە بۆ مێژوو، لەو میانەشدا مێژووی هەڵەبجە، تەنها بەمەبەستی وە بیر هینانەوە دەچمە ناو میژووی دووری کوردستان و پاشان باس لە مێژووی نزیك کە لەپیش هاتنە سەرحوکمی کۆماری لە ساڵی ١٩٥٨ و پاش ئەوەش هەتا ئیستا .

# باروو دۆخی کورد پیش دروست بونی کۆماری عێراق

گەلی کورد وەکو هەموو ئەو گەلانەی سەر زەوی یەزدانی مەزن دروستی کردوە، مێژوویەکی دوور و دیاری هەیە، شوێنی نیشتەجێ بوونی دیاریە و شوێنەواری دێرینی هەیە، کەلتور و فەرهەنگ و ناسنامەی تایبەتی خۆی هەیە، زمانی تایبەتی و مێژووی خۆی هەیە، لەگەڵ ئاینەکانی ئاسمانیدا تێکەڵاوی هەبوە بەتایبەتی لەگەڵ ئاینی پیرۆزی ئیسلام، هەر بە سەرهەڵدانی ئەم ئاینە ئەگەر نەتەوەکانی تر بە زۆر و شەر کرابنە ئیسلام بەڵام نەتەوەی کورد بە رەزامەندی خۆی بوەتە ئیسلام و دەوری باشیشی لە بڵاوبونەوەی ئەو ئاینە هەبووە و مێژووی ئیسلامیش بە چاکی باس لەسەر ئەمە ئەکات، بەڵام بەداخەوە شوێنی نیشتەجێ بوونی دەکەوێتە نیوان سێ (٣) نەتەوەی تر کە (عەرەب و تورك و فارسە)، نەتەوەی کورد بەپێ هەندی سەرچاوە کۆنترە لەو نەتەوانەی تر و شوینی نیشتەجێ بوونیشی بە هەمان شێوە، بە هۆی شەرو هێرشی ئەو نەتەوانە بۆ سەر کورد چەندین خیزان و کەسایەتی هەڵهاتوون بۆ شوینانی تر کە ئیستا لە زۆر شوینی دونیا کورد هەیە، بەهۆی تایبەتمەندی شوێنەواری کورد و گورجوگۆڵی و ئازایەتی و بەپیت و بەرەکەتی خاکەکەی و بونی سامانی سروشتی لە رووی ئابوریەوە، هەمیشە نەتەوەکانی دراوسێ بە پێ ئەو دەسەڵاتەی کە بویانە هیرشیان بۆ هێناوە، ویستویانە لە نیشتیمانی کوردستان دەریان بکەن و خاکەکەیان داگیر بکەن، بۆیە گەلی کورد هەمیشە لە باری بەرگریکردندا بووە و ئازایانە روبەروی ئەو هیرشانە بوەتەوە، زۆر جار وا رێکەوتوە و هەلی بۆ روخساوە دەسەڵات بگریتە دەست لە چەند ناوچەیەکدا، بۆ روخاندنی ئەو دەسەڵاتە چەندین جار دەسەڵاتدارانی

نەتەوەكانی تر رێكەوتنیان لە نێوان خۆیاندا كردوە دژ بەو دەسەڵاتەی كورد و پەلاماریان داوە و لەناویان بردوە، ئەم بارودۆخە چەندین ساڵ دوبارە و سێ بارە بوەتەوە، گەلی كورد لەوروەوە زۆر ئەزیەت دراوە و توشی ناهەمواری و پەراكەندەیی بووە و هەندی جاریش بە هۆی تەماح و پێدانی چەك و پارە چەندین خەڵكی كوردیان لە دژی ئەو دەسەڵاتە دروست كردوە و بە گژیاندا داوە، بە واتا كوردیان بە كورد بەشەر داوە، تا كۆتای شەری جیهانی یەكەم كە هاوولاٚتی كوردیش لەو شەرە بێ بەش نەبوە، هەندێكی كەوتوەتە بەر دەسەلاٚتی عوسمانیەكان و هەندێكی تری بەر دەسەلاٚتی فارسەكان، پاش شەری جیهانی یەكەم و دابەش كردنی خاك بەسەر وولاٚتانی داگیر كەر، ئەوسا كورد دیسان بەسەر هەر سێ نەتەوەی دراوسێ دا دابەش كرا (عەرەب و فارس و تورك) بە شێوەی فەرمی بۆ ئەو دەوڵەتانە نەخشەی تازەیان بۆ دروست كراوە لە عصبەت الامم تۆمار كراوە، كە ئەویش وولاٚتانی عێراق و ئێران و توركیا و سوریا بوون كە گەلی كورد بەسەریاندا دابەش كرا، ئەو كاتە یان بە شێوازیكی تر لە سەردەمی شەری جیهانی یەكەمدا گەلی كورد دەسەلاٚتیكی وای نەبوو كە وەكو نەتەوەكانی فارس و تورك و عەرەب خاوەنی دەسەلاٚتدایەتی خۆیان بن و حكومەتیان هەبێ، بۆیە ئەوەی كە بەڵینی پێ درا مافی نەتەوایەتی هەبیت تەنها ئەو بەشەی گەلی كورد بوو لە بەشی كوردستانی عێراقی تازە و بەپێ بەڵێن و بریارەكانی ئەوسای عصبەت الامم دەبو گەلی كورد لە عێراق مافەكانی لە دەستوردا دیاری بكریت و هاوبەشی گەلی عەرەب بیت، بەلاٚم شۆفیەنیەتی عەرەبەكان گوێیان بۆ ئەو بریار و بەڵینانە نەدا، هەندێ كەسایەتی كورد یان لە چەند شوێنێك دانا و لە هەڵبژاردنەكانی ئەنجومەنی نوینەران چەند نوینەریك دیاری كران، ئەمەش بە ویست و ئارەزوەكانی گەلی كورد نەبووە، تەنها بۆ مەبەستی راست كردنەوەی

بەشداری کردنی گەلی کورد بووە لە دەسەلأت دا، گەلی کورد کە هەمیشە جگە لە بەرگری کردن هەوڵی خەبات و تێکوشانی هەبووە بۆ گەیشتن بە مافەکانی بەتایبەتی پاش ئەوەی بەڵینی پیێ درا و جیێ بەجیێ نەکرا، ئەم کێشەیە رۆژ لە دوای رۆژ لە ناخی خەڵکی کوردا پەرەی دەسەند و هەوڵی بۆ دەدرا کە ئەو مافە پێویستە بە کورد بدرێت، لەم پێناوەدا چەندین شۆرش لەم ناوچە و ئەو ناوچەیە سەریان هەڵدا و هەریەکەیان بە ئەندازەیەك خەبات و تێکۆشانی گەلی کوردی بە جەماوەری کورد و دوژمنانی ناساند، بوە مێژویەك بۆ گەلی کورد، لە لایەکی تریشەوە بۆ هەمان مەبەست بە هەوڵی چەندین کەسایەتی دیار و روشەنبیری کورد چەندین پارتی سیاسی دروست بوون کە داوای مافی گەلی کوردیان دەکرد، بەلأم بەداخەوە ئەو شۆرشانە و ئەو پارتانەش کە لەو کاتانەدا دروست دەبوون ناوچەیی بوون و ناوچەکانی تر یان لیٚ بیێ ئاگابوون یان هاوکاریان نەئەکردن، بۆ نمونە دروست بوونی دەوڵەتی مەلیکیەتی کوردستان بە سەرۆکایەتی مەلیك شیخ محمودی حەفیدی نەمر تەنها لە سلیمانی بوە، بۆیە سەرکەوتو نەبوو، لە پاش کۆتای هاتنی شەری دووەمی جیهانی و لێدانی شۆرشی بارزان و ئاوارە بوونی شۆرشگێرەکانی بارزانی بۆ ئێران و بەشداری کردنیان لە دروست بوونی کۆماری کوردستان لە مهابادی ئێران و دروست بونی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق بە پێشنیاری سەرۆك مەلا موستەفای بارزانی، باری رامیاری گەلی کورد لە کوردستانی عێراق گۆرانێکی باشی بەسەردا هات و گشت ئەو پارت و ریکخراوانەی کوردی کە هەبوون لە عێراق پەیوەندیان بەو پارتە تازەیەوە کرد و لە رێگای ئەو پارتەوە داواکاری گەلی کورد یك خرا و بوە پارتێکی سەرتاسەری بۆ کوردستان و ئەمەش بەشێوەیەك بوو کە نەك تەنها بۆ کورد بیێ بەڵکو بۆ هەمو کوردستانیەك بوو، بۆیە خەڵکی نەتەوەکانی تری نیشتەجی کوردستان وەکو

**تورکمان و مەسیحیەکانیش بەشداریان تێدا کرد، ئەم پارتە لە ساڵی ١٩٤٦ دامەزرا و خەباتی کرد بە نهێنی و بوە پێشرەوی گەلی کوردستان هەتا روخانی رژێمی پاشایەتی و هاتنی دەسەڵاتی کۆماری بە سەرۆکایەتی عبدالكريم قاسم، گەلی کورد هەرچەندە بە فەرمی شێوەی مافی لە دەستور و یاساکانی عێراقدا تۆمار نەکرابوو بەڵام بەو شێوە دورندەیەش کە لەم دوایەدا دەرحەقی دەکرا وا نەبوو .**

## بارودۆخی کورد پاش هاتنی دەسەڵاتی کۆماری

**لەبەر ئەوەی لە کودەتای ١٤ ی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨ دا کە لە لایەن چەندین ئەفسەری دەرەجەداری بەرزی سەربازیەوە ئەنجام درا و چەندێك لە وانە ئەفسەری کورد بوون و بەشداریان کردبوو، جگە لەمەش تاکە پارتە سیاسیەکەی کورد کە پارتی دیموکراتی کوردستان بوو ئاگاداری ئەو کودەتایە بوو، دەسەڵاتدارانی تازە هەڵگری بەرنامەی دیموکراتی و ئازادی بیرو رای جەماوەری بوون، بۆیە گەلی کوردیش لە کۆت و بندەستی زورداران رزگاری بوو بوو و خۆی بە ئازاد ئەزانی وەکو هەموو خەڵکی عێراق، ئەو دەست کەوتانەی دەستی کەوتن بەم بۆنەیەوە ئەمانەی لای خوارەوە بوون :**

**١- ئازادی را دەربرین و باس کردن لە مافەکانی کورد لە ریگای کۆر و کۆبونەوەی جەماوەری**

**٢- رێگادان بە پارتی دیموکراتی کوردستان بە ئازادانە کار لە ناو جەماوەرەکەی خۆی بکات و بە فەرمی موڵەتی کارکردنی وەرگرت، رۆژنامەی بە فەرمی و بە زمانی کوردی دایك دەردەکرد .**

٣- لە دەستوری عێراقدا گەلی کورد کرایە هاوبەشی گەلی عەرەب لە عێراقدا و ئەمەش لە خاڵی سێ دەستوردا تۆمار کرا .

٤- رێگا درا بە رێکخراو و یەکیەتی و سەندیکاکانی جۆراوجۆری کوردی بۆ خۆ رێکخستن و کاری ئازادانە .

٥- رەزامەندی و بانگێشتی مەلا موستەفای بارزانی و هاوەڵەکانی بۆ گەرانەوەیان لە ئاوارەی کە ماوەی یازدە ساڵ لە وولاتی سۆفیەتی ئەوسادا بوون، گەرانەوە و پێشوازی فەرمی و گەرم و گوریان لێ کرا .

ئەوانەو چەندین دەسکەوتی تر کە گەلی کورد بەو بۆنەیەوە بەدەستی هینا و بۆە مایەی خۆناسین بە گەلانی تر چ لە عێراق و چ لە دەرەوە دا، ئەم ئازادی و خۆشی و کامەرانیە چوە ناو گشت خیزانێکی کورد لە گشت گوند و شارو شارۆچکەیەکدا، رۆژەکان بە خۆشی و سەیران و گورانی و هەڵپەرکی بەرێ ئەکرا، لە بۆنە تایبەتیەکانی کوردەواریدا جەماوەر کۆدەبونەوە و کۆرو کۆبونەوەیان دەگیرا، جەماوەر لە رێگای پارتیەوە زیاتر لە ماف و ئەرکەکانی و تێکۆشان بۆ بەدیهێنانی ئاشنا بوو، گروو تینێکی زۆری پەیدا کرد، هەر بە ساردبونەوەی هەڵویستی رژیم بەرامبەر بە دۆزی کورد، جەماوەر کەوتە خۆ ریکخستن و ئامادەکاری بۆ روبەروبونەوەی هەر ئەگەریك، ساردیەکانی رژیم وای لێ هات کە مادەی (٣)ی دەستور پێشێل بکات، ئەم هەڵوێستەی رژیم خەڵکی کوردی تورە کرد، پارتی دیموکراتی کوردستان پیی وابوو ئەو کێشەیە بە رێگای دانوستاندن جێ بەجێ دەکرێت، بەلاّم خەڵکی کوردستان بە هەڵوێستی کوردانەی خۆی و خۆ بەخشانە چەکی کردە شانی و کۆمەڵ بە کۆمەڵ چونە پێشەوە و سەنگەریان لە دژی هێرشی سەربازی رژیم گرت، ئەوەندەی بۆ ئەم نوسینە پێویستە تەنها باس لەو شوێنانە بکەین کە پەیوەستن بە بابەتەکەمانەوە، ئەویش شاخ و بەرزایەکانی دەوروبەری بازیان و

بەردەقارەمان  و شاخی دەربەندیخان بوو کە جەماوەری پاڵەوان و نیشتیمان پـــەروەری ســــنوری پارێزگـــای ســـلیمانی بـــە چـــەکی خۆیـــان و گـــشت پێداویستیەکانی شەرەوە چوبونە روو بەروو بونەوەی دوژمن .

## هەڵوێستی هەڵەبجەیەکان

لــیرەوە ئــیتر باســەکەمان روو لــەو ناوچــەو شــوێنە دەکــات کــە مەبەســتی بابەتەکەمانـە کـە ئـەویش ناوچـەی هەڵەبجەیـە و بـەم شـێوەیەی لای خـوارەوە دەستی پێ ئەکەین :

١-	هەڵەبجەیەکان وەکو هەموو کەسایەتیەکی کورد بەشداری لەو هـەموو ئاڵوگۆڕانــەدا هــەبووە کــە لــە بەشــەکانی ســەرەوەدا باســمــان لی کــردووە بــە شێوەیەکی بەرچاو . وەکو بەشداری کردن لە رێپێوان و خۆ پیشاندان و چونە ریزی پارتی لە سەرەتاکانی دامەزراندنیەوە بە شێوەیەکی زۆر باش ، نوسینی بابـەتی سیاسـی و هەڵبەسـت دانـان لەلایـەن کەسـایەتیە نوسـەرو شـاعیرەکانی ئەو سنورەوە .

٢-	هـەر زوو ئاگـادار بـوون لـە نیـازی بۆگـەنی رژێمـی قاسـم کـە هـێرش دەکاتـە سـەر کوردسـتان، ئـەوا دەسـتە دەسـتە و لەشـیوەی خۆریکخـستنێکی جـوان بـە چـەك و پیداویـستیەکانی شـەر خۆیـان ئامـادە کـرد و چـونە نـاو سەنگەرەکانی شاخی دەربەندیخان و بە هەستی کوردایـەتی و بـەرگری کـردن لە نیشتیمان خۆیان بۆ رووبەرووبونەوەی هێرشی سوپای دوژمن ئامادەکرد، چەندین کەسایەتی تـری خۆبـەخش هاوکاریـەکانی پشتیوانی ئەو جەنگـەیان کۆئــەکردەوە و دەیانگەیانــدە هاوەڵــەکانیان لــە بــەرەی شــەر، ئەوەنــدەی لــە توانایاندا بوو لەگەڵ سوپای دوژمن بەشەر هاتن، بەڵام هەر کارێکی لەم جۆرە

بەبی ریکخستنیکی تۆکمە و سەرکردایەتیەکی خاوەن دەسەلأت و هاوکاریەکی تەواوەتی، ئەوا ئاکامی هەر شکست هێنانە و توانای کەمە بۆ گەیشتن بە ئەنجام، بۆیە هیرشی دوژمن لە توانای ئەوان زیاتر بوو و بەرگریەکە بەردەوامی کەم بوو، دوژمن شاخەکەی گرت و چەکدارەکان بلأوەیان کرد، تا ئەم کاتەش پارتی هێشتا بریاری دەست پیٚ کردنی شۆرشی نەدابوو، هەندی لە کادر و ئەندامانی پارتیش بەهۆی هەستی کوردایەتیان بەشداریان لە شەرەکەدا کردبوو، دوژمن کە دەستی بەسەر ناوچەکەدا گرت کەوتە راونانی ئەوانەی کە بەشداری شەری دەربەندیخان یان کردبوو، هەندیکی لیٚ گرتن و رەوانەی شارەکانی تر کران و هەندیك دورخرانەوە، کادر و ئەندامانی پارتی خۆیان شاردەوە و دەستیان بەخەباتی نهێنی کرد لە ناوچەکە

٣- پاش ئەوەی پارتی بۆی دەرکەوت کە دانوستاندن لەگەڵ رژیم بیٚ سودە و رۆژانە سوپاکەی کەوتوەتە سوتاندنی گوند و باغ و بیستانەکان و خەڵکی بێتاوان دەگری و نیازی هێرشی بۆ سەر چەندین ناوچەی کوردستان بە ناوچەی بارزانیشەوە هەیە، بۆیە بریاری هەڵگرتنی چەکی دا بە مەبەستی بەرگری کردن لە کورد وکوردستان و لە رۆژی ١٩٦١/٩/١١ بە بریارێکی تایبەتی ئەوەی راگەیاند و ئەو رۆژە بووە یەکەم رۆژی بەرپا بوونی شۆرشی کوردستان بە ناوی (شۆرشی ئەیلول)، جەماوەری کوردستان بەم ئاگاداریە هەر لە زاخۆ هەتا خانەقین ئەوەی توانای چەك هەڵگرتنی هەبوو دەستی دایە چەکەکەی و چوە ناو ریزی لەشکری شۆرشگێری کوردستان کە بۆ ئەم مەبەستە دروست بوبوو، دروشمی (کوردستان یان نەمان) یان بەرز کردەوە و ئازایانە کەوتنە وێزەی دوژمنە داگیرکەرەکانی کوردستان و بە چەند رۆژیك توانیان خۆیان ئاشکرا بکەن و گورزی توند لە دوژمن بوەشێنن و چەندین

ناوچە یان لە دوژمن پاك کردەوە، کادر و ئەندامانی پارتی و خەڵکی دڵسۆز و نیشتیمان پەروەری هەڵەبجەش هەرزوو ئەوانەی خۆیان لە دۆژمن حەشار دابوو خۆیان ریکخست لە ریزی لەشکری شۆرش گێری کوردستان و لە شێوەی لق و پەل و دەستە تەشکیلاتی خۆیان تەواو کرد و کەوتنە پەلاماردانی مەخفەرەکان و بەهۆی پۆلیسە کوردە ئازاکانەوە توانیان چەندین لەوانە بگرن، ناوچەکە ئازاد بکەن، ئەتوانین بڵێن کە پێش دەست پیٚ کردنی شۆرشیش لەو ناوچەیە خەڵکی لە رژیم یاساغ بوون و چەکیان هەڵگرتبوو .

٤- لەگەڵ لەدایك بوونی شۆرش ئەوەی توانای شۆرشی هەبوو چوە ریزی لەشکری شۆرشگێری کوردستانەوە لە لایەکی تریش هەڤالاٚن و کادیرانی پارتی لە رێکخستنەکانی ناوچە و رێکخراو و شانەکانی حزبی خۆیان رێکخستبوو و هاوکار و پشتیوانی برا پێشمەرگەکانیان بوون، نازناوی پێشمەرگە ئەو ناوە بوو کە پاش هەڵگیرسانی شۆرش بە بریارێکی سەرکردایەتی بە برا چەکدارەکان درا، ئەم نازناوە پر بە پێستی خۆی بوو لەبەر ئەم هۆیانەی لای خوارەوە :

أ – دوژمنەکانی کورد بە چەتە و یاخی بوو ناویان دەهێنا .

ب – لە سنوری ناوچەکانی کوردستان ناوێکی تایبەتی نەبوو و هەر ناوچەش بۆخۆی بە ناوێکی تایبەتی ناو لە چەکدارەکان دەنرا .

ج – لەبەر ئەوەی شۆرشی ئەیلول لە شێوازی ناوچەیەوە گۆرابوو بۆ شۆرشێکی سەرتاسەری لە کوردستاندا، بۆیە پێویست بو کە ناوێکی تایبەتی و سەرتاسەری هەبیت و ئەو ناوەش جوانترین و پیرۆزترین ناو بوو کە گەلی کورد تا ئیستاش شانازی پێوە ئەکات و گەورەو بچوك، دەوڵەمەند و هەژار، خویندەوار و نەخویندەوار، خەڵکی شار و لادیٚ، بە پیرۆزترین ووشە و نازناو

داوای بۆ ئەکرد، وای لێ هاتبوو کە ئەگەر یەکیك بیویستایە ببێتە پێشمەرگە دەبوو چەند مانگێك خزمەتی تری بکردایە ئەنجا دەبووە پێشمەرگە .

٥ – پێشمەرگەکانی سنوری هەڵەبجە هەر وەکو لەسەرەوە باسم کرد هەر زوو ناوچەکانی هەورامان (جگە لە جادەی گشتی نێوان سلیمانی – هەڵەبجە) گشت گوندەکانی شارەزوری ئەمبەری چەمی زەڵم و نەورۆڵی و تاوگۆزی و شەمیران و لاوران و کۆکۆی و سازان و دەروبەریان ئازاد کرد، بنکەو بارەگای پێشمەرگەو حزب دانران، ئەمانە تێکەڵ بە هاووڵاتیانی ئەو سنورانە بوون و هەمیشە وەکو برا و کەسوکار تەماشای یەکتریان ئەکرد، بەرگریان لەو سنورانە ئەکرد و رێگایان بە دوژمن و سیخورەکانی نەدەدا جارێکی تر ئەو سنورانە بشکێنن، جار لەدوای جار گورزی کوشندەیان لە دوژمن دەدا بۆیە دوژمن هەمیشە لە بون و ناویان دەترسا، چەندین نەبەردی شۆرشگێری باشیان تۆمار ئەکرد، لەولاشەوە دەسەلاتداریەتی جەماوەرەکەیان بەشێوەیەکی جوان بەرێوە ئەبرد کە جێگای رەزامەندی جەماوەر بوو، جگە لەمانەش هاوکاری ناوچەکانی تریان ئەکرد و لەو پێناوەدا چەندین شەهید یان دا، ئەم شیوە ژیانە بەردەوامی هەبوو هەتا ساڵی ١٩٧٠ .

٦ – رژیم کە زانی بەشەر ناتوانی شۆرش لەناو ببات، هات بەپێ پلانێکی دارێژراو بۆ لێدانی شۆرش بە شێوازی ئاشتی، داوای گفتوگۆی لە گەڵ سەرکردایەتی شۆرش کرد و لەو گفتوگۆیانەدا گەیشتنە رێکەوتنیك کە مافی گەلی کورد بە شێوازی دەسەلاتی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان لە ماوەی چوار ساڵدا جێ بە جێ بکات، سەرکردایەتی شۆرش هیچ کاتی داواکاری ئاشتی بۆ چارەسەری کێشەی کورد بە رێگای گفتوگۆ رەت نەکردوەتەوە، بۆیە ئەو رێکەوتنەی لەگەڵ رژیم لە رۆژی ١٩٧٠/٣/١١ دا مۆر کرد، کورد و سەرکردایەتی شۆرش هەوڵی زۆریان دا کە لە ماوەی دیاریکراودا ناوەرۆکی

ڕێکەوتننامەکە جیٚ بەجیٚ بکرێت و کوردستان بە مافی ئۆتۆنۆمی خۆی بگات، بەڵام بەداخەوە ڕژێم بە بیری شۆفینیی و دیکتاتۆریەتی خۆی چۆن پیلانی بۆ ڕێکەوتنەکە دانابوو هەرواش کۆتای پیٚ هیناو و جارێکی تر لە ١٩٧٤/٣/١١ دا تاك لایەنە یاسای ئۆتۆنومیە کارتۆنیەکەی خۆی بلاٚو کردەوە، بەنارازی بوونی سەرکردایەتی شۆڕش بەو یاسایەی ئەوان، دەست بەجی دەستی دایەوە شەر کردن و هێرشی سەربازی بۆ سەر ناوچەکانی شۆڕش دەست پێکرد، ئەوەبو ماوەی ساڵێك شەرو پێکدادان لە نێوان هێزی پێشمەرگەکانی شۆڕش و سوپای عێراق بە توندی بەردەوامی هەبوو، ڕژێم هەر وەکو لە زاری جێگری سەرۆکی ئەوسای عێراق کە گۆربەگۆر سەدام حسین بوو، دانی بەوەدا نا کە سوپاکەیان توانای شەری نەماوە و تەنها چەند گولەیەکیان پیٚ ماوە، بۆیە ناچار دەستی دایە پیلانێکی تر دژی شۆڕش، ئەمجارەیان شۆرشی کوردی کردە قوربانی لە پێناو لەدەست دانی چەندین شوێنی سنوری فەرمی خۆی، ڕێکەوتنی لەگەڵ کۆنە دوژمنەکەی کە وولاٚتی ئێران بوو مۆر کرد بە ناوبژیوانی دەوڵەتی جەزائیر لە ڕۆژی ١٩٧٥/٣/٦ دا بلاٚوکرایەوە و ئەو ڕێکەوتنە بوە هۆی نسکۆیەك بۆ شۆرشی کوردستان و ڕاوەستاندی، گورزێکی گەورە بوو لە گەلی کورد درا، ئاواتەکان و ئەو هەموو ڕەنجو تێکۆشانەی کە لە ساڵی ١٩٦١ وە دابووی هەموو بە فیرۆ چوو، کورد و شۆرشەکەی توشی نەکسەو سەرلێشێواوی هاتن، کەس نەیدەزانی ژیانی دوا ڕۆژی خۆی دیاری بکات، هەندی گەرانەوە بۆ ژێر دەسەلاٚتی ڕژێم و هەندێکی تر لە ئێران ئاوارەی خوارو و ناوەراست و ژوروی ئەو وولاٚتە بوون، هەندێکی تر چونە ئەوروپا، ئەوانەی گەرانەوە چەندین خێزان ڕەوانەی شارەکانی خوارووی عێراق کران، ئایندەی هەموو ئەمانە چ لە ئێران و عێراق و ئەوروپا نادیار بوو، ڕۆژێکی ڕەش بوو هاتە پێشەوە بۆ خەڵکی کوردستان، هیچ

خێرخـــواز و مـــرۆڤ دۆســـت و دۆســـتەکان و وولآتـــانی زلهێـــز و ئەنجومـــەنی ئاسـایش و رێکخراوەکـانی مـافی مـرۆڤ لـەم روداوەدا لـە کوردیـان نەپرسـیەوە، هـیچ هاوکاریـەکیان نـەکرد، بـە تـەنها بـەجێیان هیـشت بـۆ قـەدەر، زۆری نـەبرد کەسایەتیە شۆڕشگێڕەکانی کورد بە چەند بیرو رای جیاواز کەوتنەوە شـۆڕش کـردن و بـە چـەندین نـاو (گـولآن و شۆڕشـی نـوێ) جـاری هەڵگیرسـاندنی شۆڕشیان دا و لـە ناهـەموارترین کـات و سـاتدا و لـە نێـوان سنوری هـەر سـێ وولآتـی داگیرکـەری کوردسـتان جـارێکی تـر ئاهێکیـان بـە جەسـتەی کـوردا کردەوە، هەرچەندە ئەم چەند بیروڕایانە لە چەند کاتی ناسکدا ناکۆك دەبوون بەڵآم گرنگی بەردەوامیان لەسەر خەبات و رێکەوتنیان دوا جار کارێکی بـاش و بە ئامانج بوو، راپەرین کـرا لـە سـاڵی ١٩٩١ و هەڵبـژاردنی پەرلـەمان ئـەنجام درا لە ساڵی ١٩٩٢ و حکومەتی هەریم دروست بوو، لەگەڵ ئەوەش پاش چەند ساڵیك جارێکی تر لە کوردستانی ئـازاددا نـا ئـارامی و شـەری براکـوژی رووی دا بـەڵآم بـەهۆی کـاری خێرخـوازان و هـەوڵو کۆشـشی سـەرکردەکانی کـورد جارێکی تر دەسەڵآتی کوردی یەکخرایـەوە، لـە سـاڵی ٢٠٠٣ دا رژیمـی عێـراق بـەهۆی پـەلاماری هێزەکـانی هاوپـەیمانی بـە سـەرۆکایەتی ئـەمریکا و بـە پـێ بریاری ئەنجومەنی ئاسایش نێونەتەوەی روخـا و گـەلی عێـراق لـە دەسـتی ئـەو رژیمـە دیکتـاتۆرە شـوفینیە رزگـاری بـوو، کـورد بـە شـێوازی فیدرالیـەت کـە لـە دەسـتوری عێراقـدا تۆمـار کـراوە مـافی گـەلی کوردسـتانی چەسـپاندوە، تـا ئیستاش خەبات ئەکات لە پێناو جێ بەجێ کردنـی یاسـاکانی تـری پێویـست بـۆ تـەواو کـردن و بـە ئـەنجام گەیانـدنی گـشت یاسـاکانی پەیوەسـت بـە دەستورەکە بۆ ئەوەی چیتر هێچ رژیم و لایەنێکی تر نەتوانێت مافەکانی کـورد پێشێل بکات، لە کاتی نوسینی ئەم بابەتە ئەو خەباتە بەردەوامی هەیە .

# خەبات و تێکوشانی هەڵەبجەیەکان بە درێژای شۆرش هەتا ئازاد بوونی کوردستان لە ساڵی ١٩٩١ دا

هەر چەندە لەسەرەوە چەند شتیکم لەسەر خەبات و تێکوشانی هەڵەبجەیەکان باس کردوە بە کورتی، بەلاّم ئەوەی کە پێویستە زیاتر باسی لێ بکریت بەم چەند خالاّنە باس لە خەبات و تێکۆشان و ئێش و ئازارەکانی ئەکەین بۆ ئەوەی پەیوەستی بکەین بەو ئاکامەی کە گەلی کورد پێ گەیشت لە ساڵەکانی نەوەدەکان و تا رمانی رژیمی دیکتاتۆری سەدام .

١- هەڵەبجەیەکان دەست پێشخەر بوون لە رووبەروو بونەوەی رژیمی قاسم لەساڵی ١٩٦١ دا کە نیازی هیرشی درنانەو کاولکاری بۆ سەر ناوچەکانی کوردستان هینا، ئەوە بوو لە دەربەندیخان و پاشان خۆ رێکخستن لە ریزی لەشکری شۆرشگێری کوردستان دا، پێشمەرگەکانی سنوری هەڵەبجە ناو و ناوبانگیان هەبوو لە رووبە رووبونەوەی هیرشی دوژمن و گورزی کاریگەریان لێ دەدا، بۆ هاوکاری سنوری ناوچەکانی تری کوردستان هەمیشە لە ئامادە باشیدا بوون و لە چەندین شەری دیار و بە ناوبانگدا دەوریان هەبووە، تەرمی پیرۆزی بەجێماوی پێشمەرگە گیان لەسەر دەستەکانی ئەم سنورە لە شاخ و دۆڵ و دەشتەکانی جیاجیای کوردستان شایەتی ئەو راستیەن، نمونەیەکی تری زیندوو لە ئازایەتی و خۆبەخشی لاوەکانی ئەم سنورە، هێشتا شۆرش بە تەواوەتی رانەگەیاندرابوو لە ساڵی ١٩٦١ دا هەرگیز نەمر و پاڵەوان (حمە کریم لاورانی) کە پاشان نازناوی بە (کریم عەرەب کوژ) ناسرا، هیرشی تەنهای و چەند کەسی دەکردە سەر سەربازگەکانی رژیم لە سنوری شاخی بەمۆ و خانەقین و گورزی کوشندەی لە دوژمن دەدا، هەروەها لە سەردەمی شەری جەماوەر و رژێم لە شاخی دەربەندیخان، لە کاتێکدا فرۆکە جەنگاویەکانی رژێم بۆردومانی ناوچەکانی

دەوروبەری شاری هەڵەبجەیان ئەکرد، خوالیخۆشبو کاك عبدالله کە ناسراو بو بە (عبە کەچەڵی حەماڵ) بە چەکەکەی کە چەکی تاپر بوو بە هەموو ورە بەرزیەکەوە دەیتوانی رووبەرووی دوژمن بێتەوە تەقەی لە فرۆکەکان دەکرد، زۆرن ئەو پاڵەوانانەی ئەو سنورە و من نامەوێت لێرەدا ناویان بێنم کە پێویستیشە ناوی ئەوانە لە یاد نەکرێن و لە کات و شوینی خۆیدا یەکەیەکە باسیان بکرێت چونکە مێژووی کورد پێویستی بەو پاڵەوانانە هەیە کە لای خۆی توماریان بکات .

٢- بەهۆی هەڵویستی نیشتیمان پەروەری جەماوەری سنوری هەڵەبجە و بەشداری چالاکانەیان لە شۆرش و زۆر بەکەمی هاوکاری رژیمیان دەکرد، بۆیە دوژمن هەمیشە لە بیانودا بوو کە هێچ کات رەحم بە هەڵەبجەو هەڵەبجەیەکان نەکات، ئەوەی بۆی کرا بێت دژی ئەوان کردویەتی و هەر کاتە و بەپێ کات و زەمانی خۆی، لەبارەی گرتن و بێ سەروشوێن کردن و لە سێدارەدان و کوشتنی ئاشکرا و زیندانی کردن و گواستنەوە بۆ خواروی عێراق و کاول کردن و خانو روخاندن بە شێوەی گەرەك و تێکدانی گوند بەتەواوەتی و وشك کردنی باغ و بیستان و هەرجۆرە سزایەکی بە کۆمەڵ و تاك هێچ کاتی دەستی نەپاراستوە، هەتا لە پیاوانی خۆشی کە هەڵەبجەیی بوە کوشتوە، بە فرۆکەو تۆپ باران بەبی ئەندازە بۆردومانی خۆی کردوە، یاساغ ترین چەکی جیهانی لەسەر گیانی هەڵەبجەیەکان تاقی کراوەتەوە، وەکو ناپالم کە لەساڵی ١٩٧٤دا و دواتریش چەکی قەدەغە کراوی نێودەوڵەتی کیمیاوی و دەرمانی کوشندەی تر لە ١٩٨٨/٣/١٦ دا بە توندترین شیوە بەکاری هێناو و بوە هۆی شەهید بوونی پێنج هەزار کەسیی بێتاوان و بریندار کردنی زیاتر لە دە هەزار و کاول کردنی چەند هەزار خانو بەرەی هاووڵاتیان، ئەم کردارە دووەمین کرداری جیهانیە کە لە یەکەمین جاردا

لـە هێرۆشـیما و ناکـازاکی بـەکار هـاتوە و پـاش ئـەوە بەشـێوەی فـەرمی لـە ئەنجومـەنی ئاسـایش نیونەتـەوەی یاسـاغ کـراوە، جـەماوەری ئـەم سـنورە بەگشتی ئـەوەی پاش کیمیاباران بـە زینـدویی مایـەوە بـە بـێ هـیچ شتێك و دەستی بەتاڵ ئاوارەی ووڵاتی ئێران بوون، بە پـێ لیبوردنـەکانی ساختەکاری رژێم چەند خێزانیك گەرانـەوە بۆ عێراق، ئەوانـەش بەر پرۆسە بەدناوەکـەی ئەنفال کەوتن و تا ئیستاش بێ سەرو شوێنن، شاری هەڵەبجە پاش کیمیا بارانەکەی سزایەکی تری بەسەردا درا ئـەویش خرانـە نـاو نەخشـەی داخـراو و قەدەغە کراو لـە دانیشتن و هاتوچۆکردنی، شارۆچکەیەکی تریان لـە گونـدی مالوان لە شارەزور کردەوە و ناویا لێ نا هەڵەبجەی تازە و بە زۆر ئـەو خەلکـەی سـەر بـەو سنورە بوون تیایا نیشتەجی کران و قەدەغـە بۆ هەڵەبجەیـەکان لـە شاری سلیمانی و شارۆچکەکانی تری دەورەبەری ئـەو شـارە نیشتەجێ بن، ئەوانەی بە لێبوردنەکان دەگەرانەوە رەوانەی گوندی (بەر حوشتر لای بەحرکە) لە سنوری هـەولێر و کۆمـەڵگای (باینجـان) لـە نزیك بازیـان سـەر بە پارێزگـای سـلیمانی کـران، هـێچ کەسـیك لەوانـە رێگایـان پـێ نەئـەدرا بگەرینـەوە سـەر فەرمانبەریـەکانیان، زۆر جـار ریگـای هاتوچـۆیان لێ قەدەغـە دەکـرا، جێگـای خۆیـەتی لێـرەدا سوپاسـی خـەڵکی بەشـەرەفی شـاری هـەولێر و دەوروبـەری بکەین کە مەردانە زۆر هاوکاری ئەو خەڵکانەیان کردوە لەو کاتانەدا .

٣- ئەوە بارودۆخی جەماوەری بەئەمەك و نیشتیمان پەروەری سنوری هەڵەبجە بووە هەتا راپەرینـە مەزنەکـەی بەهاری ساڵی ١٩٩١، قوربانیـەکان و زیانـەکانی ئـەم سـنورە زۆرن و پـێم وایـە تـا ئیـستاش بەتـەواوەتی سـەرژمێری نەکراوە .

٤- هەڵەبجەیـەکان لـە شارۆچـکەی تازەیـان کـە وەکـو سـەربازگەیەکی نەخشە بۆ کیشراو دروست کرا بوو، لەوێش بە پشتیوانی هێزی پێشمەرگەی

بەرەی کوردستانی و ئەو چەکدارانەی رژێم کە لەوێ بوون لە رۆژی ١٩٩١/٣/٩ دا راپەرین لە دامودەزگاکانی رژێم روویدا و شارۆچکەکەیان پاك کردەوە، رۆڵەکانی قۆڵیان کرد بە قۆڵی براکانیان کە لەشاخە سەربڵندەکانی کوردستانەوە و لە ئاوارەی گەرابوونەوە بۆ لایان بە مەبەستی هاوکاری کردنی جەماوەری شارو شارۆچکەکانی تری کوردستان بۆ رزگار کردنی، شایانی باسە کە پۆلێك لە رۆڵە قارەمانەکانی هەڵەبجەیی بەشداری رزگارکردنی شاری باوەگورگور (کەرکوك) یان کردو لە شەری سەربازگەی خالید بەشدار بوون و لە شەرێکی دەستە و یەخەدا لە گەڵ دوژمن چەند پاڵەوانێك شەهید و بریندار بوون کە تەرمی پیرۆزی شەهیدەکان لەناو ئەو سەربازگیەدا بەجێمان، لە کاتی رەوە جەماوەریەکەدا کە لە کۆتای مانگی سێ دا رووی دا، هەڵەبجەیەکان زۆربەیان روویان لە شارە کاول و روخاوەکەیان کردەوە، شارێکی ویران و تاکوترا خانوی بەپێوەمابوو، جادەو کۆڵانەکان تێك درابوون، بە نارەحەت هاتوچۆیان پێدا دەکرا، هێزی هاوپەیمانان چرای سەوزیان بۆ رژێمی سەدام هەڵکردبو کە رێگا بە کورد نەدات لە کەرکوك بمێنێتەوە، بۆیە خەڵکی کوردستان مەترسی زۆری لە سوپای رژێم هەبوو کە چۆن تۆڵەی شەری ئێران – عێراقی لە هەڵەبجەیەکان کردەوە ئەواش تۆڵەی راپەرین لە گشت کوردێك بکاتەوە، بۆیە رەوی جەماوەری دروست بوو و خەڵکی بەرەو سنورەکانی ئێران و تورکیا دەرۆشتن، خەڵکی هەڵەبجەش جارێکی تر ئاوارە بوونەوە بۆ ئێران، هەندێکی لە چەند گوندێکی دەوروبەری شار مانەوە و پاش ئەوەی دڵنیا بوون لەوەی کە پاراستنی هەرێمی کوردستان لەلایەن هاوپەیمانانەوە دەستی پێ کرد ئەوا وردە وردە خەڵکی گەرانەوە کەلاوەکانیان و دەستیان کرد بە پاك کردنەوەی خانوەکان و تیایا نیشتەجێ بوون، بەم شێوەیە خەڵکی وردە وردە گەرانەوە و دەستیان بە پاککردنەوەی شارەکەیان کرد و تەرمی

شەهیدەکانیان لە هەندی شوێن کە بە پەراکەندەی و لە کاتیکی نا ئاسایدا خرابوونە ژێر خاك جارێکی تر کۆکرانەوە و لە چەند گۆرستانیکی دیاری دا بە خاك سپێرانەوە، ژیانی هەڵەبجەیەکان جارێکی تر لە شارە وێران و کاول بووەکەیاندا دەستی پیٚ کردەوە و ئەوانی تریش کە لە ئاوارەی لە ئێران مابونەوە ئەوانیش گەرانەوە جێگای خۆیان، لێرەوە مەبەستی ئیمە لەم نوسینە دەست پیٚ دەکات کە چۆن ئەو زوڵم و زۆرداریيەی رژیمی فاشی سەدام کە بەرامبەر گەلی کورد و بەتایبەتی جەماوەری دەڤەری هەڵەبجەی کردوە بۆ دۆستان و ماف پەروەران و خێرخوازان و وولاٌتانی زلهێزی دونیا و ئەنجومەنی ئاسایش نێونەتەوەی بە دیار کەوت بە چاوی خۆیان ئاسەواری بۆردومانی چەکی قەدەغەکراوی نێونەتەوەی یان بینی .

## هۆکارەکانی بەرپا بوونی را پەرین و ئازاد بوونی کوردستان

لە ساڵی ١٩٩٠ دا لە کاتێکدا کە بارودۆخی کوردستان لەو پەری ناخۆشی و نائارامی و نادیار دا بوو، زۆربەی جەماوەری کوردستان بەر شالاٌوی ئەنفالی بەد ناو کەوتبوو، دوا رۆژی ئەوانەی گیرابوون دیار نەبوو، گوندەکان وێران و چۆڵ کرابوون، هەندی شارۆچکەش بەهەمان شێوەی بەسەردا هاتبوو، باقی شارو و شارۆچکەکانی تر هەمووی خرابوونە ناو بازنەی داخراوەوە، بە واتا (مغلق)، قسە هەبوو کە سەرکردایەتی پارتی بەعس لەگەل حکومەتەکانی سودان و چەند حکومەتێکی تری ئەفریقی رێکەوتوون کە جێگا ئامادە بکەن بۆ گواستنەوەی کوردەکانی ژورووی عێراق بۆ ئەو وولاٌتانە، ئەمە بە واتا پاککردنەوەی کورد لەسەر نەخشەی عێراق وە یان لە خاکی کوردستان، لە لایەکی تریشەوە ئەوەی کەوتبوە ناو خاکی ئێران و لەوی ئاوارە بوو، هەروا و

بەبی بوونی رێورەسمێکی یاسای وەیان فەرمی کە ئەوانە بە پەناهندە و بە رەسمـی وەرگیرابـن مابوونـەوە و چـاوەری ئاینـدەی نادیـار بـوون، پـاش رێکەوتنەکەی نێوان عێراق و ئێران لە ساڵی ١٩٨٨ دا کە پاش هەشت ساڵ شەر و ماڵ ویرانی و کاول بوونی زۆربەی شوێنەکانی کوردستان بە هۆی ئەو شەرەوە، ئەو رێکەوتنەش هەندێکی لەسەر حسابی گەلی کوردمان بوو، هەوڵ درا ئاوارەکان بە پێ لیبوردنەکانی ساختەی رژێمەوە بگەرینەوە بۆ عێراق و هەندێك گەرانەوە، ئەوەی مایەوە چاوەروانی دووبارە بونەوەی مێژویان دەکرد کە دەنگێکی زۆری هەبوو بۆ گواستنەوەی ئەوانەی ماونەتەوە بۆ سنوری شاری جەهرۆم لە ئێران کە بە ناخۆشترین جێگا دائەنریت لە ئێراندا، ئەمە بارودۆخی کوردەکان بوو لە کوردستان و لە ئاوارەیشدا، هەتا لوت بەرزی و شەر خوازی سەرانی دیکتاتۆری عێراق رووی لە دەوڵەتی کویتی دراوسیی و هاوکاری لە شەرەکانی ئێران _ عێراقدا و ئەو وولاتەی کە دەیویست بە جیهانی بسەلمێنی کە رژێمی عێراق چەکی کۆکوژی دژی شاری هەڵەبجە بەکار نەهێناوە و بەپێچەوانەوە رژیمی ئێران بەکاری هێناوە کرد و بەبێ گوێ دانە بریارو پرنسیپەکانی نێونەتەوەی و وەفای هاوکاری و عروبەی کویت و ئەنـدامی ئەنجومـەنی هاوکـاری خـەلیجی عـەرەبی و ئەنـدامی فـەرمی نەتەوەیەکگرتوەکان، لە رۆژی ١٩٩٠/٨/٢ دا سوپای عێراق هێرشیکی توند و کتوپری کردە سەر ئەو وولاتە و داگیری کرد، خەڵکی لێ کوشتن و بە دیلی گرتن، تالانی کردن، بە بریاریکی بەعسیانە نەخشەی ئەو وولاتەی سریەوە و وەکو پارچەیەکی خاکی عێراق بە عێراقی بەستەوە، ئەم هەنگاوە خۆشی بە دڵی گەلی کوردا هێنا، هەموو کەسێك لە دونیادا جگە لە بەعسیە برسیەکان دەیزانی ئەو هەنگاوە هەڵەیە و جێگای رەزامەندی هیچ وولات و کەسێك نیە و هیچ کات لە رژیمی عێراق قەبوڵ ناکرێت، ئیمەی کوردیش دەمانزانی کە لێ قەبوڵ ناکرێت و بە سزای خۆی دەگەیەنن، ئەوە بوو هەموو دونیا لە دژی ئەو

رەفتـــارەی ســـەدام نارەزاییـــان دەربـــری و هەریەکـــە لەلایـــەن خۆیـــەوە داوای گەرانـەوەی سـوپاکەیان کـرد، ئەنجومـەنی ئاسـایش بریـاری نـارەزای و داوای کشانەوەی هێزەکانیان لە عێراق کرد بەڵام بێ سود بوو، ئەوان لەسەر کەلـە رەقی خۆیان بەردەوام بوون، وایان ئەزانی ئەوانیش گەلی کوردن هەتا کەس بـە دەمیانـــەوە نەیـــەت، بۆیـــە دوا بریـــاری ئەنجومـــەنی ئاسایـــشی نێونەتـــەوەی ئـەوەبوو کـە هاوپەیمانیـەتێکی جیهـانی کـە بریتـی بـوو لـە (٣٠) دەوڵـەت بـە سەرۆکایەتی ئەمریکا هێرشیان کردە سەر سوپای عێراق لـە کویـت و دەریـان کردن پاش ئەوەی زەرەرو زیـانێکی زۆریـان لـە سوپاکە دا جگـە لەمـەش پـێش هێرشەکەش بۆ ماوەیەکی باش هەرچی سەربازگە و شوێنە گرنگەکانی عێـراق هەبوو لەناو خۆدا بە هۆی بۆردومانی فرۆکـەکانی هاوپـەیمانان وێـران و کـاول کـران، هێـزی پیـادەی هاوپـەیمانان لـە سـنوری کویـت _ عێـراق و سـعودیە _ عێراق هاتنە ناو خاکی عێراق و سوپای عێـراقیش لـە پێشیانەوە هەڵدەهات، کار وای لێهات دامودەزگا سەکوتکەرەکانی رژێم لە خوارووی عێراق شکستی گـەورەیان پـێ کـەوت و شـارەکانی خـواروو کەوتـە دەسـت جـەماوەری زوڵـم لێ کـــراوی شـــیعە مەزهـــەب کـــە هەمیـــشە بـــە دەســـت بەعـــسەکانەوە چەوسێندراونەتەوە.

لەلایەکی تریشەوە جەماوەری کورد چی ئەوانـەی لـە ئاوارەی و چـی ئەوانـەی لـە کوردسـتان بـوون چـاوەری ئـاڵوگۆریکی تازەیـان دەکـرد و سـەرکردایەتی بەرەی کوردستانیش سـەرقاڵی چۆنیەتی رووبـەرووی ئەگـەرەکان بێتـەوە و لـە خۆ ئامادە کردندا بوون، جموجۆڵی بەرەی کوردستانی دەستی پێ کرد کاتێك راپەرین لە خوارووی عێراق بەرپا بوو، پلانـی تۆکمـە دانـرا و پەیوەنـدی کـردن بە کەسایەتیەکانی دیاری ناو کوردستان و چەکدارەکانی لای رژێم کە بە ناوی (خەفیفـە) چـەکیان بـۆ هـەڵگرتبوو، لـە رۆژی ١٩٩١/٣/٥ دا یەکـەم بـانگ و پەلاماری پاڵەوانانەی جەماوەری رانیەی چاونەترس و ئازا بە راپەرینی شاری

رانیـە درا بـوە دەروازەی راپـەرین، پـاش ئـەوە شـار لـە دوای شـار راپـەری و کوردستان ئازاد بوو، سوپای عێراق لە کوردستان هیچی بۆ نەمابووەوە تەنها خۆ بەدەستەوەدان نەبێت، جەماوەری مانـدو و خاوەن ئەنفال و بێ سەرو شوینان و ئـەو هـەموو خـوین رشـتنەی کـە سـوپای عێـراق بـە فـەرمانی سەرکردایەتی بەعس بەرامبەر کورد کردبووی، ئەو کیمیابارانەی کە تەرو وشکی پێکەوە سوتاند و شارێکی خاپۆر کرد، هیچی ویژدانی ئەو گەلەی نەووروژاند بۆ تۆڵە سەندنەوەی ئەو تاوانانەی دەرحەقی کرابوو، بەڵکو بە پێچەوانەوە سەربازەکانیان لە ئەستو گرتن و لەو کاتە گرانی و نەبوونیەی کە سەدام بەسەر گەلی عێراقدا هێنابووی بە باشترین شێواز ئەوانە بەخێو ئەکران و وردە وردە رەوانـەی لای کەسوکاریان کرانەوە، بـەڵام ئەوانـە لای عەرەبـە شـۆفینیەکان بـە ترسـنۆکی و بـێ دەسـەڵاتی بۆمـان حساب کـرا و ئازایـەتی سەربازەکانیان کە خۆیان دەرباز کردووە لەدەستی کورد، ئازاد کردنی شارو شارۆچکەکان گەیشتە شاری بابەگورگور (کەرکوك)، هێزی هاوپەیمانان تا شەرەکان نەگەیشتبوە کرکوك لە لایەن کوردەوە و لە خوارووی عێراقیش راپەرین بەرەو شارەکانی نەجەف و کەربەلا دەرۆشت، هیشتا بریاری لەناو بردن و گۆرانی سەرانی رژیمی سەدام یان نەدابوو، بۆیە ئەوان چرای سەوزیان بۆ سوپای عێراق داگیرسان و عێراقیش بەو سوپا شکاوەیەوە کەوتە گیانی کورد لە کوردستان و شیعەکانیش لە خوارووی عێراق، سوپاکە ئەوەندەی پێ مابوو کە ئیمەی پێ هەڵبری و لە مەترسیەکانی داگیر کردنی شوێنەگرنگەکان برەوێتەوە، دیسان هاوپەیمانان کەوتنەوە تەماشا کردنی راونانی کورد و شیعە، رژیم بە گورجی و بە دەستێکی زۆر خراپ راپەرینی خوارووی سەرکوت کرد و چەندین خەڵکی لێ کوشتن و زیندانی کردن، لەملاشەوە کەوتەوە هێرش کردنە سەر گشت ئەو شوینانەی کە جەماوەر تیایا راپەریبوو هەر لە کرکوك و هەولیر و سلیمانی و گەرمیان و موسل تا

دهۆك و زاخۆ دەستی بە هێرش کرد و جەماوەری کوردستانیش بە لاو وپیرو وژن و منداڵەوە و لە گشت شارو وشارۆچکە و کۆمەڵگا زۆرە ملیەکانەوە دەستی بە رەوێکی سەرتا سەری کرد و بە ئۆتۆمۆبیل و تراکتۆر و بە پێ شارو جێگاکانی خۆیان چۆڵ کرد و ملی رێگایان گرت بەرەو سنورەکانی تورکیا و ئێران، ئەم کارەساتە وەیان بڵێن ئەم هەڵویستە سەرتا سەریە بە رەوی چوار ملیۆنی کورد لە مێژوودا تۆمار کرا، بەهۆی شەری هاوپەیمانان لەگەڵ عێراق ئاژانسەکانی رادیۆ و تەلەفزیۆنەکان و پەیامنێرانی رۆژنامەکانی جیهانی هێشتا لە عێراق دا بوون، زۆر بە جوانی و بە زیندوویی ئەو رەوە بە کۆمەڵەیان دەگواستەوە بۆ گشت جیهان، کارەساتی لەم شێوەیە تا ئەوکاتە کەس نەیدیبوو، سنورەکان لە بەردەم ئاوارەکانی کورد داخرابوون، سەرما و باران و بارینی بەفر لە هەندی شوێن و بەتایبەتی لەسەر سنورەکان مابوو، کەس هیچی پێ نەبوو، خواردن و خواردنەوە زۆر کەم بوو، کەس ئاگای لەکەسی تر نەبوو، چەندین کەس لە بە تەمەنەکان و منداڵانی ساواو کەسی کەم ئەندام کە توانای رێ کردنی نەبوو بەجێ ئەمان و شەهید ئەبوون، بە هۆی بۆردومانی فرۆکەکانی دوژمن چەندین کەس شەهید و بریندار دەبوو، ئەوە کارەسات بوو کە بەسەر گەلی کوردا هات، دەوڵەتانی مرۆڤ دۆست و بە تایبەتی ئەندامانی ئاسایش نەتەوەیەکگرتوەکان بەپەلە کەوتنە دۆزینەوەی رێگا چارەیەك بۆ رێگرتن لەو کارەساتە تازەیەی بەسەر گەلی کوردا هاتووە، ئەوە بوو ئەنجومەنی ئاسایش چەند بریارێکی تایبەت بەم رووداوە دەرکرد، لەوانە :

١- بریاری سەپاندنی ئابلۆقەی ئابوری لەسەر عێراق .

٢- بریاری ژمارە (٦٨٨) ی ساڵی ١٩٩١ کە تایبەت بوو بەو کۆرەوە بە کۆمەڵەی گەلی کورد، ئیدانەی گشت کارەکانی سەرکوت کردنی گەلی عێراق و بەتایبەتی گەلی کورد لە عێراق دەکات، داواش لە عێراق دەکات کە کارەکانی

ترسناك له ناوچەكه هێور بكەنەوه و به ڕێگای گفتوگۆ چارەسەری مافەكانی مرۆڤ و سیاسی بۆ گشت عێراقیەكان فەراهەم بینن، هەروەها ڕێگا بدری به ڕێكخراوەكانی جیهانی كه بگەنه لای ئەوكەسانەی پیویستیان به یارمەتی دان هەیه له گشت شوێنەكانی عێراقدا، داواش له ئەمینداری گشتی نەتەوه یەكگرتوەكان دەكات كه هەوڵەكانی مرۆڤایەتی خۆی بەگەر بخات بۆ ئاگادار كردنی ئەنجومەن له هەر بارێكی ناهەمواری عێراقیەكان و به تایبەتی گەلی كورد كه زیاتر سەركوت دەكری لەلایەن دەسەڵاتدارانی عێراقەوه، جگه لەمەش داوا له ئەمینداری گشتی نەتەوه یەكگرتوەكان دەكات كه هەموو سەرچاوەكانی بەردەست و بریكارەكانی نەتەوه یەكگرتوەكان بەكار بێنی بۆ دابین كردنی پێداویسیەكانی پەنابەران و راونراوەكانی عێراقی بەگشتی و به زووی، و داواش له گشت دەوڵەتانی ئەندام و ڕێكخراوەكانی مرۆی دەكات كه بەشداری لەو به هاناچونەوه بكەن، داوای له عێراق كرد كه هاوكاری ئەمینداری گشتی نەتەوه یەكگرتوەكان بكات بۆ جێ به جێ كردنی ئەو بریاره، ئەم بریاره لەلایەن (١٠) ئەندامەوه پەسەند كراوه و (٣) ئەندام (زیمبابۆی، كوبا، یەمەن) نارازی بوون و (٢) ئەندام دەنگیان نەداوه كه (چین، هند) بوون .

٣- دیاری كردنی ناوچەی ئارام له ژووری هێڵی (٣٦)، به مەبەستی پاراستنی گەلی كوردستان له پەلامارەكانی ڕژیم .

٤- هەندی له هێزەكانی هاوپەیمانان له چەند ناوچەیەك له كوردستان بنكه و بارەگایان دانا .

٥- پاش بریاری (٦٨٨)ی ئەنجومەنی ئاسایش، هێزی پۆلیس نێودەوڵەتی له ژێر چاودێری نەتەوەیەكگرتوەكان هاتنه كوردستان و جێگیر بوون .

**٦- هاتنی چەندین ڕێکخراوی مرۆڤ دۆستی جیهانی بۆ کوردستان بە مەبەستی هاوکاری گەلی کورد .**

**بارودۆخەکان وردە وردە بەرەو هێور بونەوە دەچو بە تایبەتی پاش ئەوەی بەرەی کوردستانی لەسەر داوای ڕژیمی عێراق کەوتە گفتوگۆ بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە کوردستاندا .**

**بەهۆی هاتنی ئەو هەموو ڕێکخراو و نوینەرانەی وولاّتانی جیهانی و ئاژانسەکانی ڕاگەیاندن و سەردانیان بۆ گشت شاروشارۆچکەکانی کوردستان، بەتایبەتی بۆ شاری هەڵەبجەی شەهید و گەران و وتووێژ کردن و لێکۆڵینەوە لە بارەی چۆنیەتی کارەساتی کیمیابارانی ئەو ناوچەیە و گوێ گرتن لەو کەسانەی کە پاشماوەی ئەو کارەساتە بوون، بۆیان دەرکەوت کە ڕاستە ڕژێم ئەو تاوانەی ئەنجام داوە، بۆیە گرنگی زۆریان بەوەدا کە پێویستە ئەو چەکە کۆکژانەی کە ماوە لای ڕژیم لەناوی بەرن .**

**لە پایزی ساڵی ١٩٩١ دا گفتوگۆی نێوان بەرەی کوردستانی و ڕژێم کۆتای پێ هات بەبێ ڕێکەوتن ، پێش کۆتای هاتن بە گفتوگۆ، ڕژێم لە مانگی حەوت هەرچی دامودەزگاکانی ئیداری هەبوو لە کوردستان کێشایەوە و سنورێکی تازەی لە نێوان کوردستان و عێراق دانا کە شاری کرکوك و خانەقین و شنگاڵ و چەندین شاری تری کورد نشینی دەورەبەری موسڵ و کرکوك و باقوبەی لە کوردستان دابری بوو، ئابلۆقەی ئابوری خۆی خستە سەر کوردستان، بەم شێوەیە دوو ئابلۆقە کەوتە سەر کوردستان یەکێکی نێونەتەوەی و ئەوی تری عێراقی، بۆیە بارودۆخی خەڵکی کوردستان زۆر خراب بوو، ئەگەر هاوکاری ڕێکخراوەکانی مرۆڤ دۆست نەبوایە ئەوا کورد توشی کارەساتێکی تری ترسناك دەبووەوە، باری بەرێوە بردنی کاری ئیدارەش لە ئەستۆی بەرەی کوردستانیدا بوو، کارەکان بە باشی بەرێوە نە ئەچوو، ئابوری کوردستان بەشێوەیەکی زۆر خرابدا دەڕۆشت، نەدەتوانرا کارە ئیداریەکان بەرێوەببرێت،**

هەر بۆ ئەم مەبەستەش بوو کە رژێم بریاری کشانەوەی ئیدارەی لە کوردستان داو ئابلۆقەی خۆی سەپاند بەسەر ناوچەکەدا، جگە لەمەش کێشەی نەبوونی یاسا کانی گونجاو لەگەڵ ئەو بارودۆخە تازەیەی بە هۆی راپەرینەوە هاتوەتە ئاراوە، بەهۆی ئەو هۆکارانەی سەرەوە سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی بریاری هەڵبـژاردنی ئازادی دا بۆ دروست بونی پەرلەمان و حکومەت، بۆئەوەی ئیدارەیەکی کوردستانی دروست ببێت و ئەو بۆشایەی کە رژیم لە کوردستان هێنایە کایەوە پر بکرێتەوە، بە پێ بەرنامەیەکی رێکو پێك و یاسایەك کە سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی داینا لەلایەن پسپۆر و شارەزایانی یاسا بۆ چۆنیەتی کاری هەڵبـژاردن و دروست بوونی پەرلەمان و حکومەت، ئەم کارە بە نیسبەت گەلی کوردمانەوە ئەزمونێکی تازە بوو، دەبوو هەڵبژاردن لە کەشێکی ئازاد و پرۆسەیەکی دیموکراتیدا تەواو بێت، کێ برکێ لە نێوان چەندین پارت و لایەنەکانی کوردستانی دا بوو، خۆشبەختانە پرۆسەکە لەرۆژی ١٩٩٢/٥/١٩ دا لە کەرنەڤالێکی بێ وێنەدا و لەبەر چاوی چاودێرانی بییانی و کامیرای تەلەفزیۆنەکانی راگەیاندنی جیهانی بەرێوە چوو، ئەوەش سەرکەوتنیکی مەزن بوو بۆ گەلی کورد و سەلماندی کە ئەم گەلە سەرەرای ئەوەی مێژوویەکی دورو درێژە داگیر کراوە و دەچەوسێنرێتەوە و مافەکانی مرۆڤ و ئازادی لێ زەوت کراوە و بەم تروسکە ئازادیە دەتوانی بۆ خۆی بە شێوازی دیموکراتیانە و دوور لە دیکتاتۆریەت دەسەلاَت هەڵبـژێریت و خۆی دەسەلاَتی خۆی بەرێوە بەرێ، لە رۆژی ١٩٩٢/٦/٤ دا پەرلەمانی کوردستان یەکەم کۆبونەوەی خۆی گرێ دا و هاتە دنیای نیشتیمانی کورد لە کوردستانی عێراق، دەسکەوتێکی گەورە و مەزن بوو بۆ کوردستان، خۆی خزاندە نیۆ لاپەرەکانی مێژوو، بۆە دامەزراوەیەکی فەرمی و خۆ چەسپاو و شەرعی لە کوردستاندا، بەهۆی کێ برکێ لایەنە سیاسیەکانی کوردستان و بەشداربووی پرۆسەکە، هەردوو لایەنی سەرەکی کورد (پارتی و یەکیەتی)

زۆرینەی کورسیەکانیان بە دەست هێنا و (٥) کورسیش بە پێ بریاری بەرەی کوردستانی بۆ برا مەسیحیەکان دیاری کرا، کۆی ئەندامانی پەرلەمان (١٠٥) ئەندام بوو، بۆ هەر لایەکی سەرکەوتوو لە هەڵبژاردنەکان (٥٠) ئەندامی هەبوو، لە رۆژی ١٩٩٢/٧/٤ دا پەرلەمان باوەری بە یەکەمین کابینەی حکومەتی کوردستان دا، هەر زوو بۆ جۆری پەیوەندی نیوان هەریمی کوردستان و دەسەلاتی ناوەند کە حکومەتی عێراقە، پەرلەمان بۆ ئەو سەردەمە بریاری فیدرالی بە ناوی خەڵکی کوردستانەوە لە رۆژی ١٠/٤/ ١٩٩٢دا جاردا، پاش ئەمە پەرلەمان کەوتە دانان و گفتوگۆ کردنی یاساکانی گونجاو بۆ کوردستان، حکومەتیش کەوتە خۆ ریکخستنی کارە ئیداریەکانی هەر لە دروست کردنی وەزارەتەکانی پێویست هەتا گشت فەرمانگاو دامو دەزگاکانی بە ئاسایش و پۆلیسیشەوە، بەم شێوەیە دامەزراوە شەرعیەکان دامەزان و کەوتنە کاروباری خۆیان .

## بارودۆخەکان پاش را پەرینی ١٩٩١

لەسەرەوە هەندی باسم لە بارودۆخەکانی پاش راپەرین کردوە بە کورتی، بەلام ئەوەی مەبەستە باس لەو بابەتانە بکەین کە پەیوەندی راستەو خۆی لەگەڵ گەلەکەمان و بەتایبەتی ناوچەی هەڵەبجەدا هەیە، پاش دامەزراندنی ناوچەی ئارام لە کوردستان بۆ پاراستنی گەلەکەمان لە پەلامارەکانی رژێمی عێراق کە دیاری کردنی هێڵی (٣٦) بوو، هەروەها سەردانی چەندین نوینەر و شارەزایانی چەکی کیمیایی لە جیهاندا و نوینەرانی فەرمی ئەنجومەنی ئاسایش نەتەوەیەکگرتوەکان و سەردانی ئەو شوێن و جێگایانەی کە بەر شالاوی بۆردومانی کیمیایی بوبونەوە و چاویان بە شوێنەوارەکان کەوت و لە نزیکەوە لێکۆڵینەوە و لی توێژینەوەیان لەگەڵ پاشماوەکانی ئەو کارەساتە

کرد، جگە لە سەردانی گشت ئەو گوند و شارو شارۆچکانەی کوردستان کە رژێم کاوڵ کردبوون و خەڵکەکەی بە زۆر راگویزی کۆمەڵگا زۆرە مللیەکان کردبو، ئەوجا بۆیان دەرکەوت کە رژیمی عێراق چی تاوانێکی ئەنجام داوە و چی ترسێکی لەسەرە ئەگەر جارێکی تر دەسەلآتەکانی بگاتەوە جێگای خۆی، بۆیە رای زۆری دەوڵەتان گۆردرا بەرامبەر بە رژێم، بۆ رێگە گرتن لەو کارانە لەلایەن رژێمەوە، ئەنجومەنی ئاسایش نەتەوەیەکگرتوەکان چەندین بریاری جۆراوجۆری دژ بە عێراق دەرکرد، لەوانە :

بە ژمارەکانی(٦٨٧ و ٦٨٨ ی ساڵی ١٩٩١ – ٩٨٦ ی ساڵی ١٩٩٥ ی نەوت بە خۆراك – ١٢٨٤ ی ساڵی ١٩٩٩ – ١٣٢٥ ی ساڵی ٢٠٠٠ – ١٣٧٣ی ساڵی ٢٠٠١ – ١٤٤١ی ساڵی ٢٠٠٢ – ١٤٧٢ و ١٤٧٦ ی ساڵی ٢٠٠٣) . ئەمانە هەمووی نارازی بوونی ئەنجومەنی نەتەوەیەکگرتوەکان بوو بۆ دانانی رێو شوینی گونجاو بە مەبەستی دووبارە نەبونەوەی کارەساتەکان لە عێراق دا، بەلآم سەرسەختی و گومرایی رژیم گویٚ رایەڵی هیچ کام لەو بریارانە نەبوو، بۆیە بریاری لێدانی و گورینی دواجار هاتە کایەوە و لە ساڵی ٢٠٠٣ دا بە یەکجاری دەسەلآتی رژێمی سەدام کۆتای پیٚ هات . گرنگترین هۆکار و ئامانجی هێزەکانی هاوپەیمانان لە روخاندنی دەسەلآتی سەدام بەناوی (بنبر کردنی تیرۆر و لەناو بردنی چەکی کۆکوژ و رێزگرتن لەدیموکراتیەت و مافەکانی مرۆڤ و رزگاری گەلانی عێراق) بوو . ئەمە ئەوە دەگەیینیٚ کە گەلی کورد بە تایبەتی و گەلی عێراق بە گشتی لەو دەسەلآتە رزگاریان بوو .

بارودۆخەکانی کوردستان کە هەندێکی بە خۆشی و هەندێکی تر بە ناخۆشترین کات بە سەر چوو، کە ئەمەش ئیمە لە نێوان باسەکانمان دا هەوڵ ئەدەین باسیان لێوە بکەین، بۆیە وا لە خوارەوە رەوشی هەڵەبجەو هەڵەبجەیەکان لە سایەی پەرلەمان و حکومەتی هەریمی کوردستان دەخەینە بەر باسەکانمان .

# پەرلەمان و هەڵەبجە

دەبی ئەوە باش بزانین کە لە ئاکامی ئەو هەموو سەرکوت کردن و پێشێل کردنانەی مافی مرۆڤ و کوشتن و کاول کردنی کوردستان بە کارە رەشە کۆژیەکان و ئەنفالی بەدناو و بۆردومانی کیمیا باران، ئەو ئازادی و ئارامی و دیموکراتیە و بە هاناهاتن و بەرگری لی کردن و رزگاری گەلانی عێراق لە رژێمی دیکتاتۆری سەدام هاتوەتە ئاراوە، خوێنی ئاڵی بێتاوانانی خەڵکی کورد و زیندە بەچاڵ کردنی و کاول کردنی نیشتیمانی باو وباپیری و ناچار کردنی بۆ ئاوارە بوون و راگوێزی زۆرە ملیی و خنکاندنی بە چەکی قەدەغەکراوی جیهانی (کیمیایی) ئەو بارە تازەیەی هێنایە ئاراوە کە گەلی کورد بتوانی ئازادانە و دور لە دەسەڵاتی دیکتاتۆریەت، نوێنەری خۆی لە پرۆسەیەکی ئازاد و سەرکەوتودا هەڵبژێرێت و دەزگایەکی شەرعی یاسادانان دروست بکات بۆ وەلاوە نانی یاساکانی سەرکوت کردنی گەلەکەمان و هێنانە کایەی یاساکانی گونجاو لە گەڵ بارودۆخەکانی کوردستان .

لەسەرەوە هەندێکمان لەسەر چۆنیەتی هەڵبژارنی پەرلەمان باس کردوە، لێرەدا دەمانەوی باس لەسەر هەنگاوەکانی پەرلەمان بکەین لە ژیانی خۆیدا چی بۆ ئەو زیان لێکەوتوانەی پاشماوەی کارەساتی کیمیا بارانی هەڵەبجە کردوە ؟ چونکە بڵین و نەڵین هەڵەبجەیەکان خۆیان بە خاوەنی ئەو دەستکەوتانە ئەزانن کە بۆ کورد و کوردستان هاتوەتە ئاراوە، راستە زیان لێکەوتوو لە کوردستان زۆرن و بە چەندین شێوە توشی زیان هاتوون، بەلأم کاریگەری کارەساتی هەڵەبجە جیاوازی هەیە لەگەڵ زیانەکانی تر، جیهانی ئەمرۆ زیاتر گرنگی بەو جۆرە کارەساتانە دەدەن، هەر بۆیە لە نێوان بریارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش نەتەوەیەکگرتوەکان زیاتر ئاماژە بە پوچەڵ

کردن و لەناوبردنی چەکەکانی کیمیایی و بایەلۆجی دەدەن کە ئەمە زیاتر لە هەڵەبجــە و چــەند شــوێنێکی تــر زیــانی بــە خــەڵکی کــورد گەیانــدوە، هەڵەبجەیــەکان شـانازیان بـەو قوربانیانـەیان کـردوە و هەمیـشە سـەرقافڵەی قوربانیەکان بوون، بۆیە چاوەری کەمکردنەوەی ئازارو مەینەتیەکان بوون، جا لێـرەوە دێنـە سـەر بابەتـەکانی پەیوەسـت بـە هەڵەبجـەوە لـە نێـوان کارەکـانی رۆژانەی پەرلەماندا، ئەو سەرچاوەی ئیمە پشتی پێ دەبەستین ئەو چەندین پرۆتۆکۆلانەیـە کـە لـە پەرلەمانـەوە دەرچـوون و هـەموو ووتـەکانی بـەرێزی ئەندامانی پەرلەمانی تێدا تۆمار کراوە کە لە کۆبونەوەکاندا باسیان کردووە، ئیمـە ئـەو ووتانـە وەکـو خـۆی لێـرەدا دەنوسـینەوە هـەتا بـزانین هەڵویـستی پەرلەمان و پەرلەمانتاران بە تایبەتی نوینەرەکانی سنوری ناوچەی هەڵەبجە چی بووە و چی بۆ هەڵەبجە بریاری بۆ دراوە :

١- لــە یەکــەمین کۆبونــەوەدا کــە لــە رۆژی ١٩٩٢/٦/٤ دا نوێنــەرانی پەرلەمان لە هەر سێ فراکسیۆن (زەرد – سەوز – مۆر) ناوی ئەندامانی خۆیان کە (١٠٥) ئەندام بوو دیاری کرا و سوێندی یاسای یان خوارد و بونە ئەندامی فـەرمی لـە پەرلـەمان، لـە نێـوان ئـەو ژمارەیـەدا، ئـەم بەرێزانـەی لای خـوارەوە نوینەرایەتی دەڤەری هەڵەبجەیان ئەکرد لە رێگای فراکسیۆنەکانیان، یان بە واتایەکی تر لە رێگای لایەنە سیاسیەکانیان :

بەرێز عفان عوسمان نەقشبەندی

بەرێز موحسن خالید موفتی

بەرێز سیروان محمد نەورۆڵی

بەرێز شەوکەت حاجی موشیر

٢- لـە کۆبونـەوەی رۆژی ١٩٩٢/٧/٤ دا کـە خـاتوو دانیـاڵ میتران لەگـەڵ وەفدێکـدا کـە وەزیـری تەندروسـتی کۆمـاری فەرەنـسا بـەرێز بـەرنار کۆشـنەر یـشی تێـدا بـوو بـۆ پیرۆزبـای کـردن لـە پەرلـەمان ئامـادەی کۆبونەوەکـە بـوون،

ئەمە بۆ یەکەمین جار بوو کە وەفدیکی بەرزی وولاْتێکی بییانی بە شێوەی فەرمی لە پەرلەمانی کوردستان ئامادە بن و بە ناوی دەوڵەتەکەیان پیرۆزبای لە گەلی کوردستان بکەن بە بۆنەی هەڵبژاردنی پەرلەمانەوە، لە ووتەیەکیدا بەرێز خاتوو میتران ووتی :

پێ خۆشحاڵی خۆم بەرانبەر بە پەرلەمانی کوردستان دەردەبرم، زۆر جار بۆم هەڵکەوتووە کە نوێنەرانی گەلی کورد لە بارودۆخی ناخۆشدا ببینم، یەکەم جاریش لە خێوەتگاکانی دیاربەکر و ماردین بە خزمەت میللەتی کورد گەیشتم، میللەتێك لە ترسی کیمیاباران و هێرشی درندانەی سوپای عێراق رای دەکرد، لەو بارودۆخە ناهەموارەدا هەوڵمان دا چەند خێزانیك رزگار بکەین و بۆ جێگای باشتریان بگوێزینەوە، ئێمە دەشزانین کە یارمەتیدانی مرۆڤانە چارەسەری بنەرەتی کێشەکە نیە، بەلاْم هەوڵ ئەدەین بە عالەمی رابگەینین کە میللەتێك بە ناوی کوردەوە هەیە و ئەوە ساڵەهایە دەچەوسینرێتەوە، جاری دووەمیش ئەوە بوو کە لە مانگی ١٩٩١/٤ دا، واتە کاتی کۆرەوەکە گەیشتمە کوردستان و لە نزیکەوە چاوم بە گەلی کورد کەوت، ئەم کۆرەوە گەورە و فراوانە لەناو میللەتی ئەوروپا دا دەنگی دایەوە، ئەمجارەش هاتووم تا ئەنجامی هەڵبژاردن لە کوردستان ببینم لەوەش دڵنیام کە دیموکراسیەت لە کوردستاندا پیادە کراوە، ئیستاش شادومان و بەختەوەرم کە خۆم دەبینم بەرامبەر بە ئێوە دانیشتوم و سوپاس .

پاشان بەرێز بورنار کۆشنەری وەزیری تەندروستی فرنسا لە ووتەیەکدا هەر لەو کۆبونەوەیەدا ووتی :

خۆشحاڵی خۆم بەرانبەر بە پێشوازی و ئەم بەخێرهاتنە گەرمەی ئێوە دەر دەبرم، هەروەها خۆشحاڵی خۆمان بەرانبەر بە جەنابی کاك مسعود و جەنابتان و جەنابی دکتۆر فؤاد دەر ئەبرم، شادومانیشم کە وەکو وەزیرێك لەگەڵ (مەدام دانیاڵ میتران) دا بەناوی یارمەتیدانی مرۆڤایەتیەوە بۆ

کوردستان هاتووم، پێخۆشحاڵیشم کە پەرلەمانی کوردستان دەبینم بۆ دۆزینەوەی ڕێگە چارەی گیروگرفتەکانی کوردستان کۆبوەتەوە، ئەوەی شارەزای مێژووی گوردستانیش بێت ئەزانێ میللەتی کورد تا بەم ڕۆژە گەیشتووە چەندی شەهید لەم ڕێیەدا داوە، زۆر کەمیش هەڵکەوتووە کە لە ناوچەیەکی وادا بە شێوەیەکی دیموکراسی و نمونەیی پەرلەمان هەڵبژێردرێت، هەروەها ووتی : ئەمرۆ تەنگوچەڵەمە و گیروگرفتی میللەتی کورد زۆر قورسە و کوردستان لە بارێکی ناهەمواردایە و پیادەکردنی دیمەکراسی تەنها ڕێگە چارەیە بۆ ئەم مەسەلانە، چونکە هیچ شتێ ناتوانێت کوردستان ئاوەدان بکاتەوە و سەرکەوتن بەدی بهێنێ تەنها پیادەکردنی دیموکراسیەت نەبێت، سەرکەوتنتان زۆر گرنگە بۆ میللەتی و میللەتی عێراقیش، ئێوە ئەبێ نمونە بن بۆ تاقیکردنەوەی دیموکراسی لە کوردستان و عێراقیشدا، تا ئەو کۆسپە سەخت و ناهەموارانەی کە دێتە ڕێتان بە عەقڵ و بە حیکمەت بەسەریا زاڵ بن، هێواشی خواست سەرکەوتن بۆ میللەتی کورد بەدی بهێنن .

٣- لە کۆبونەوەی ڕۆژی ١٩٩٢/٧/٢٢ دا کە بەرنامەی کاری کۆبونەوەکە بریتی بوو لە پرس و ڕا گۆڕینەوە :

-{ وەکو تێبینیەك ئەو نوسینانەی پەیوەندی بە پشتگیری پەرلەمان و هەڵویستی دژ هەیە کە لە کۆبونەوەکاندا باسیان لێوەکراوە بە باشی ئەزانم بیان نوسمەوە، بۆ ئەوەی خوینەری بەرێزی ئەم بابەتە شارەزایەکی لەو بارەیەوە هەبێت }- .

لە نێوان ئەو پرس و ڕاگۆڕینەوەدا نامەیەکی پەرلەمانی نەمسا کە لە لایەن ڕێزدار سەرۆکی پەرلەمان (د . هانز فیشەر) بۆ پەرلەمان هاتووە و ئەمەی خوارەوە دەقی نامەکەیە کە بەرێز سەعدی ئەحمەد پیرە خوێندیەوە :

بۆ / بەرێز کاك جوهر نامق سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانی عێراق

**بەڕێزان ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی**

**وا ئیستا لەگەڵ بەڕێز تاڵەبانی دانیشتوم، باسی وەزعی ئیوە دەکەین، باسی ئەو هەڵبژاردنە دیموکراسییە دەکەین کە لەلای ئیوە پیادەکراوە، هیوادارم لە ئەرکەکانتاندا سەرکەوتوبن، نرخێکی زۆر بۆ ئەو هەنگاوەی ئیوە دادەنیم و دەمەوێ پێتان رابگەیەنم کە من ئامادەم هەرچی لە توانامدا بێ بۆتانی مسۆگەر دەکەم بۆ ئەوەی لەو وەزعە ناخۆشە رزگارتان بێ ......هتد .**

**پاشان باسێك لەسەر نارەزایی وولأتانی دراوسێ کرا کە پاش دامەزراندنی ئەنجومەنی وەزیران و سەردانی مادام میتران هاتوەتە ئاراوە، بۆیە سەرۆکی پەرلەمان ووتی :**

**ئەمەی باسمان لێوەکرد پەیوەندی بە هەڵویستی دراوسێکانەوە هەیە (ئێران، تورکیا، سوریا) رۆژنامەکانی ئێران بە نارەحەتی باسی سەردانی خاتوو مەدام میترانیان کردووە، هەروەها تەشەنج دەربارەی سەردانەکەی مەدام میتران و پێکهێنانی ئەنجومەنی وەزیران قسەیان کردووە، بە بۆچونی ئیمە ئەمە ئیشی پەرلەمان نییە، ئەبێ ئەنجومەنی وەزیران لێدوانێك یان بەیانێك دەر بکا بۆ ئەوەی دراوسێکان لە سەردانەکەی مەدام میتران و دروست بوونی ئەنجومەنی وەزیران دڵنیا بکا .**

**٤ - لە کۆبونەوەی رۆژی ١٩٩٢/٨/١٩ دا کە بەرنامەی کاری بریتی بوو لە بەدواداچوونی هەندیك کاروبار، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان لە نێوان ووتەکانی خۆیدا ئاماژەی بە کارێك دا کە پەیوەندی بە قوتابیانی هەڵەبجەوە هەبوو و ووتی :**

**ئیستاش دێنە سەر خاڵی کێشەی قوتابیانی هەڵەبجە کە داوای یارمەتیان کردووە، لەبەر ئەوەی کە خۆمان زانیاری تەواومان لەسەر مەسەلەکە نییە، بۆیە داواکەیانمان ئاراستەی وەزارەتی پەروەردە کرد .**

٥ – لە کۆبونەوەی رۆژی ١٩٩٢/٨/٢٤ دا بەرێز د . فائق محمد گوڵپی وەکو نوینەری سنوری ناوچەی هەڵەبجە بووە ئەندامی پەرلەمان و سویندی یاسایی خوارد، بەم بەرێزەوە نوینەرەکانی سنوری هەڵەبجە بوونە پێنج نوینەر . لە خاڵی ووتووێژی بەرنامەی کاردا لە هەمان کۆبونەوە بەرێز سیروان نەورۆڵی ووتی : پێشنیارێکم هەیە کە هەموو رێکخراوەکان کە هاتونە بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان یەکگرن و رێك بکەون بۆ ئەوەی ناوچە بە ناوچە دەست بکەن بە ئاوەدانکردن و گەشەپێدانی کوردستان .

بەرێز د . کمال عبدالکریم محمد فوئاد ووتی : بۆ دڵنیا کردنەوەی بەرێز سیروان نەورۆڵی بڵێم کەوا یەکێك لە رێکخراوە ئەڵمانیەکان ئەو ئەرکەی خستوەتە سەرشانی خۆی و (کانی ئاشقان) لە هەڵەبجە ئاوەدان دەکاتەوە، ئەم مەسەلەیەش لە پێش وەزارەتی ئەشغال و نیشتەجێکردندایە .

٦ – لە کۆبونەوەی رۆژی ١٩٩٢/١٠/٤ دا پەرلەمانی کوردستان پاش گفتوگۆیەکی زۆر و تێرو تەسەل بریاری دیاری کردنی جۆری پەیوەندی نێوان دەسەلاٌتی هەریمی کوردستان و دەسەلاٌتی ناوەندی عێراق بە شێوەی فیدراڵیەت راگەیاند، بەیاننامەیەك بە ناوی (بەیاننامەی راگەیاندنی یەکیەتی فیدراڵی) راگەیاندرا، ئەوەی گرنگە یەکی لە هۆکارە بەهێزەکانی ئەم راگەیاندنە لە قەلاٌچۆکردنی گەلی کورد دا برگەی سێ یەمە کە بەم شێوەیەیە :

٣ – قەلاٌچۆ کردنی زیاتر لە پێنج هەزار ژن و منداڵ و پیری بێ گوناه بە چەکی کیمیاوی و گازی ژەهراوی لە شاری هەڵەبجەی شەهید دا لە رۆژی ١٩٨٨/٣/١٦ دا، هەروەها کەسانێکی زۆری تر لە بالیسان و بادینان و گەرمیان و چەندین ناوچەی تری کوردستان .

٧ – لە رۆژی ١٩٩٢/١٠/٣١ دا لە کۆبونەوەی پەرلەماندا هەواڵیکی ئاکامی سەردان و کۆبونەوەکانی وەفدی پەرلەمان بۆ ئەوروپا و بە تایبەتی لە سەردانەکەیان بۆ ووڵاتی ئەڵمانیا دا خویندرایەوە و لە نێوان ئەو کارانەدا

بەڵێن بە وەفدەکە دراوە کە دوو پرۆژەی تایبەت لە هەڵەبجە جێ بەجێ بکرێت کە ئەمانەن :

أ – دروست کردنی کارگەی (أتراف صناعیه) .

ب – دروست کردنی خەستەخانەیەك .

٨ – لە کۆبونەوەی رۆژی ١٩٩٢/١١/٢١ دا خاڵێ یەکەمی کۆبونەوەکە بریتی بوو لە (بەرچاوخستنی پرۆژەی بریارێك کە رۆژی ١٩٨٨/٣/١٦ بە رۆژی شەهید دابنرێ، بۆ یادکردنەوەی قوربانیەکانی تاوانی بۆردومان کردنی هەڵەبجە)، پاش تاوتوێ کردنی بابەتەکە پەرلەمان ئەم بریارەی پەسەند کرد :

استنادا الی احکام الفقره (و) من الماده (٥٦) من القانون رقم واحد لسنه ١٩٩٢ وبناو علی ما عرچه وزیر شؤون البیشمه رکه و وافق علیه مجلس الوزراو لاقلیم کوردستان العراق، قرر المجلس الوگنی لکوردستان العراق بجلسته المنعقده بتاریخ / / ١٩٩٢ اصدار القرار الاتی :

١ – اعتبار یوم ١٩٨٨/٣/١٦ یوما" للشهید تخلیدا لژکری چحایا جریمه قصف حلبجه الشهیده بالسلاح الکیمیاوی وفاو لشهداو الحرکه التحرریه الکردستانیه .

٢ – یعتبر هژا الیوم عگله رسمیه فی کافه انحاو اقلیم کردستان العراق .

٣ – علی مجلس الوزراو تنفیژ هژا القرار .

٤ – ینفژ هژا القرار اعتبارا من تاریخ نشره فی الجریده الرسمیه .

٩ – لە کۆبونەوەی رۆژی ١٩٩٢/١٢/٩ دا لە خاڵی یەکەمی بەرنامەی کاری کۆبونەوەکە دا هاتبوو :

(بەرچاو خستنی راپۆرتی دانیشتوانی شاری هەڵەبجە)

بەرێز سیروان نەورۆڵی لەسەر ئەم بابەتە ووتی :

من زۆر بە شانازیەوە سوپاسی سەرجەم ئەندامە بەرێزەکان دەکەم کە بە تێکرای دەنگ پشتگیریان لە پێشنیارەکەمان کرد دەربارەی گیروگرفت و

داخوازیەکانی شاری هەڵەبجەی شەهید، ئەوەی کە مەبەست بوو سەبارەت بە داخوازیەکانەوە، خەڵکی هەڵەبجە داوای ئەوە دەکەن کە گوایە کاتی خۆی پەرلەمان بریارێکی دەرکردوە کە دوو لیژنە پێك بهێنریٚ بەرەو ئێران و تورکیا برۆن بۆ هێنانەوەی ئاوارەکان، لیژنەی تورکیا دەست بەکار بوو، ئاوارەکانی هێنایەوە، بەڵاٚم ئاوارەکانی هەڵەبجە تاکو ئیستا لە جییٚ خۆیان ماونەتەوە نازانم بۆچی ئەو لیژنەیە دواخرا ؟، ئەو خەڵکانەی کە ئیستا لە ئێرانن لە ٨٥٪ خەڵکی هەڵەبجەن و ناحیە و دێهاتەکانن، خەڵکی هەڵەبجە تێکرا داوای ئەوە دەکەن بۆچی ئەوە پشتگویٚ خراوە ؟ .

خاڵی دووەم دەربارەی ئاوەدانکردنەوەی هەڵبجەیە، کۆمەڵیك لەو وولاٚتانە پەیمانیان داوە کە هەریەکە بە شێوەیەك دەست بکەن بە ئاوەدان کردنەوەی هەڵەبجە، داوای ئەوە دەکریٚ ئەو وولاٚتانە بۆچی لەو ئیلتزاماتانەی خۆیان پەشیمان بوونەتەوە، یان بۆچی تا ئەو رادەیە راگیراوە، هۆیەکەی چییە ؟، داخوازیەکی تر هەیە لە هەشت (٨) خالٚ پێك هاتووە، کە لە هەڵەبجەوە کۆمەڵێك لە رۆشنبیران و لێپرسراوی ریکخراوە حزبیەکان و ریکخستنەکان نوێنەری خۆیان هێناوە بۆ ئێرە، ئەمەش داخوازیەکانە :

١ — گەرانەوەی هەموو دەزگا رەسمیەکان و گرنگی دان پێیان .

٢ — ئاوەدانکردنەوەی شاری هەڵەبجە .

٣ — دابین کردنی سووتەمەنی و خواردەمەنی .

٤ — یارمەتی دانی شەهیدان و خێزانی شەهیدەکان و بیٚ دەرامەتەکان .

٥ — دابین کردنی ژیانی قوتابی و قوتابخانەکان .

٦ — گرنگی دان بە چاککردنەوەی ئەو رێگاوبانانەی کە تێك چووە لە شەری نێوان ئێران و عێراقدا

٧ — کردنەوەی پەیمانگایەك یان کۆلیژێك لە زمنی ئەو کۆلێژانەی لە هەولێر و سلیمانی و دهۆك هەیە، سۆپاس .

بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان کە بەوەکالەت سەرۆکی کۆبونەوەکە بوو وەڵامی دایەوەو ووتی :
رای سەرۆکایەتی ئەوەیە ئەمە ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران بکرێت بۆ ئەوەی لەم کیشەیەبکۆڵیتەوە .
بەڕێز حەسەن عەبدالکریم بەرزنجی جێگری فراکسیۆنی سەوز ووتی : بێگومان ئێمەش لەگەڵ ئەوەداین کە ئەمە ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران بکرێت، بەڵام دوای راگرتنی، چونکە خانەنشینەکان دەچن و موچەیان لە میری وەردەگرن، هەندی خاڵی تیدایە ناتوانری چارە بکریت، یان ئیستا لە توانادا نییە چارەبکرێن، ئەگەر لە راپۆرتەکە دەریان بێنین بۆ ئەوەی راپۆرتەکە بە رێکوپێکی ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران بکرێت، سوپاس .
بەڕێز جێگری سەرۆك ووتی : کە ئەم پێشنیارانە ئاراستەی ئەوان دەکرێت ئەوە مانای ئەوە نییە پەرلەمان رەزامەندی لەسەر کردووە، ئەمە دەچێ بۆ ئەنجومەنی وەزیران لەوێ دیراسە دەکرێ ئەوەی لە توانادایە جێ بەجێ دەکەن، ئەوی تر بێگومان وەڵاممان دەدەنەوە کە لەوە زیاتریان نییە جێ بەجێ بکەن، یاخود ناگونجی لەگەڵ ئەو شتانە کە جەنابت فەرمووت .
بەڕێز جەعفەر شێخ عەلی عبدالعزیز ووتی : سەبارەت بە گەرانەوەی ئاوارەکانی ئێران بەتایبەتی ئاوارەکانی شاری هەڵەبجە کاتی خۆی من ئەو پێشنیارەم کرد کە لە ئەنجامی خەبات و شۆرش ئاوارەبوون، ئەوانەی لە ساڵی ١٩٨٧ ئاوارە بوون پاشان بە هۆی بۆمبارانی چەکی کیمیاوی، لەبەر ئەوە مافی خۆیانە بایەخێکی زۆریان پێ بدرێت، هەروەها پێشنیاری ئەوە دەکەم لیژنەیەك لە پەرلەمان پێك بێت بچێت بۆ شاری هەڵەبجە بۆ ئەوەی لە نزیکەوە لە گیروگرفتەکانیان بکۆڵیتەوە، سوپاس .
بەڕێز جێگری سەرۆك ووتی : خاڵێکی تر باس کرابوو کە پەرلەمان وەفد بنێری بۆ ئێران و تورکیا، لە راستیدا بریارەکە بۆ تورکیا بوو، وەفدەکە چوو

بۆ توركیا و هەوڵ درا لەگەڵ ئێرانیەكان، بەڵام ئەوان تەجاوبیان نەبوو لەگەڵ ئەوە كە پێشوازی وەفدەكە بكەن بۆ ئەوەی وەفدەكە ڕێزی لیٚ بگیریٚ، نەئەبوایە ئیمە باسی لیٚ بكەین .

بەڕێز فەرنسۆ تۆما هەریری ووتی : ئیمەش لەگەڵ پێشنیاری سەرۆكایەتی ئەنجومەنین، ئەم راپۆرتە بخرێتە بەردەم سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئەوەی پێویستە و لە تواناداا هەیە بۆیان بكریٚ، سوپاس .

بەڕێز د . فائق محمد گوڵپی ووتی : من تێبینیەكم هەیە لەسەر كارەبای هەڵەبجە، ئەوەی من ئاگادارم لییٚ و بەڕێز شەوكەت حاجی موشیریش ئاگای لییە (یەكیەتی نیشتیمانی كوردستان) ئەركی گەرانەوەی كارەبای شاری هەڵەبجەی گرتوەتە ئەستۆی خۆی دەمێكیشە خەریكە، جا نازانم ئەم خاڵی كارەبایە بكرێتە راپۆرتێك، یاخود یەكیەتی پاشگەز بوەتەوە لە بریارەكە، یان پیٚ ناكرێت بیكات، سوپاس .

بەڕێز سیروان نەورۆڵی ووتی : كارەبا ئیستا لە دەربەنیخانەوە رادەكێشریٚ، داواكاریەكە ئەوەیە كە دەست و برد بكریٚ لە هێنانی كارەباكە، سوپاس .

بەڕێز د . فائق محمد گوڵپی ووتی : بەڕێز مام جەلال بەڵێنی داوە بە تەواوی ئەركی گەرانەوەی كارەبای هەڵەبجەی گرتوەتە ئەستۆی خۆی، سوپاس .

بەڕێز جێگری سەرۆك ووتی : زۆر سوپاس بۆ بەڕێز سیروان، راپۆرتەكە ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران دەكریٚ بۆ جیٚ بەجیٚ كردنی خاڵەكانی .

١٠ — لە كۆبونەوەی پەرلەمان لە رۆژی ١٩٩٣/٣/١٤ دا و لە خاڵی تازە بابەتی بەرنامەی كاری كۆبونەوەكە، بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری ووتی : پێشنیار دەكەین وەفدێكی پەرلەمانی پێك بهێنرێت و بچن بۆ هەڵەبجە بۆ ئەوەی ساڵ رۆژی بۆمباباران كردنی هەڵەبجە یاد بكەنەوە، سوپاس .

بەڕێز سەعدی ئەحمەد پیرە ووتی : پشتگیری لە پێشنیارەكەی كاك فرنسۆ دەكەم .

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ووتی : دووخاڵی پیشنیار کە کرا دەخرێتە ناو بەرنامەی کاری کۆبونەوەکە کە یەکێکیان ناردنی وەفد بوو بۆ هەڵەبجە .
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ووتی : وەفدێك رۆژی (١٦) ی مانگ بڕوات بۆ سەردانی هەڵەبجە .
بەڕێز د . فائق محمد گوڵپی ووتی : لەسەر مەسەلەی هەڵەبجە چەند تێبینیەکم هەیە، پێشەکی سوپاسی سەرۆکی هەردوو فراکسیۆن دەکەم، سوپاسی ئەندامانی پەرلەمان دەکەم، وەکو یەکێك لە خەڵکی ناوچەی هەڵەبجە بۆ ئەو پێشنیارەیان، ئەوە تەعبیر لەوە دەکات کە ڕێزیان هەیە بۆ هەڵەبجە و دانیشتوانی ناوچەی هەڵەبجە، من پێشنیارەکە زۆر پەسەند دەکەم لە دروست کردنی وەفدەکە بەڵام تێبینی من ئەوەیە بە دەستی خاڵی نەچن، ئەو وەفدەی کە دەچنە ئەوێ ئەگەر ووتارێکی هەبێ باشترە لە ووتارەکەدا داواکاری خەڵکی هەڵەبجە و گیروگرفتەکانیان بەرچاو بخرێت، من پێشنیار دەکەم کە پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی ئەو ریکخراوانەوە کە ئەرکی ئاوەدانکردنەوەی کوردستانیان گرتوەتە ئەستۆ، لە ڕێگای ئەوانەوە گرنگیەك بدرێ بە هەڵەبجە و (شێخ وەسان) و شوێنی دی کە زەرەرو زیانێکی زۆریان پێ گەیشتووە، سوپاس .
بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن ووتی : ئەو وەفدەی دەست نیشان دەکرێ ئەرکی ئەوەیە کە لەو ئاهەنگە ئامادە بێت کە بۆ بۆنەی رۆژی هەڵەبجە دەکرێت، ئینجا ووتەیەکی هەبێ شتێکی خراپ نییە پاشان ئەو خاڵانەی کە پێویستە لە ووتەکەدا بگوترێت باسی دەکرێت، هەندێ لەو قسانەی کە جەنابت کردت حەقە ئەندامانی ئەو ناوچەیە بەتایبەتی (هەڵەبجە) لە کاری رۆژانەی خۆیاندا هەوڵی بۆ بدەن و لەگەڵ کاربەدەستانی هەڵەبجە چارەی بکەن .
بەڕێز مەلا موحسین خالید ووتی : چەند کۆبونەوەیەك تا ئیستا کراوە نوینەرانی هەڵەبجە کە پێك هاتوون لە هەموو ئەو نوینەرانەی کە پەیوەندیان

هەیە بەو شارەوە تەنیا ئەوە داوا دەکەم لە پەرلەمانی بەڕێز کە داوا بکات ئەو لیژنەیەی کە دەڕوات وەکو برای بەڕێزم ووتی ووتاری هەبێ ئەمە باشە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەسەڵاتی ئەوەی پێ بدرێت کە لەگەڵ ئەو لیژنانە دابنیشن چونکە لە خودی هەڵەبجە (٥) لیژنە پێك هێنراوە بۆ هەموو کێشەو گیروگرفتەکان، هەندێکیان دیاری کراون بۆ ئەوەی پەیوەندی لەگەڵ پەرلەماندا بکەن، وە هەندێ ئیش و کارو گیروگرفتی تایبەتیان هەیە حەق وایە لە نزیکەوە ئەو وەفدە تەخویل بکرێت دوایی قسەکانیان بێتەوە پەرلەمان و شێوەی رەسمی وەربگرێ، سوپاس .

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ووتی :

ئەو لیژنەیە کێ پێکیهێناوە ؟ .

بەڕێز مەلا موحسین خالید ووتی :

بۆ هەڵەبجە خۆی لە نێوان دانیشتنەکان نوینەرانی هەموو چینەکان، هەموو لایەنەکان، هەموو کۆڕوکۆمەڵەکان، هەر هەموویان کۆنگرەو دانیشتن و شتی وایان کردووە، زۆر هەوڵیان داوە پێشنیارەکانیان لە ڕێی شەرعی یەوە بگەینن بە حکومەتی هەریمی کوردستان و پەرلەمان، ئیمە مەبەستمان ئەوەیە کە نوینەرانی پەرلەمان بتوانن قسە لەگەڵ نوینەرانی هەڵەبجەدا بکەن، تا بتوانن قسەکانیان بە پەرلەمان بگەینن، سوپاس .

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ووتی :

مامۆستا ئەندامی پەرلەمان بەتایبەتی هی ناوچەکە پێویستی بە (تەخویل) نییە، ئەوە کرۆکی ئیش و کاری ئەندامی پەرلەمانە، ئیشی ئەو ئەندامەیە کە بەدوای ئەو شتانەدا بچن و لێی بکۆڵنەوە .

بەڕێز نیهاد نورەالدین رەشید ووتی :

حەزدەکەم روون کردنەوەیەك بۆ هەردوو بۆچونەکەی مامۆستا موحسین و دکتۆر بکەم، مامۆستا باسی کرد کە لە هەڵەبجەدا لیژنەکان کۆبونەوەی خۆیان

**کردووە، وابزانم ئەمە پەیوەندی بە پەرلەمانەوە نییە، لە دواکاتدا کە هاتە بەردەست پەرلەمان ئەمە بابەتێکی ترە، بەڵام دەربارەی ئاوەدانکردنەوەی هەڵەبجە ئەوە لە توانادا نییە، بەڵام دامودەزگاکانی دەوڵەت ئەوەی تر کە حەقە دەست نیشان بکرێت هاتوچۆکردنە (مواصلات) لە رۆژی ١٩٩٣/٣/١٦، بریارە پەیوەندی تەلەفونکاری لە نێوان هەڵەبجە و سلیمانیدا هەبێ، گرفتی کارەباش، زۆر ئیشیان بۆ کردووە بەڵام پێویستیان بە ئۆتۆمبیل بوو، توانیمان پەیوەندی بە بەرێوەبەرایەتی کارەبای سلیمانییەوە بکەین لەبەر ئەوەی یەك ئۆتۆمبیل هەیە بۆ گواستنەوە، کە بە نۆرە بیان درێتێ، بەڵام ئەگەر لە هەڵەبجە چەند لیژنەیەکی تایبەتی پێك هاتووە ئەمە بابەتی خۆیانە، سوپاس .**

**بەرێز فرنسۆ تۆما هەریری ووتی :**

**پێشنیاری وەفدەکە پێشنیاری من بوو، من پێشنیاری ئەوەم نەکردووە بچن تۆیژینەوە بکەن، ئەندامی ناوچەی هەڵەبجە و سلیمانی هەموو رۆژێك دەتوانن بچن ئەو لێکۆڵینەوەیە بکەن، ئەو پێشنیارەی من کە کراوە بۆ بەشدار بوونە لە ئاهەنگەکە و بەس، وەختی تر دەتوانن بچن تۆیژینەوە بکەن، سوپاس .**

**بەرێز ئازاد عبدالقادر قەرەداغی ووتی :**

**بەراستی زۆر جار باسی هەڵەبجە دەکرێ، بەڵام هەندێ شوێنی تر کە کیمیا باران کراون نازانرێ و هەر باسی ناکرێ، ئیستا (گۆبتەپە) (١٠٠) شەهیدی هەیە، (جەعفەران) شەهیدی هەیە جگە لە ناوچەی بادینان، پێویستە لە رۆژی یادکردنەوەی هەڵەبجەدا بەلای کەمی لە راگەیاندن و ووتارەکاندا ناوی ئەو شوێنانە بێت، سوپاس .**

**١١ – لە کۆبونەوەی رۆژی ١٩٩٣/٣/١٦ دا و لە خاڵی یەکەمی بەرنامەی کاردا هاتووە :**

**یاد کردنەوەی رۆژی (هەڵەبجەی شەهید) .**

**بە رێز سەرۆکی پەرلەمان ووتی :**
**بەناوی گەلی کوردستان کۆبونەوەکەمان دەست پێ دەکەین، وەکو ئاگادارن ئەمرۆ رۆژی (هەڵەبجەی شەهیدە) بەم بۆنەیەوە و بە پێی ئەو بریارە کە داومانە، لە سەعات (١٠) دا دەبێ جووڵە لە سەرتاپای کوردستان رابوەستێ، بۆ ئەو مەبەستە تکاتان لێ دەکەین دەقیقەیەك رابوەستن بۆ گیانی پاکی شەهیدان، گشت شەهیدانی کورد و کوردستان،،،، کارەساتی هەڵەبجە یەکێکە لەو زنجیرە کارەساتانەی کە دوژمنانی میللەتەکەمان دەرحەق ئەم میللەتە خۆراگرە کردوویانە، پەڵەیەکی رەشیشە بە ناوچەوانی رژێمی فاشی بەغداوە، کارێکی درندانەی وا بێگومان مەگەر هەر لەوان بووەشێتەوە، بەم بۆنەیەوە وەکو پێشنیارێك لامان باش بوو لە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بانگەوازێك ئاراستەی هەموو پەرلەمانەکانی جیهانی بکات و جەخت لە سەر دوو سێ خاڵ بکەینەوە، لەوانە بانگەوازێك کە ئامارژە بکەین بەو رۆژە و کارەساتی هەڵەبجە کە چ بووە چ رووی داوە لەم رۆژەدا، هەروەها داوا بکەین بەو بۆنەیەوە هەوڵ بدرێ بۆ ئەوەی بەتەواوی چەکی کیمیاوی و بایەلۆجی بن بر بکرێ لە جیهاندا، هەروەها داوا بکرێ ئەم رۆژە بکەین بە رۆژێکی جیهانی بۆ قەدەغە کردن و لابردنی چەکی کیمیاوی و بایەلۆجی، ئەگەر بە پەسەندی بزانن ئەم بانگەوازە دەکەین بە بریارێك و پاشان دابرێژرێ و بلأوبکرێتەوە، ئەگەر تێبینی تریش هەیە حەز دەکەین گوێمان لێ بێ .**
**بەرێز حەسەن عبدالکریم بەرزنجی ووتی : بێگومان چاکترین هەڵویستە بۆ ئەوەی رۆژی هەڵەبجەی شەهید بکەین بە رۆژێکی جیهانی و یەکی ئایار کە رۆژی کرێکارانی جیهانە کە بە هۆی چەند کرێکارێك هاتووە، کە حوکمی لە سێدارەدانیان لە (شیکاگۆ) بۆ دەرچووە، لە پاشدان حوکمەکە هەڵوەشایەوە، بوو بە رۆژی کرێکارانی جیهانی و دەتوانین بڵێین شەهید بوونی هەڵەبجە بە خەڵکەوە، بە شارەوە، بە کشتوکاڵەوە هەمووی شەهید بووە، زۆر باشە کە**

یاداشتێکی وا بدرێتە پەرلەمانی دونیا، بەلاَم حەز دەکەم لە یاداشتەکەدا وا نیشانی بدەین کە حکومەتی عێراقی بەردەوامە لەسەر هەمان رەفتاری هەڵەبجە و کاول کاری کە دواییەکەیان ئەوە بووە، هێما بە عەوێنەی شەهید بدەین ئەوەش هەر هەمان زنجیرەیە و داواش بکەین رادەیەك بۆ ئەو تاوانانە دابنرێ چیتر میللەتەکەی ئیمە بەرەو نەمان نەبردرێ، سوپاس .

بەرێز سەرۆکی پەرلەمان ووتی :

بۆ ئەم بابەتە وەکو پێشنیاریك بەو شێوەیە بوو کە تیشك بخەینە سەر چەکی کیمیایی و کارەساتی هەڵەبجە بکەین بە نمونەیەك بۆ هەموو جیهان کە ئەو چەکە چ زەرەرێکی گەیاند بە خەڵکی کوردستان و چ زەرەرێك دەگەیەنێ ئەگەر رۆژێك لە جێگایەکی تردا بەکار بهێنرێت، بۆ ئەوەی عەوێنە بریارێکی ترمان هەیە، ئیستا خەریکی ئەو یاداشتەین .

بەرێز فرنسۆ تۆما هەریری ووتی :

من پێم وایە لایەنە سیاسیەکان یەکە یەکە وبەرەی کوردستانی بە تێکرایی، چەند ساڵ لەو رۆژەوە ئەو هەوڵەیان داوە، وەکو پێشنیار کە یاداشتێك بنوسرێ و عەرزی پەرلەمان بکرێ وەکو (فکرە) بۆچونێکی چاکە، سوپاس .

بەرێز سەرۆکی پەرلەمان ووتی :

چەند بەڵگەنامەیەکمان ئامادە کردووە تەنها دارشتنی ماوە لەبەر ئەوە لەوانەیە هەر ئەمرۆ بیدەین بە لیژنەی یاسا تەماشایەکی بکات و دوایی دەقەکەی بخەینەروو .

بەرێز عبدالخالق محمد رەشید زەنگەنە ووتی :

بەراستی من پشتگیری ئەو پێشنیارە دەکەم کە بەیانێك، بانگەوازێك لەلایەن پەرلەمانەوە دەربچێت بە تایبەتی کە بە بۆنەی یادی (٥) ساڵە وەیە بۆ ئەوەی ئەو رۆژە بکەنە رۆژی قەدەغەکردنی چەکی کیمیایی لەبەر ئەوە شتێکی زۆر باشە کاریگەریەکی باشی دەبێ، سوپاس .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ووتی :**

**دەبێ بڕیاری لەسەر بدەین، کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە ؟ .... کێ لە گەڵ نییە ؟ . بە تێکرای دەنگ پەسەند کرا .**

**١٢ – لە کۆبونەوەی ڕۆژی ١٩٩٣/٥/٩ دا و لە خاڵی تازە بابەت دا بەڕێز فرنسۆ تۆما هەریری ووتی :**

**ئیمە خاڵێکمان هەیە بۆ گفتوگۆ کردن، زۆر لە قوربانیەکان، مندالآنی هەڵەبجە لە دەرەوەن بۆ چارەکردن، ئەوانە چووبوون هیچ کەس و کاریان هەواڵیان لێ نازانن، ئەگەر بکرێ لە ڕێگای حکومەتی کوردستانەوە ئەو وەفدانەی دەچێ بۆ دەرەوە بەڵکو سۆراغیکیان بۆ بکەن بۆ ئەو مەبەستە لەوانەیە کاك شێخ محسن هەندێ قسەی هەبێت، سوپاس .**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ووتی :**

**ئەگەر چی خاڵی تر نییە تەنیا ئەو خاڵەیە کە جێگیر بکرێ، کێ لەگەڵ ئەوەیە ؟ کێ لەگەڵ نییە ؟ بە تێکرای دەنگ لە بەرنامەی ئەمرۆماندا جێگیر کرا .**

**بەڕێز مەلا محسن خالید ووتی :**

**با تەنها ئەوەی کاك فرەنسۆ فەرمووی لە ناوچەی هەڵەبجە زۆر لەوانەی کە خاوەنی ئەو خێزانە قوربانیانەن زۆر جار هەوڵ دەدەن لە ڕێگای پەرلەمانەوە، بەڵکو سۆراغێکی ئەو بریندارانەیان بۆ بکرێت چونکە زۆربەیان بەتەمای ئەوە بوون کە نەمابن، بەلأم لە ئیزگەی تاران و گەلێك ئیزگەکانی دەرەوە هەندێ جار زانیاریان لە بابەتی سۆراغی ئەوانەوە بۆ بلأوبۆەتەوە، لە خەستەخانەکانی وولأتانی بێگانەن، جا ئەمانەوێ ئەو خەڵکە دڵنیایی پەیدا بکەن لەوەی کە ماون یان نا ؟ چونکە ئەڵێن (الیاس، احدی الراحتین) ئەگەر دڵنیا بن لەوەی کە نەماون ئیسراحەتیان ئەکرد، بەلأم تا ئیستا لەوە دڵنیا نین و دڵنیاشن لەوەی کە لەو خەستەخانانە بریندار هەییە، لەبەر ئەوە سۆراغ کردنیان زۆر پێویستە، سوپاس .**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ووتی :**

**واتە وەکو داوایەك لە دەرەوە لە نوینەرانمان داوا بکەین کە سۆراغێکی ئەو بریندارانەمان بۆ بکەن، کە لە کارەساتی هەڵەبجە برینداربوون کە ئیستاکەش لە دەرەوەن بۆ ئەوەی بەزووترین کات ئاگاداری کەسوکاریان بکرێتەوە کە وەزعیان چۆنە ؟ ئەم راسپاردەیە بکەین و هەوڵ بدەین لە رێگای وەزارەتی کاروباری مرۆڤایەتی ئەو شتە ئەنجام بدرێت، دوایی دێینە سەر بەرنامەی کاری خۆمان .**

**١٣ – لە کۆبونەوەی رۆژی ١٩٩٣/٥/١٨ دا لە خاڵی تازە بابەت دا بەڕێز فرنسۆ تۆما هەریری ووتی :**

**هەڵەبجەی شەهید خاوێن نەکراوەتەوە، ئینجا زۆر بە کورتی ئەگەر پاشان ماوە هەبوو، شێخ موحسن پێشنیارێکی هەیە، پێشنیارێکی کورت ئەگەر پێویستی بە گفتوگۆ کردن هەبوو و ئەگەر رازی بوون دەکرێ و ئەگەر رازیش نەبوون ئەوە هیچ، سوپاس .**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ووتی :**

**جا ئایا ئەمە وەکو پرسیارێك لە حکومەت، یان وەکو تازە بابەت، لەبەرنامەدا جێگیر بکرێت ؟ .**

**بەڕێز فرنسۆ هەریری ووتی :**

**نەخێر پێشنیارێکە بۆ حکومەت، ئەگەر رەزامەندی لەسەر کرا ماڵیان ئاوا، ئەگەر رازیش نەبوون دەسەڵاتمان نییە .**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ووتی :**

**پرسیارێك لە حکومەت دەکرێ دەربارەی پاککردنەوەی هەڵەبجە .**

**بەڕێز مەلا موحسن خالید ووتی :**

هەڵەبجەی شەهید چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد کە میلیەتانی دەرەوە یارمەتی بدەن، کەچی تاکو ئیستا شتێکی کەم نەبێ بۆیان نەهاتووە، چاوەڕوانن لە حکومەتی هەرێم کە پتر ئاوریان لێ بداتەوە، سوپاس .

بەرێز د . کەمال عبدالکریم محمد فوئاد ووتی :

پێش ئەوەی کە بەرێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران وەڵامی پرسیارەکە بداتەوە، لەلایەن کاك (شەوکەت) وە روون کردنەوەی لەسەر قسەکانی مامۆستا مەلا موحسن هەیە، سوپاس .

بەرێز شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد ووتی :

ئەم داواکارییەی مامۆستا مەلا موحسن بۆ هەڵەبجەی شەهید، داواکاریی هەموو خەڵکی کوردستانە، ئیمە لەگەڵ دامەزراندنی کابینەی دووەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم داوایەمان پێشکەش بە کاك عەبدوڵلاّ کردووە (کۆسرەت) هەموو لایەك چاوەڕوانی خزمەت کردنی هەڵەبجە و هەموو شوێنێکی زیان لێ کەوتووی کوردستانین، سوپاس .

بەرێز عەبدوڵلاّ رەسوڵ / سەرۆك وەزیران ووتی :

سوپاستان دەکەین هەر خۆتان وەڵامی خۆتان بدەنەوە، وەك کاك (شەوکەت) گووتی، سەردانی هەڵەبجەی شەهیدمان کرد و بریارمان دا زۆر گرنگی بە داخوازییەکانی بدرێت و حکومەتی هەرێمی کوردستان هموو توانایەکی خۆی دەخاتە گەر بۆ خزمەتی هەڵەبجە و بنیات نانەوەی، سوپاس .

بەرێز موحسن خالید ووتی :

سوپاسی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەکەین، بۆ ئەو گرنگی دانەی بە هەڵەبجە و هیوادارین پەلەی لێ بکرێت، سوپاس .

١٤ – پەرلەمانی کوردستان لە پاش ئەم بەروارەوە هەتا روودانی کارەساتی سەرهەڵدانی شەری ناوخۆ کە لە رۆژی ١٩٩٤/٥/٤ دا دەستی پێ کرد کاری رۆژانەی گفتوگۆ کردن بوو لەسەر پەسەند کردنی پرۆژە یاسایەکانی تایبەت

بە وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێم، ئەمەش کارێکی ئاسان نەبوو، چونکە پێشتر لە کوردستان دا لەم جۆرە سیستەمانە نەبووە، هەروەها راگرتن و لە کار خستنی زۆرێك لە یاسا و بریارەکانی رژێمی عێراق کە زۆربەیان دژی گەلەکەمان دەرکرابوون، لە جێگای ئەوانە یاساو بریاری گونجاو گفتوگۆی لەسەر کراوە و پەسەند کراون، بۆیە بابەتی پەیوەست بە ناوچەی هەڵەبجە بە دیار نەکەوتووە .

راستە خەڵکی کوردستان بە گشتی زەرەرمەند بوە لە ئاکامی ئەو شەرە نەگریسە، بەڵام دەتوانین بڵێین هەرچۆن هەڵەبجەیەکان پێشرەو بوونە لە سەرهەڵدانی شۆرشەکان و قوربانی دان لە پێناویدا، هەرواش پشکی هەڵەبجەیەکان لە ئاکامی ئەو شەرە گەورە بوو، جگە لە شەهید بوونی چەندین کەسایەتی دیار و پێشمەرگەی قارەمانی شاخ و و بریندار بوونی چەندینی تر، ئەوا بەشی ئاوارە بونیشی کەم نەبوو کە بەم بۆنەیەوە جگە لە سنور بەزاندیان جارێکی تر بۆ ئێران، ئەوا بە چەند شێوازی جۆراو جۆر توشی ئاوارەیی ناوخۆی بوون و لەو پێناوەدا زەرەروزیانێکی زۆریان پێ کەوتووە، ئاوەدانکردنەوە بەو هۆیەوە هەر نەبووە، شارەکە و ناوچەکە بەدرێژای مێژووی ئەو شەرە هەمیشە جێگای رووبەروبونەوە بووە و نائارمی تێدا بووە، کەسایەتی ئەو سنورە لە ژیانی خۆی و ماڵو منالی بێ هیوا بووە، جگە لە داسەپاندنی ئابلوقەی ئابووری ناوخۆیی و بوونی گرانیەکی وا کە هەندێ خیزان زۆر ئازاریان پێوە دیبوو، ئەمە بارودۆخی تایبەتی هەڵەبجەیەکان بوو، هەتا ئاشتی بەهۆی هەوڵی خێرخوازان و مروۆ دۆستانەوە هاتە ئاراوە و ئەو هەورە رەشە نەگریسەش جارێکی تر لەسەر سەرمان رەویەوە، هەرچەندە ئازارەکانی ئاسەواری ئەو کارەساتە تازەیە گەورە بوو، بەڵام خۆراگری و لێ بوردووی گەلی کورد هەمیشە پێشەنگی تەواو کردنی کێشەکان بووە، بۆیە

دڵنیاین کە گەلەکەمان لەو ئەزمونە تاڵەش کەڵك وەردەگرێت و پشت بە یەزدان جارێکی تر شتی وا روو ناداتەوە .

١٥ – پەرلەمانی کوردستان چالاکانە ئەوەی لە دەستی هاتووە بۆ راگرتنی ئەو شەرە نەگریسەی کە لە کوردستاندا سەری هەڵدا و بەتایبەتی لە نێوان هەردوو لایەنی سەرەکی و پێکهاتوو لە دروست کردنی پەرلەمان و حکومەتی هەریمی کوردستان، هەوڵەکان بەو ئاقارەدا دەچوو نەهێڵرێت ئەزموونی کوردستان کە بە خوێنی شەهیدانی خەڵکی کوردستان هاتووەتە ئاراوە لە بەین بچێت، چەندین کۆبونەوەی نائاسای و بوێرانەی گریٚ داوە و رووداوەکانی ئەو شەرە نەگریسەی خستوەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە، چەندین جار بانگێشتی هەردوو سەرۆکی لایەنی بەشەر هاتووی بۆ هۆڵی پەرلەمان کردووە و لە هۆکار و هەنگاوەکانی کۆتای هێنان بە و شەرە داکۆکیان کردووە، چەندین لیژانی ئاسایی کردنەوە و راگرتنی شەرەکانیان ناردوەتە ناوچەکانی شەر و لە کاری پر لە مەترسیدار و کەوتنە ناو تەقە و رووبەروی چەندین ووتەی ناجۆر بونەتەوە، راپۆرتی تێروتەسەل لە هەوڵی راگرتنی شەر و ئاسای کردنەوەی بارودۆخەکان و هێنانەکایەی ئاشتی یان داوەتە پەرلەمان و گفتوگۆیان لەسەر کردووە، داوای چارەسەری شەرعی یان بۆ کێشەکان کردووە، لە رۆژی ١٩٩٤/١٣/٢٢ وە بۆ ماوەی (١٠١) سەدوو یەك رۆژ (٥٩) پەنجاو نۆ ئەندام پەرلەمان لە هەر سیٚ فراکسیۆن بە سەرۆك و سکرتێرەوە لە باڵەخانەی پەرلەماندا پەنا گیر بوون و داوای راگرتنی شەریان دەکرد و چارەسەری کێشەکان بە گفتوگۆ و گەرانەوەی شەرعیەت، ئەندامانی پەرلەمان لەگەڵ درێژە پێدانی شەر و کۆتای هاتنی وادەی خولی هەڵبژاردنی لە ١٩٩٦/٦/٤ دا توانیان خولەکە بۆ چەند جارێك بە کۆی دەنگی یاسای کە زیاتر لە نیوەی کۆی ئەندامان دەدرا، بە واتا لە پەنجاوسیٚ ئەندام زیاتر، لە مەترسی لە ناو چوون رزگار بکەن و وا درێژ کرایەوە هەتا یەکگرتنەوەی

هەردوو فراکسیۆن شەرعیەتی یاسایی خۆی هەبوو و کارەکانی ئاسای خۆی جێ بەجێ ئەکرد، هەتا هەڵبژاردنی خولی دووەم و لە یەکەمین کۆبونەوەیدا کۆتای بە خوولی یەکەم بێت، ئەم کارەش لە ٢٠٠٥/٦/٤ دا کۆتای هات، ئیستا دەگەرینەوە بۆ درێژە دان بە کارەکانی پەرلەمان .

١٦ – لە کۆبونەوەی رۆژی ١٩٩٧/٩/٢٣ دا بەرێز مام یاراحمد افراسیاب بەگ پاڵیوراوی سنوری ناوچەی هەڵەبجەی شەهید بوە ئەندامی پەرلەمان و سویندی یاسای خوارد .

١٧ – لە کۆبونەوەی رۆژی ١٩٩٨/٣/١٦ دا و لەبەرنامەی کاری کۆبونەوەکەدا خاڵی یەکەمی بریتی بوو لە (گفتوگۆ کردن لەسەر یادی کارەساتی هەڵەبجەی شەهید) .

بەرێز سەرۆکی پەرلەمان ووتی :

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان، دانیشتنەکەمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێ ئەکەین، خاڵی یەکەمی بەرنامەی کار، بریتیە لە یادکردنەوەی ساڵرۆژی هەڵەبجەی شەهید، ئیستاش دەقیقەیەك رادەوەستین بۆ یادی شەهیدانی ئەو کارەساتە، (پاش وەستانی دەقیقەیەك) فەرموون .

بەرێزان هەموو ئاگادارن لە رۆژێکی ئاوهادا لەساڵی ١٩٨٨، شاری هەڵەبجەی شەهید کەوتە بەر هێرشێکی نارەوا و درندانە، بە چەکی کیمیاوی و بایۆلۆجی ئەم شارەیان وێران کرد، ئاکامی ئەم هێرشە درندانەیە بووە هۆی شەهید بوونی زیاتر لە (٥) پێنج هەزار کەس لە ژن و منالّ و پیرەمێرد و بریندار بوونی دەیان هەزار کەس کە برینی زۆربەی زۆریان برینێکی کاریگەر بوو، هەروەها بووە مایەی ئاوارەبوونی زیاتر لە (٦٠) هەزار کەس لە خەڵکی هەژار و ستەمدیدە بۆ ئێران، هەر وەکو بەرێزتانیش ئاگادارن کارەساتی هەڵەبجەی شەهید هەر ئەوەندە نەبوو، بەڵکو ئاسەواری ئەو تاوانە ئیستاکەش بەردەوامە، بە پێ دوازانیاری زانستی، چەند پسپۆرێك لەسەر ئەم بابەتە کە

چوونە هەڵەبجەی شەهیدیش، پاش لێکۆڵینەوە گەیشتنە ئەو بروایەی کە ژیان لەو شارەدا نەماوە، هەروەها نەخۆشییەکی زۆریش بڵاوبوەتەوە، ئاو و دار و بەرد و خەڵکی ئەو شارە دەردەدارن وەکو شارێکی دەرداوی لێهاتووە، بەداخەوە ئەمرۆی کوردستان بە شێوەیەکە کە تا ئیستاکە نەمانتوانیوە ئەو کارەساتە وەکو خۆی بخەینە بەر چاو، هەروەها نەمان توانیوە هەموو توانا و وزەیەکی حکومەتی کوردستان بخەینە گەر بۆ ئەوەی بتوانین کەمێك لە ئێش و ئازاری ئەو خەڵکە کەم بکەینەوە، یاخود چارەیەك بۆ بارودۆخیان بدۆزینەوە، ئۆمیدمان وایە رەوتی ئاشتی بەرەو پێشەوە بروات و حکومەتی هەریمی کوردستان دەستی بگاتە ئەو ناوچەیە و بە گوێرەی توانا بتوانێ هاوکاری ئەو خەڵکە بکات، بەم بۆنەیەشەوە بەش بە حاڵی خۆمان لە دەستەی سەرۆکایەتی و بە ناوی ئێوەشەوە سەری رێزو نەوازش بۆ گشت شەهیدانی هەڵەبجە و هەموو شەهیدانی کوردستان دائەنەوێنین، هیوا دارین بتوانین لە داهاتوویەکی نزیکدا ئەو کارەساتە و راستییەکانی ئەو کارەساتە بخەینە پێش چاوی هەموو خەڵکی کوردستان، هەر بەم بۆنەیەشەوە داوا لە بەرێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەکەین کە ووتەیەکمان پێشکەش بکات، با بفەرمووێ .

بەرێز د . رۆژ نوری شاوەیس / سەرۆکی وەزیران ووتی :

لە راستیدا ئەمرۆ رۆژێکی مێژووییە لە مێژووی گەلی کوردا، بە تایبەتی لە خەباتی گەلی کوردستان، کە پێش ١٠ ساڵ لەمەو بەر، دووچاری تاوانێکی گەورە بوو، لیرەدا پێویست بەوە ناکات من باسی کارەساتی هەڵەبجە بکەم کە چۆن بووە و چۆن نەبووە، کارەساتی هەڵەبجە بە پلەی یەکەم ئەوە نیشان دەدات کە دوژمونانی کوردو کوردستان چەند درەندەن و چۆن لە هیچ شتێك سلْ ناکەنەوە کە بەکاری بهێنن دژ بە گەلی کوردستان بۆ ئەوەی نەگاتە ئامانجەکانی، کارەساتی هەڵەبجە بۆ یەکەمین جارە لە مێژووی جیهانیشدا

نەك لە عێراق یا لە كوردستان كە حكومەتێكی مەركەزی چەكی كیمیاوی برامبەر بە گەلی خۆی بەكار دێنیّ، هەروەها یەكەم جاریشە لە دوای قەدەغەكردنی چەكی كیمیاوی لەسەر ئاستی جیهانی بەكار بێت، وەكو چەكێكی كۆمەڵ كوژ و خەڵكێكی زۆری بیّ تاوان لە ژن و منداڵ و پیرو لاوی پیّ بكوژریّ، ئێمە وەكو گەلی كوردستان ئەبیّ ئەم رۆژە هاندەرمان بیّ و زیاتر سوورمان بكات لەسەر خەباتمان . هەروەها درێژەی دا بە ووتەكانی و ووتی، هەڵەبجە هەرچۆنێك بیّ بیرەوەریەكی سامناكە، كە لە مێژووی میللەتەكەماندا ئەمێنیّ، لە ویژدانی هەموو خەباتكارێكی كوردادەمێنیّ و نیشانەی درندایەتییەكی گەورەیە بە نێوچاوانی دوژمنانی كوردەوە، جێگای داخە كە ئەمرۆ شاری هەڵەبجەی شەهید، دوورە لە دەسەلاّتی شەرعییەتی هەرێمی كوردستان، بۆیە بەداخەوە دەڵیم لەم ماوەیەی كە ناسراوە بە ماوەی ئاوەدان كردنەوە و ماوەی خزمەتگوزاری، شاری خۆشەویستی هەڵەبجە و چەندین شاری تریش لەم خزمەتگوزاریانە بە دوورن، ئێمە یەكێك لەو مەسەلانەی كە هانمان دەدات و بۆ ئاشتی پاڵمان پێوە ئەنیّ و رێگەی ئاشتیمان بۆ خۆش دەكات ئەوەیە كە بتوانین خزمەتی هەموو شوێنێكی كوردستان بكەین و بە یەك چاو و بە یەكسانی تەماشایان بكەین . هەروەها ووتی : وەكو ئەزانن ئەمرۆش لەسەر ئاستی هەموو هەرێمی كوردستان دا بایەخێكی تایبەتی بە (١٦) ی ئازار دراوە، رۆژی كارەساتی هەڵەبجە، گەلی كورد بە شێوەیەكی گشتی، ئەتوانم بڵێم هەموو دەزگاكانی چ لە ناوەوە و چ لە دەرەوە هەوڵێكی تایبەتی دەدەن كە ئەم رۆژە ببێتە رۆژێكی جیهانی دژی بەكار هێنانی چەكی كیمیاوی، ئیمە پێویستە لەسەر ئەو خەباتە بەردەوام بین و لەم رێگایەشەوە هەوڵ و كۆششمان بەردەوام بیّ بۆ ئەوەی ئەو رۆژە لەسەر ئاستێكی جیهانی بچەسپیّ كە رۆژیكی جیهانی بیّ دژی چەكی كیمیاوی .

بەرێز مەلا موحسین خالید مستەفا ووتی :

بابەتی هەڵەبجەی شەهید و هەموو ئەو جێگایانەی کە کەوتنە بەر زوڵمی زۆرداران لەسەر هەڵوێست بوو، لەسەر نیشتیمان پەروەری بوو، لەسەر پابەندی بوو بە ئادابی نیشتیمان پەروەری، کە ساڵەهای ساڵە لە کوردستانی ئێمەدا ئەو خەڵکە بەوە ناسراوە، خوا لە قورئانی پیرۆزدا ئەفەرمووی (وهم علی ما یفعلون بالمؤمنین شهود و مانقموا منهم الا ان یؤمنوا باللە العزیزالحمید) خەڵکێکی رەوشت بەرز و خاوەن ئەخلاق و نەریەتێکی ئایینی و دیندار لەبەر ئەوەی نەیاندەویست لە هەڵوێستی خۆیان پەشیمان ببنەوە و لە ناو شەقام و جادەکانی هەڵەبجە خۆپیشاندانیان کرد بۆ بەرپەرچ دانەوەی ئەو زوڵم و زۆرەی کە لەگەڵیان دەکرا، لێپرسراوانی رژیم دەیان گووت چونکە ئەوان ئەو دروشمەیان هەڵگرتووە، لەبەر ئەوە ئەبێ دووچاری گەورەترین سزا و نارەحەتی ببن .

لە درێژەی ووتەکەیدا چەندین نمونەی تری تاوانەکانی رژێمی هێنایەوە، بۆیە لە کۆتایی دا ووتی : تەنها من تکام ئەوەندەیە، ئەم کارەساتە دڵتەزێنانە تەنها بۆ گێرانەوە نەبێ، بەڵکو رێزلێنان و بایخ پێدان بێت .

بەرێز عەفان عوسمان نەقشبەندی ووتی:

سەبارەت بە خۆم، کە خەڵکی ئەو ناوچەیەم و (١٦) کەس لە نزیکترین کەسم لەم کارەساتەدا گیانیان سپارد، هەر چەندە هەموو میللەتی کورد زەرەرمەند بووە لەو ماوە زەمەنییە لە کوردستاندا، ئەوەی پێم باشە لێرە زیاتر بیرەوەری بکەین، خوای گەورە لە قورئاندا دەفەرمووێ (ولا تحسبن الزین قتلوا فی سبیل اللە امواتا بل احیا و عند ربهم یرزقون)، کۆمەڵێکی زۆر لە پیاوانی پەروەردە کە قوتابی بوون لە باغچەی ساوایانەوە هەتاکو ئامادەییەکان (١٣١٠) هەزارو سێسەد و دە قوتابی بوون، ژمارەی ئەو مامۆستایانەی کە بەدەست ئێمە گەیشتووە و کاتی خۆی پەیکەرێکی تایبەتمەندمان لە شاری هەڵەبجەی شەهیدا کە (١٩) مامۆستان لە دەوامدا بوون بۆ کردن، (١٤) مامۆستایان

خانەنشین بوون، لەبەر ئەوەی خانەوادەکانیان زۆر بە تەئکید هەموو جارێ داوامان لێ دەکەن کە ناوی ئەو شەهیدانەمان بەرز بکەینەوە، پێم چاکە ئەگەر ڕێگامان بدەن ناوی ئەو شەهیدانتان بۆ بخوێنمەوە، ئەو شەهیدە تێکۆشەرانەی کە مامۆستا بوون و سوور بوون لەسەر ئەوەی کە خوێندن لە هەڵەبجە بەردەوام بێ، لەوانە :

مامۆستای شەهید هیوا حلمی بوو کە باوکی یەکێکە لە شەهیدانی شۆڕشی ئیلول .

مامۆستای شەهید تۆفیق عبدالکریم .

مامۆستای شەهید گوڵزار عبدالکریم .

مامۆستای شەهید فاتمە عبدالکریم مەحمود .

مامۆستای شاعیر و شەهید جەلال شێخ حسێن عازەبانی .

مامۆستای شەهید خوشکە ئایشە ڕەشید .

مامۆستای شەهید روقیە رشید .

مامۆستای شەهید چیمەن مستەفا عەزیز .

مامۆستای شەهید حەمیدە مستەفا عزیز .

مامۆستای شەهید کەژاڵ حمە سەعید .

مامۆستای شەهید دولبەر لەتیف قادر .

مامۆستای شەهید فەتاح حەمە سەعید .

مامۆستای شەهید دڵگیر سالح هەژار .

مامۆستای شەهید شیرین باقی مەحمود .

مامۆستای شەهید ڕەسوڵ عوسمان .

مامۆستای شەهید عبدالکریم حامد مجید .

مامۆستای تێکۆشەری خانەنشین فاتمە مەلا حەسەن کە گیانی پاکی ئەسپارد و لەسەر جادەکە کەوتبوو، کە بەدرێژای (٣٠) ساڵ خزمەتی پەروەردەی کردبوو .

ئەمانە هەمووی کۆمەڵێك بوون جگە لە کۆمەڵێکی زۆر لە قوتابیان وەکو باسم کرد، ئەمە لە کاتی خۆیدا پەیکەرێکی رێکوپێکیان بۆ دروست کرا، لە دەرگای شاری هەڵەبجە ئەو شوێنەی کە زیاتر زەرەرمەند بوو، رێی (عەنەب) لە کانی پەلکە دامان نا، بەلاّم لە پاش ماوەیەك ناحەزان ئەو پەیکەرە پیرۆزەی کە تەمسیلی هیچ شتێکی نەدەکرد و تەنها هێما بوو بۆ مامۆستا، ناوی هەر هەموو مامۆستاکان لە ژێریدا نوسرابوو، شکاندیان و فرێیاندا، ئیستا ئێمە دیسانەوە بەناوی ئەو مامۆستایانەوە و بەناوی سەرجەم مامۆستایانی کوردستان و بەناوی برایانم لە لیژنەی پەروەردە لە پەرلەمانی کوردستان، بەڵێن ئەدەین مامۆستایان و پەروەردە هەردەم لە خزمەتی رێرەوی میللەتەکەیان بین و هەردەم قوربانیدەری یەکەم بین، چۆن لە سەرەتای شۆرشی ئەیلول یەکەم شەهیدی ئەم شۆرشە مامۆستا حەسیب بوو، هەتاکو ئەگاتە دوایین شەهیدمان مامۆستا عوسمان گەلاّلی، نزیکی (٣٩٧) شەهیدمان داوە، ئیتر پێم باش بوو لەم رۆژەدا ئەم شەهیدانەش کە زیاتر لە (٣٧) مامۆستامان شەهیدی ئەنفالن، ناوەکانی ئەوانیشمان لایە، لەم رۆژەدا ناوی ئەو شەهیدە بە کیمیا کوژراوانەی هەڵەبجە کە مامۆستا بوون لەم مینبەرە پیرۆزەدا راگەیاند، سوپاس .

بەرێز عبدالخالق محمد رەشید زەنگەنە ووتی :

بەراستی شتێکی وا زۆرم لەسەر قسەکانی سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و ئەو برادەرانەی کە قسەیان کرد نییە، ئەم کارەساتە کە لە پێش (١٠) ساڵ روویدا کارەساتێکی زۆر گەورە بوو، قوربانیشی زۆر بوو، ئەوەندە دەڵیم ئەوە یەکەمین جارە لە دنیادا حکومەتێك میللەتی خۆی بداتە

بەر چەکی کیمیاوی، لەوانەیە کارەساتی تر بووە لە دنیا، وەکو هێرۆشیما و ناکازاکی، بەڵام وولاّتێکی تر لە دەرەوە هاتووە و لێی داوە، هەروەها لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم چەند جارێك بەکار هێنراوە، بەڵام یەکەمین جارە حکومەتێك خۆی دژی میللەتی خۆی بەکاری بهێنێ، کە بووە هۆی شەهید بوونی (٥٠٠٠) کەس و بە هەزاران کەسیش بریندار و دەربەدەر بوون، ئاسەواریشی هەتاکو ئیستا ماوە، ئەوەی لەم رۆژانە لە تەلەفزیۆنەکاندا بینیمان بەسە بۆ ئەوەی بڵێن ئاسەواری ئەم تاوانە بۆ چەند وەچەیەکی تر لە منالأنمان ئەمێنێتەوە، نەك تەنها مرۆڤی گرتوەتەوە بەڵکو ئاژەڵ و تەیریشی گرتەوە و ئاوەکانیشمان لەو شوێنە هەتاکو ئیستا ئاسەواری بە ژاراوی بوونی تیادایە، راستە ئەو کارەساتەش کارەساتێکی گەورەبوو، سەبارەت بە ئیمەوە زیانێکی زۆریش بوو، بەڵام من ئەتوانم بڵێم ئەوەیە کە ئەو میللەتە زۆر قوربانی دا بۆ ئەوەی بگاتە ئامانجی خۆی و هیچ میللەتێکیش نەگەیشتوەتە ئامانجی خۆی بێ قوربانی دانێکی زۆر، میللەتی ئێمەش کە هەرەشەی لێ کراوە بە قرکردنی رەگەزی، مەسەلەی کیمیاوی یەکێکە لەو رێگایانە وەك چۆن مەسەلەی ئەنفال و راگوێزان و بە عەرەب کردنی شارەکانی کوردستان، لەبەر ئەوە بەرای من راستە کارەساتێکی گەورە بوو بەرامبەر بە میللەتەکەمان، لە هەمان کاتیشدا کاریگەریەکی هەبوو لەسەر رای گشتی لە ناوەوە و دەرەوە و لەلای گەلانی ناوچەکە و لە دنیادا کە دۆزی کورد بابەتێکی رەوایە، مەزڵومیەتی زۆرە و ئەو حکوماتە دیکتاتۆریە و شۆڤینیانەی لە ناوچەکەن بە راستی زوڵمێکی گەورە لە میللەتێکی ئاشتیخوازی وەکو میللەتی کورد دەکەن، ئەتوانم بڵێم کاریگەرییەکی باشی هەبوو بۆ ئەوەی کێشەی کورد لە دونیادا بناسرێ، سوپاسی ئەو راگەیاندنانە دەکەین کە دەوریان هەبوو لە گەیاندنی هەواڵەکە، بەراستی ئەوەی کاریگەرێکی دەروونی کردە سەر رای گشتی مەسەلەی هەڵەبجە بوو .

**بەرێز د . قاسم محمد قاسم ووتی :**

**بەرلـەوەی خۆتێکەڵکردنەکـەم بخەمـە روو، دەمـەوێ ئامـاژە بـە ووتـەی بـەرێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بدەم کە شاری هەڵەبجەی شەهید تاوەکو ئەمرۆ بێ نازە لە خزمەتگوزاری حکومەتی هەرێم، هیوادارین لـە کابینـەی سێیەم کە برێك پارە پێشکەش بە شاری هەڵەبجە بکات بۆ ئاوەدان کردنـەوە و دەست بەکاربوونی ئـەو پرۆژانـەی کەلـەکار کـەوتوون و خزمـەتگوزاری فراوان تـری لێ بکرێت، هەر چەندە جێ پەنجەی پارتی لەم شارە هەر ماوە کاتێ کە پارتی لەم شارە بووە، وەکو دروست کردنی پرۆژەی ئاوی خواردنـەوە و دروست کردنـی شـەقام و ئاوەدانکردنـەوە، سـەرەرای ئەمـەش داوا لـە حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان دەکـەین کـە برێـك پـارە پێـشکەش بـەم شـارە شـەهیدە بکرێـت، بەراستی رۆژی ١٦ی ئادار رۆژێکی مێژووییە لە بەر ئەم دوو هۆیە :**

**١ – زوڵم لێکراویەتی گەلی ئێمە ئاشکرا دەکات کە چ زوڵم و زۆرداری لـە ئێمـە کـراوە، بـەبێ ئـەوەی کـە هـیچ پاسـاوێك هـەبێت کـە ئـەو تاوانـە گـەورە دژ بـە میللەتەکەمان بکرێت .**

**٢ – درندایەتی و تاوانباری ئـەو کەسانە بەدیار دەخـات کـە چـەند درنـدە و چ جۆرە تاوانێك دژی گەلی ئێمە و دژی مرۆڤایەتی ئەنجام دەدەن .**

**تاوانی هەڵەبجە لەوانەیە تاوانی یەکەم نەبێت، بەر لـە تـۆپ بـارانکردنی شـاری هەڵەبجە بە دیاری کراوی ساڵی ١٩٨٧ چەند چەند گوندێکی دەڤەری هـەولێر تۆپ باران کران وەکو شێخ وەسان و مەلەکان و بالیسان و بە دەیەها هاووڵاتی پیر و ئافرەت و منالْ بونە قوربانی .**

**هـەروەها لـە درێـژەی ووتەکانیـدا ووتـی : ئـەم تاوانـە تـاوانێکی زۆر گەورەیـە وەکو گوتمان زوڵم لێکراوی میللەتی ئێمە بە دیار دەخات و بۆ خـەڵکی دیـاری دەکـات کـە ئـەمرۆ نـاوی هەڵەبجـە لەگـەڵ نـاوی هێرۆشـیما و ناکـازاکی بـاس ئـەکرێت و وەکـو ناسـنامەیەکی لێهـات بـۆ گـەلی کـورد، هەرچـەندە تاوانێکـە و**

رۆژێکی رەشە لە مێژووی ئێمەدا کەبووە هۆی شەهید کردنی زیاتر لە پێنج هەزار کەس و بریندار کردنی زیاتر لە پێنج هەزار کەسی تر کە زۆر بەیان و بە رێژەی ٧٥٪ لەمانە پیر و ئافرەت و منالْ بوون، کە هەر هەموویان لە ماوەی (١٠) دەقیقە دا شەهید بوون .

دوا ووتەی بەرێزیان ئەوەبوو :

لێرەدا من دوو پێشنیار ئەخەمە بەر دەستی سەرۆکایەتی پەرلەمان و پەرلەمانتارە بەرێزەکان :

١ – پێشنیار دەکەم کەوا حکومەتی کابینەی سێیەم برێك لە پارە پێش کەش بە خەڵکی شاری هەڵەبجە بکات، چونکە وەکو سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ئاماژەی بۆ کرد کە ئەم شارە تایبەتمەندی خۆی هەیە و پشتگوێ خراوە، بۆ دروست کردنی پرۆژە خزمەتگوزاریەکان .

٢ – پێشنیار دەکەم جولآنێك لەلایەن ئەو پارتانە بکرێت کە بەشداری شەری ناوخۆیان نەکردووە هەوڵی رێگە خۆش کردن بدەن بۆ شاندێکی پەرلەمان، یان ئێمە هەموو بەیەکەوە تاوەکو بچینە سەر گۆری شەهیدانی کارەساتی هەڵەبجە بۆ خوێندنی فاتیحە لەسەر رۆحی ئەم شەهیدانە و لەوانەیە دەنگدانەوەیەکی خۆشی هەبێت و ببێتە هاندەرێك بۆ هەردوو لا تاوەکو ئاشتی زیاتر لە کوردستان بەرقەرار بێت، سوپاس .

بەرێز شمائیل نەنۆ بنیامین ووتی :

فی هذا الیوم نقف اجلالا و اکراماً لارواح الالاف من الابریاء العزل من الاطفال و الشیوخ والنساء، فی هذا الیوم نقف اکراماً لحلبجة الشهیدة ضحیة القصف الکیمیاوی، تلك الجریمة النکراء التی اهتزت لها الضمائر الحیة فی کافة الارجاء المعمورة، ان کارثة الحلبجة تشکل ذرة فی مسلسل المواقف العنصریة والمواقف اللامسؤلة، التی جابة بها التطلعات المشروعة، التطلعات القومیة الانسانیة المشروعة لشعب الکوردی الشقیق فی وطننا، واذا کانت

**الاسلحة الكيمياوية محرمة، محرمة دولياً فى الحروب وفى استخدامها ضد الطرف المقابل، فما بالك اذا استخدم ضد الابرياء**

**بەڕێز فەوزیە عزالدین ڕەشید ووتی :**

**ئەمڕۆ یادی گەورەترین تاوانە کە دژ بە میللەتەکەمان کرابێ، من نامەوێ قسەی بەڕێزان دووبارە بکەمەوە، تەنها یەك دوو پێشنیاری دیاری کراوم هەیە کە بۆ شاری هەڵەبجەی شەهید بکرێ، ئەویش ئەوەیە کە یەکەم، میلێك (نصب)ێك بکرێ لە شاری هەڵەبجەدا و ناوی ئەو شەهیدانەی هەموو تیا تۆمار بکرێ، هەر وەکو لە هەموو دونیادا شتی وا دەکرێ، چونکە ئەمە تاوانێکی مێژووییە و دەبێ هەتا هەتایە بمێنێتەوە، چونکە ئەمە تاوانێکی ڕەشە و ئیشێکی خراپە کە لە مێژوودا دژ بە میللەتی کورد کرابێ، دووەم پێشنیارم ئەوەیە کە پانۆرامایەك لە پایتەختی هەرێمدا بکرێت، داوا لە هونەرمەندان بکرێت ئەو وێنانەی کە هەن و لە فلیمەکاندا بلاوبونەتەوە تیایدا بەرجەستە بکرێت بۆ ئەوەی هەر میوانێك یا هەر شاندێك لە دەرەوە دێ یا هەر کاتێك کە یادی هەڵەبجە ئەکەینەوە، بچینە سەر ئەو پانۆرامەیە و لە یادمان دەرنەچێ، شتێکی کەش ئەوەیە، کە قەرەبووی زەرەرو زیانی ئەو شەهیدانە بکرێتەوە بۆ ئەوەی لە شوێن بەجێماوانی شەهیدەکان سوودی لێ ببینن، ئەویش لەلایەن ئەو کۆمپانیانەوە کە چەکی کیمیاویان فرۆشتووە بە رژێم و ژمارەیان ئەگاتە (٢٠٧) کۆمپانیا، ئەویش بەوەی کە بدرێتە دادگا و بە پێ یاسا و داوای قەرەبووی زەرەرو زیانییان لێ بکرێ ....هتد .**

**بەڕێز جەعفەر علی عبدالعزیز ووتی :**

**بەراستی لەم یادە خەمناك و کارەساتەدا لەم کۆستە گەورەدا، لە یادی ئەو تراجیدیای مەرگەساتەدا، کەسێك ناتوانی بە چەند وشەیەك ناخ و دەروونی خۆی دەربڕێ، چونکە بەراستی ئەو کارەساتە دڵتەزێنە ئەو تراژیدیای کوشتنە نەك تەنها ویژدانی کوردی هەژاند بەڵکو ویژدانی هەموو مرۆڤ**

دۆستێکی هەژاند تەنها زەمیر و ویژدانی دوژمنانی کورد و کوردستان نەبێت کە وژدانیان مردووە، لە درۆشمی مەرکەزی پارتیدا لە سروودی رێبازی بارزانی نەمردا لە برگەیەکدا زۆر بە جوانی باسی هەڵەبجە دەکات کە دەڵێت (رێی ئاراسە و هەندرێنە مەنزڵمان، پێناسەیە هەڵەبجەی زامی دڵمان)، بەراستی ئەوە وەفایەکە بۆ شەهیدانی هەڵەبجە ئەوە رێزێکە بۆ ئەوەی ئەو یادە لە بیر نەچێتەوە، دەساڵ لەمەوبەر لەوەها رۆژێکدا فرۆکەکانی رژێمی عێراق شاری هەڵەبجەیان بۆردومان کرد، لە چەند چرکەیەکدا زیاتر لە گیانی پێنج هەزار مرۆڤی کورد لە لاو منداڵ و گەورە و بچوك کەوتەسەر زەویٚ و شارەکە بووە گۆرستانێکی مەرگ، نەك هەر تەنیا مرۆڤ، بەڵکو پەلەوەرو ژینگەو دارو درەخت و ئاژەڵەکانیشی تیا نەمان، ژمارەیەکی زیاتر لەوە بریندار بوون بە کارەساتی کیمیاباران تووشی سەدان نەخۆشی کوشندە بوون کەزۆربەیان تا ئیستا بەو نەخۆشیانەوە ئەناڵێنن و لەوانەیە لە دوا ییشدا ببێتە هۆی دەرکەوتنی نەخۆشی کوشندەتر و کاریگەرییەکی خراپی هەبیٚ لەسەر ژینگە و تاماوەیەکی زۆریش ئەو کاریگەرییەی بەردەوام بێت،

ئەوانەی کە مانەوە، ئەوانەی کە لەدەست ئەم کیمیابارانە رزگاریان بوو بەشێکیان روویان کردە ئێران لەویٚ کەوتنە ئۆردوگاکانی ئاوارەیی ئێران، ژیانی ئاوارەی و تاڵی دوورە ولاٚتیان چێشت هەتا ئیستاش ژمارەیەکی زۆریان لەویٚ هەر ئاوارەن، بەشەکەی تریش کە گەرانەوە ژێر دەسەلاٚتی رژێم، رژێم نەك هەر ئەوان بەڵکو هەر کەسێك ناسنامەی هەڵەبجەی پیٚ بووایە هەمووی کۆکردنەوە و هێنانی بۆ ئۆردوگای بەحرکە و بەرحوشتر و شاخۆلاٚن بۆ ئەوەی لەویٚ بەبیٚ ئاو، بەبیٚ نان، بەبیٚ توانای بەردەوام بوونی ژیان بمرن، بەلاٚم عەگیدی و جوامێری و دڵسۆزی و وەفاداری خەڵکی هەولێری بەشەرەف و دەوروبەری وای کرد کە ئەو پیلانە گلاٚوەی رژێم سەر نەگریٚ و وای کرد کە رژێم نەتوانیٚ مەنعی گەیاندنی هاوکاری و یارمەتی خەڵکی بەشەرەفی هەولێر

و دەوروبەری بکات و ئەوانی لە مردنێکی حەتمی ئەوەی کە مابۆوە لەو ئۆردوگایانە رزگاریان ببێت، زۆربەی وڵاتانی جیهان لە راگەیاندنەکانیاندا لە تەلەفزیۆن و رادیۆکاندا باسیان کرد و لە زۆربەی ووڵاتانی جیهاندا رێپێوان کرا و تەنها لەیەك شاردا قەدەغە کرا ئەویش کە مۆسکۆ بوو ئەو کاتە نەیهێشت رێپێوانەکە بکرێ و قەدەغە کرا ......هتد .

بەرێز یحیی عبدالکریم بەرزنجی ووتی :

هەڵەبجە شاری شەهید، شاری مەرگەسات، شاری ژیان تیا تاسێنراو، شاری لە سێدارە دراو، بەر لە دە ساڵ لە رۆژێکی وەك ئەمرۆدا رق و کینەی دوژمنانی مرۆڤ و دوژمنانی بیروهەستی مرۆڤایەتی و دوژمنانی جوانی و خۆشەویستی، دوژمنانی کورد رق و کینەی پەنگ خواردوویان تەقییەوە بەسەر هەڵەبجەی جوانەمەرگدا بۆ یەك جاری کردیان بە مەزارگای شەهید، لە دوا چارەکی سەدەی بیستەمدا ساوای سەر بێشکە و پیری پەککەوتە و کیژۆڵە و کورگەل بە هەزاران سەربران، دەستی زوڵم و زۆرداری بیناقاقەی گرتن و هەزارانی بێ گوناه ژیانیان لە گەرویاندا تاسێنرا، ئەمرۆ (٣/١٦) رۆژی ماتەمی کوردانە یادی کارەساتەکانە، یادی (٢٠٠) هەزار رۆڵەی بێ سەرو شوێن کراوو، یادی چەند هەزار گوندی خاپوور کراوە، یادی بالیسان و یادی هەڵەبجەیە، یادی سەی وسینان و گۆپتەپەیە، یادی زوڵم و ستەم بارینە لە کوردستانا، دەبا لەم رۆژەدا لە بیرەوەری دەیەمین ساڵی کۆستی هەڵەبجەی شەهیدا بیری دونیای بخەینەوە، یادیان بێنینەوە، لە دوا چارەکی سەدەی بیستەمدا لە ٣/١٦ میللەتی کورد تاوانێکی ئاوا گەورەی دەرحەق کرا، با دونیا مەزڵومیەتی نەتەوەکەمان ببیستێ با بزانن کە ناحەزانی گەلەکەمان ئەگەر دەستیان نەگاتە کورد ئەنفالی کەن لە دوریشەوە بۆیان بکرێ کیمیابارانی دەکەن، ئەیتاسێنن، با هەوڵ بدەین ٣/١٦ ببێ بەو رۆژەی یادی هەڵەبجەی شەهیدی تیا بکرێتەوە و ببێ بە رۆژێکی جیهانی بۆ بەرگری کردن

لە ستەمدیدەکانی دونیا، ببێ بە ڕۆژی بەرگری کردن لە مافی مرۆڤ، با هەوڵ بدەین ٣/١٦ ببێ بە ڕۆژی ڕیسواکردنی دوژمنانی مرۆڤ و ببێ بە ڕۆژی نەعرەتەی کوردایەتی، ببێ بە ڕۆژی مەشخەڵی ئاشتی و ئازادی و دیموکراتی .ڕێزم هەیە بۆ هەموو پێشنیارەکان ئەوەی کە ویستم لە دوا وشەما بیری هەموو هێژایانی بێنمەوە، هەڵەبجە بە گوێرەی دوا ڕاپۆرتی پزشکی ئەبێ بگویزرێتەوە، ژیان لەوێ ئیفلیج بووە، ناتوانرێ لە هەڵەبجە دا ژیان بەردەوام بێ، با ئەو ساوایانەی کەماون و ئەوانەی لە دوای ئەوەش ئەبن و ئەژین با ئەوان ڕزگار کەین لە مەرگ و لە نەخۆشی پیس و لە شێرپەنجە، سوپاس .

بەڕێز سەفەر محمد حسین ووتی :

لەڕۆژێکی وەکو ئەمرۆدا بەر لە دە ساڵ دوای جەنگی جیهانی دووەم گەورەترین تاوان لەم چەرخەدا ئەنجام دراوە، دەرحەق شاری هەڵەبجەی شەهید و دانیشتوانی ئەم شارە، ئەویش لێدانیان بە چەکە کیمیاوی کە بوە هۆی شەهید بوونی هەزارەها کەس و زامدار بوونی زیاتر لە پانزە هەزار کەس و دەربەدەر بوونی دەیەها هەزار لە پیرو ئافرەت و منداڵی بێ تاوان، ئەم تاوانە گەورەترین تاوانە دژ بە جاردانی گەردونی مافی مرۆڤ و یاسا و پرۆتۆکۆلە نیو دەوڵەتیەکان و ئاینە ئاسمانیەکان . لە کۆتای ووتەکانیا ووتی : داوا لە خوای گەورە و پەروەردگار دەکەین کە شەهیدانی هەڵەبجە و گشت شەهیدانی کورد و کوردستان بە بەهەشتی بەرین شاد بکات و ئیتر ئاشتی و سەربەستی و برایەتی بۆ خەڵکی کوردستان خوازیارم، سوپاس .

بەڕێز ئیبراهیم سەعید محمد ووتی :

کیمیابارانی هەڵەبجەی شەهید یان هێرۆشیمای کوردستان لە بەیانی ڕۆژی ١٩٨٨/٣/١٦ لە لایەن فرۆکەکانی جەنگی عێراقەوە ویژدانی مرۆڤایەتی هەژاند، لەو ڕۆژەوە تا ئەمرۆ جیهان ساڵانە یادی ئەم تاوانە نامرۆڤانە دەکاتەوە، لەوان چەند (کۆنگرێس مان) ێکی کۆنگرێسی ئەمریکی

پرۆژەیەکیان عەرزی کۆنگرێس کرد کە پەیوەندی هەبوو بە کیمیاباران کردنی هەڵەبجەوە، ئەگەر یادەوەریم خیانەتم لەگەڵ نەکاتن، بریارەکی بێ پابەندی دەرچوو لە کونگرێسی ئەمریکی بۆ زیندوکردنەوەی ئەم یادە، پەرلەمانی ئەوروپی لەو رۆژانەدا، لەسەر هەمان بابەت گفتوگۆ دەکات، گەلێك کەسایەتی و سیاسەتمەدارو پسپۆری زانستی و راگەیاندنی جیهانی هاوسۆزیان لەگەڵ مەسەلەی کورد کردو دوای روودانی قەسابخانەی هەڵەبجە زیادی کرد، زۆر هەڵویستی مرۆڤانە و سیاسیان نیشان دا بۆ پشتگیری مەسەلەی رەوای کورد، پێش ماوەیەك پرۆفیسۆرەکی ئیتالیش داوای کرد کە رۆژی ١٦/ ئادار ببێتە رۆژەکی جیهانی بەناوی (رۆژی هەڵەبجە) دژی دروست کردن و بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و بایەلۆجی و لەناوبردنی هەموو کۆگاکانی ئەو چەکانە، من سێ پێشنیار پێشکەش دەکەم :

١ – سوپاسنامەیەکی شەخسی بەناوی پەرلەمانی کوردستان کە نوێنەری راستەقینەی میللەتی کوردە بنێرێت بۆ ئەو کەسایەتیانەی کە هەڵویستێکی مرۆڤانەیان هەبوو دژی ئەم رووداونە تراژیدیە، یان رۆڵەکی گەورەیان هەبووە بۆ بەدەر خستنی ئەم تاوانە درندانەیە، ژ پسپۆری زانست بن یان پەرلەمانتار بن یان سیاسەتمەدا بن، یان کەسایەتی راگەیاندنەکان بن .

٢ – لە پەرلەمانی کوردستان داوا دەکەم کەوا سکالانامەیەك پێشکەشی دادگای تاوانی جەنگ بکات، ئەو فرۆکەوانانەی کە ئەو ئەرکە درندانەیان جێ بەجی کرد، بدرێنە دادگایە .

٣ – داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین فلیمێکی بەڵگەنامەیی رێکو پێك دەربهێنن بە بۆنەی ئەم رووداوە و لە دەزگاکانی راگەیاندنی جیهان بلاو بکرێتەوە، سوپاس .

بەرێز شەفیقە فەقێ عەبدوڵلا ووتی :

من لێرەوە سەرەخۆشی خۆم ئەگەینم بە دانیشتوانی شاری هەڵەبجەی شەهید و هەموو دانیشتوانی کوردستان و ئەوانەی کە خاوەن ویژدانن لە جیهاندا، گەرچی بێجگە لە هەڵەبجەی شەهید ئیمە خاوەنی چەند شوێن و ناوچەیەکین کە وێران کراوە و خەڵکی تیا کوژراوە بە هۆی کیمیاباران، وەك شێخ وەسان و دۆڵی بالیسان و دۆڵی جافەتی و قەرەداغ، هەروەها دەڤەری بادینان و چەمی رێزان کە تا ئیستاش شوێنەواری تیا دیارە، بەلاْم هەڵەبجەی شەهید سومبوڵی ئەو تاوانکارییەیە لە جیهاندا و پەنجەی بۆ راکێشراوە، من لە روانگەیەکی زۆر تایبەتەوە باسی هەڵەبجەی شەهید دەکەم، وەکو ئافرەتێك بە پێویستی دەزانم ببمە زایەڵەی ئەو ئافرەتە جەرگ سووتاو و هەناو رەش بووانەی کە بالاْیان شێواوە بە نقوم بوون لە نێوان خەردەل و ژەهراوی کیمیاباراندا، ئەوەش بە بەراوردکاریەك کە کراوە لە ساتە وەختی ١٩٨٨/٣/١٦ وە هەتاوەکو ئیستا کە ئەو ئافرەتانەی زەرەرو زیانیان لێ کەوت لەم کارەساتەدا لە چەند خاڵیکدا، ژمارەیەکی زۆر لە ئافرەتان و کیژانمان ئەوانەی لەو ناوچانەدا ژیان، توشی نەزۆکی بوون، ژمارەشیان رۆژ بە رۆژ لە زیاد بووندایە ........هتد، هەروەها لە درێژەی ووتەکانی ووتی : بۆ بەربەستی ئەم حاڵەتە چەند خاڵێك پێشنیار دەکەم و هیوادارم بە هەوڵی پەرلەمانی کوردستان و بە هەوڵی خاوەن ویژدانەکانی جیهان بەربەستی ئەم حاڵەتەبکری.

یەکەم : دروست کردنی دەزگایەکی تایبەتی بۆ دەستنیشانکردن و ناونووسینی ئەو کەسانەی کە تووشی ئەو نەخۆشیانە بوون و دۆزینەوەی چارەسەر بۆیان .

دووەم : دەزگایەکی تایبەتی دەستنیشان بکرێ بۆ بەخێوکردنی منداڵە دابراوەکان و ئەو کەسانەی کە تووشی کەم ئەندامی بوون .

سێیەم : کۆنگرەیەکی زانستی رۆشنبیران ببەسترێ بۆ ئەوەی ئەو بابەتە لە هەموو لایەنێکەوە دەرس بکرێ هەتا دەستەی نوسەران بانگێشت بکرێن، خۆزگە خاوەن ویژدانەکانی جیهانیش لەو کۆنگرەیەدا ئامادەبوونایە .

چوارەم : مۆزەخانەیەك بکرێتەوە لەو شتانەی کە ماون لە شوێنەواری کیمیاباران .

بەرێز مەلا مەحمود فەندی دێرشەوی ووتی :

بسم الله الرحمن الرحيم (ولا تحسبن الذين قتلوا فی سبيل الله أمواتا بل أحياء عند ربهم يرزقون) . صدق الله العظيم .

هێژا سەرۆکی پەرلەمانی، بەراستی کاتێك مرۆڤ باسی هەڵەبجە دەکات، یان هەڵەبجە دێنێتەوە بیری خۆی، هەر کوردەکی خودان ویژدان و شەرەف، یان هەر مرۆڤەکی خودان ویژدان، هەڵەبجەی لە بیر ناچێت، بەڵی بە چ شکڵی باسی هەڵەبجە بکات، باسی مرۆڤی هەڵەبجە بکات، بەو رەنگە، یان بقاسی ئاوایی و خانوو مەنزڵی هەڵەبجە بکات، بەو شێوەیە وەکی دێوان کە بە بلدۆزەران هەڵیان وەشاند، دورێکە لە تاجی خەباتی بزافی ئازادی خوازی گەلی کورد، ئەستێرەیەکی گەشە لە ئاسمانی خەباتی گەلی کورد، هەڵەبجە چەند گرانی و دڵ تەنگی و دڵ رووشاندنی تێدا بێ بۆ میللەتی کورد لە هەمانکاتدا رێگایەکی خەباتی میللەتی کوردە، چونکە هەروەکو هەموو دەزانین هەموو دارێك بە ئاو پێدەگات و بەرهەمی دەبێ تەنها داری ئازادی نەبێ کە بە خوێن پێدەگات و بەردەگرێ، ئێمە هەر چەندە بڵێین ناتوانین باسی هەڵەبجە بە تەواوی بکەین، ئەگەر نەوەکی دوای ئێمە بێن قەد بیرناکەنەوە کە درندایەتی و دژایەتی دوژمنی کورد لەگەڵ کورد گەیشتبێتە ئەو رادەیە، لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم هەروەك لە ساڵی ١٩٩١ یش وەکو یەکیەتی زانایان پێشکەشی بەرەی کوردستانی و سەرکردایەتی پارتی و یەکیەتیمان کرد، گوتمان هەڵەبجە وەکو خۆی بمێنی بە شێوەی مۆزەخانەی جەنگی (متحف

حربـی)، مۆزەخانــەی سـەربازی (متحـف عـسکری)، مۆزەخانــەی مێـژوویی (متحف تاریخی)، بۆ میللـەتی کورد، مامەڵـە کردنـی دوژمنـانی میللـەتی کورد لەگـەڵ گـەلی کـورد بخاتـە روو، چـونکە لەوانەیـە (١٠) سـاڵ (١٠٠) سـاڵی تـر خـەڵکێك بێت بـاوەر بـەم کارەساتە نەکـەن کـە بەسـەر هەڵەبجـەدا هـاتووە، مـن دیـسان ئـەم پێشنیارە پێشکەشی پەرلـەمانی کوردستان و هـەموو کـوردێکی دڵسۆزی دەکـەم، هـەروەکو برادەرانیش ئامـاژەیـان بـۆ کـرد، هەڵەبجـە جێگـای ژیـانی تێـدا نـەماوە لـە ئـەنجامی ئـەو کیمیـاو ژەهـراوی بوونـە، لەبـەر ئـەوە بـا شـوێنی بگـۆردرێ، بـەلام خـراب نـەکرێ، لـە هـەمان کاتـدا بەرهـەمێکی لـەو مۆزەخانەیە ببێتە وەستانێك لەسەر رووحی شـەهیدانی هەڵەبجە، پەیکـەرێکی لـە دەروازەی هەڵەبجـە دابنـدرێ نـاوی شـەهیدانی هەڵەبجـەی لەسـەر تۆمـار بکرێ، دووبارە دیسان من دەڵـێم سـەر بڵنـدی و سـەر بـەرزی و بـەردەوامی بـۆ شـەهیدانی هەڵەبجـە بـێ و سـەر شـۆری و رووڕەشـی بـۆ دوژمنـی کـورد بێـت .......هتد .

بەرێز سەرۆکی پەرلەمان ووتی :

سوپاس بۆ مامۆستا مـەلا مـەحمود، ئـەو برادەرانـەی کـە ویـستیان لەسـەر ئـەم بابەتە قسە بکەن هەموو قسەی خۆیـان کـرد، لـە کۆتایـدا دوو خـاڵ لەسـەر ئـەم بابەتە ماوەتـەوە : یـەك پێشنیاری بەرێزان، بە گشتی کۆمـەڵێك پێشنیار کـرا هەنـدێکی هاوبـەش بـوون، جـەنابی سکرتێری پەرلـەمان کـورتی کـردووە، کـە ئیـستاکە بۆتـان ئەخوێنێتـەوە بـۆ ئـەوەی وەکـو چـەند پێشنیارێك مامەڵـەیان لەگەڵـدا بکـەین . خـاڵی دووەمـیش : بـە باشمـان زانـی لەبـەر رۆشـنایی ئـەو پێشنیارانە چەند برادەرێك دەست نیشان بکەین بۆ جێ بەجێ کردنی هەنـدێك لـەو خاڵانـەی کـە لـەو پێشنیارانەدا هـاتوون، چـونکە ئیشی گـەرماو گـەرم بـێ خۆشە، ئـەو پێشنیارانەی کـە لێـرە هـاتوون هەنـدێکی لەوانەیـە پێویـست بێـت زوو وەلامیان بۆ ئامادە بکەین، یا خود ئیشی بۆ بکـەین، پێشنیار دەکـەین ئـەو

لیژنەیـە ئـەو ناوانـەی تێـدا هـەبیت، ئەگـەر ئـەو بەرێزانـە وەختیـان هـەبێت و هاوکاریمان لەم مەسەلەیە لەگەڵدا بکەن، کاك شیروان، کـاك عبـدالخالق، کـاك د . ئیـدریس، کـاك د . رزگـار، کـاك ابـراهیم سـعید . ئەگــەر ئــەم برادەرانــە مامەڵەیـەکمان لەگـەڵ ئـەو پێشنیارانە بـۆ بکـەن، ئـەوەی پێویـست بـێ بیکـەن ئامـادەی کـەن پاشـان دانیـشتنێکیان لەگـەڵ دا دەکـەین، کـە هـەر یـەك بـە قەناعـەتی خۆیـان بتـوانێ زوو بـە زوو کـاری بـۆ بکـەین، بـە تایبـەتی ئـەو پێشنیارانەی کـە پەیوەنـدیان بـە ( un) وە هەیـە، وەکـو ئـەزانن لـەم رۆژانـە لەوانەیە باسی ئەو بابەتـە بکرێ و بەرێز وەزیـری کاروبـاری مرۆڤایـەتیش کـە لەسەر خواست و پێشنیار و فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ئیستا لە دەرەوەیە بە پرۆگرامێکی رێك و پێك بۆ ئەوەی بتوانێت لەسەر ئەم بابەتـە لەگەڵ کاربەدەستان و بریاردەرانی (un) دا قسە بکات بە گشتی لەسـەر ئـەو بەشـەی کـە پەیوەندیـدارە بـە کوردسـتانەوە کـاك د . ئیدریـسیش ئاماژەیـەکی بچوکی بۆ دانیشتنەکەی دوێنێ کرد کە هەردوولا با بڵێین یەکیـەتی و پـارتی دوێنـێ کۆبونەوەیەکیان کردووە .....هتد . هەروەها لە کۆتایـدا ووتـی : ئەگـەر هیچ تێبینیەك لەسەر ئەو پێنج ناوە نەبێ کە دەست نیشانمان کردووە ئەوا بـا دەسـت پێبکـەین، عادەتـەن لیژنـەش کـەم کـەم بێـت باشـترە بـۆ ئـەوەی دوایـی ئەمانـە هـەمووی بخەینـە بـەردەمی ئێـوەی بـەرێز، کـاك عبـدالخالق وابـزانم قسەیەکی هەیە، فەرموو .

بەرێز عبدالخالق محمد رشید ووتـی :

پێشنیار دەکەم بەرێز کاك ئەکرەم عاشوریش لەو لیژنەیەدا بـێ، دووش ئەگـەر بکرێت لەو دانیشتنە، هەروەك زۆربەی زۆری برادەرانی پەرلەمان داوایـان کـرد کـە لیژنەیـەکی مـافی مرۆڤـی رۆژی (١٦ ئـادار) پێـك بهێنـدرێ بـەو بۆنەیـەوە و داوا دەکەم کە ئەمە رابگەیندرێ، چونکە باشترین بەرپەرچ دانەوەیە بۆ پێشێل کردنی مافی مرۆڤ، سوپاس .

بەرێز سەرۆکی پەرلەمان ووتی :

سوپاس کاك عبدالخالق، داوایەکەت ئاراستەی سەرۆکایەتی کراوە، ئێمە لێی دەتوژینەوە بەیاری خوا یار بێت لەم دانیشتنەی ئیستاکە بەر دەوام ئەبین، ئێمە ئەو پێشنیارە دەخەینە بەردەم پەرلەمان و لە بەرنامەی کاری دانیشتنی ئایندەماندا دڵنیاین هەموومان پشتگیری پێشنیاری زۆربەی هەرە زۆری ئەندامانی پەرلەمان دەکەین، دوایی من و کاك شیروان ئیمزامان نەکردووە، ئیستاش بەرێز سکرتێری پەرلەمان ئەو پێشنیارانەی کە کورتی کردوەتەوە دەیخاتە بەردەمی بەرێزتان، کە تەبەنیمان کرد، پاشان با لیژنەکە مامەڵەی لەگەڵ بکا و ئەوەی پەیوەندی بە دەرەوە بێت زوو موزەکەرەی بۆ ئامادە بکرێ و ئەوەی پەیوەندی بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە بێ ئێمە بەرچاویان دەخەین و ئەوەی پەیوەندی بە دەزگای دیکەشەوە هەبێت دیسان باسی لەسەر ئەکرێ، ئەمە تەنها وەکو رێنمای و پێشنیارێکە، با بەرێز سکرتێر بفەرموێ .

بەرێز شیروان ناسح عەبدوللا / سکرتێری ئەنجومەن ووتی :

لە راستیدا چەندین پێشنیارو راو بۆچون و تێبینی لەم دانیشتنە پێشکەش کرا، ئەوەی پێمان دەست نیشان کرا خاڵ بە خاڵ نووسیومانەتەوە ئەوەی پێشمان دەست نیشان نەکرا ئەگەرێنەوە بۆ مەحزەرەکان لە لایەن ئەو لێژنەیەوە دەست نیشانی دەکەین .

١- پێشنیاری پێشکەش کردنی مینحەیەك لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بۆ شاری هەڵەبجەی شەهید بۆ پرۆژەکانی خزمەتگوزاریی و ئاوەدانکردنەوە، ئەوە پێشنیارێك بوو لەلایەن د . رزگارەوە پێشکەش کرا .

٢- هەوڵ بدرێ سەردانی گۆرستانی بە کۆمەڵی هەڵەبجە بکرێت لە رێگای حزبە کوردستانیەکانەوە، ئەوە پێشنیارێك بوو لەلایەن د . رزگار کرابوو .

٣- دروست کردنی پەیکەرێك ناوی شەهیدانی هەڵەبجەی تێدا تۆمار بکرێت، ئەوەش پێشنیارێك بوو لەلایەن فەوزیە خانەوە .

٤- پانۆرامایەك لە پایتەختی هەرێمی کوردستان ئەنجام بدرێت لە رێگای هونەرمەندانەوە، ئەمەش پێشنیارێك بوو لە لایەن فوزیە خانەوە .

٥- داوای زەرەر بژاردنی شەهیدانی کارەساتی هەڵەبجە بکرێت لەو کومپانیانەی کە لەگەڵ رژێم مامەڵەیان کردووە و ئەو جۆرە چەکەیان پێ فرۆشتووە، ئەوەش پێشنیارێك بوو لە لایەن فەوزیە خانەوە .

٦- ناوی شەهیدانی ئەم کارەساتە لە پەرتووکێ یان کوراسێك تۆمار بکری، جا هەر لایەنێك بیکات، ئەوەش پێشنیارێك بوو لە لایەن بەرێز ئازاد قەرەداغیەوە .

٧- دروست کردنی بنکەیەکی زانستی لە هەڵەبجە، بۆ ئەوەی لێتۆیژینەوەی زانستی لەو ناوچەیە بەردەوام بێ لە هەموو رویەکەوە و ببێتە مایەی ئەوەی کە یارمەتی ئەوانە بدرێت کە زەرەرمەند بووینە لە رووی تەندروستیەوە، ئەوەش پێشنیاریك بوو لە لایەن د . ئیدریس هادیەوە .

٨- بواری ئاوەدانکردنەوە زیاد بکرێ لە شاری هەڵەبجە لەو رێژەیەی کە بۆیان داندراوە، ئەویش پێشنیارێك بوو لە لایەن د . ئیدیسەوە .

٩- رۆژی هەڵەبجە بکرێت بە رۆژی مافی مرۆڤ و مەخشەڵی ئاشتی و ئازادی و دیموکراتی، ئەوەش پێشنیارێك بوو لە لایەن بەرێز کاك شێخ یەحیا

١٠- سوپاسنامەیەك ئاراستەی ئەو کەسانە بکرێت کە رۆڵیان هەبووە لە دیارخستنی کارەساتی هەڵەبجەی شەهید ئەوەش پێشنیارێك بوو لەلایەن بەرێز کاك ابراهیم سەعیدەوە پێشکەش کراوە .

١١- دادگای کردنی ئەو کەسانەی کە بەشداریان لە کارەساتی هەڵەبجەدا کردووە، ئەمەش پێشنیارێك بوو لە لایەن بەرێز کاك ابراهیم سەعیدەوە پێشکەش کراوە .

ئەمە بوو ئەو خاڵانەی کە دەسنیشانمان کردن، هەروەکو ئاماژەشم بۆ کرد ئەوانەی کە دەسنیشانمان نەکردوون دوای ئەوە لە مەحزەرەکان خاڵ بە خاڵ پێدا دەچینەوە لەلایەن ئەو لیژنەیەی کە دروست کرا، خاڵێکی تریش هەیە ئەمەویّ ئاراستەی بەڕێزتان بکەم ئەویش پێشنیارێکە لەلایەن بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانەوە هاتووە بۆ دروست کردنی لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی کوردستان .....هتد .

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان لە کۆتای کۆبونەوەکەدا ووتی :

ئێمە بە ناوی سەرجەم ئەندامانی پەرلەمانەوە پرسەو سەرەخۆشی ئاراستەی بنەماڵەی شەهیدانی هەڵەبجەی شەهید و گشت شەهیدانی کورد و کوردستان دەکەین، سوپاس و پێزانینی پەرلەمانی کوردستانیش بۆ هەموو ئەو خەڵکەی کە لە ناوەوە و لە دەرەوە هاوکاری میللەتی ئێمەیان کرد بۆ ئەوەی هەڵەبجە ببێت بەو هەڵەبجەیە و دەنگ بداتەوە و وەکو کارەساتێك بگاتە هەموو ماڵێکی سەر ئەم زەمینە، ناکریّ لێرە ئێمە ئەو راستیە نەڵێین، چونکە بە کۆمەك و هاوکاری خەڵکێکی زۆر توانرا هەڵەبجە زیندوو بکرێتەوە، ئەگینا وەکو یەك دوو برادەر لە ئەندامانی پەرلەمان ئاماژەیان بۆ کرد وەك هەموو کارەساتەکانی تر بزر ئەبوو ئەچووە تۆێی مێژووە وە، لێرە مرۆڤ ئەبی حەق بڵیّ مادام باس لەسەر باسی هەڵەبجەیە کۆماری ئیسلامی ئێران دەورێکی بالأیان هەبوو لە رزگار کردنی ئەو بەڵگە نامە مێژوویانەی کە کارەساتی هەڵەبجەی کرد بەو کارەساتە، من لێرە سەرەرای خاڵی دووهەممان کە تۆزێك گلەی و گازاندەیە ئێمە نابێت ئەو راستیە لە بیر بکەین، سوپاسی هەموو دەزگا راگەیاندنەکانی دونیا ئەکەین کە هاوکاری میللەتەکەمان بوون بۆ وێنەگرتنی ئەو کارەساتە و دیارکردنی، وەکو گووتم ئەو کارەساتەیان بردە هەموو ماڵێکی ئەم دونیایەوە، بەم بۆنەیەوەش هەقە سوپاسی شاری هەولێری خۆشەویست بکەین، شاری هەولێر و خەڵکی هەولێر دەورێکی بالأیان هەبوو،

بۆ ئەو رۆژە ئەوە تەحەدایەك بوو بۆ رووبەرووی كاربەدەستانی رژێمی بەغدا، ئەو رۆژەی كە بە هەزارەها خەڵكی ئێمەی بریندار، خەڵكی ئێمە كە تووشی ئازاربیبون لە ئاكامی ئەو كیمیابارانە، یاخود لە ئاكامی ئەنفالەكان بە هەستێكی كوردانەوە وەكو مەرد تەحەدای هەموو شتێكیان كرد، هەریەك بە گوێرەی توانای خۆی، هەر یەك بە شێوازی خۆی خۆشەویستی و هاوكاری دڵسۆزی لەو رۆژە رەشە و ناخۆشە گەیاند بەو خەڵكەی ئێمە لەو ئۆردوگایانە، جا (بەحركە) بێت (قوشتەپە) بێت (بەر حوشتر) بێت، یان جێگاكانی تر، هەقە ئێمە لە پەرلەمانی كوردستان وەكو نوێنەری خەڵكی كوردستان لەسەر ئەو هەڵوێستە سوپاسی خەڵكی شاری هەولێر بكەین، خوا هەمیشە پشتیوان و هاوكاریان بێت و بەردەوام بن لەسەر ئەو هەولویستە جوامێرانەیان .

١٨ – لە كۆبونەوەی رۆژی ١٩٩٩/٣/١٦ دا سەرۆكی پەرلەمان بەم شێوەیە كۆبونەوەكی دەست پێ كرد و ووتی :

بەناوی خوای بەخشندەو مهرەبان، دانیشتنەكەمان بەناوی گەلی كوردستانەوە دەست پێ دەكەین، دانیشتنی ژمارە (١) ی خولی یەكەمی ساڵی هەشتەمی پەرلەمانی كوردستان رێكەوتی ١٩٩٩/٣/١٦ دەكەینەوە، بەرنامەی كاری ئەمرۆمان خاڵێكە، ئەویش یادكردنەوەی بۆمباباران كردنی هەڵەبجەی شەهیدە، لەسەر داخوازی ئەندامانی پەرلەمان بریاردرا، كە ئەم دانیشتنە تەرخان بكرێ بۆ ئەم بۆنەیە، وەك دەزانن ئەمرۆ یانزەهەمین ساڵیادی كارەساتی كیمیابارانی شاری هەڵەبجەی شەهیدە، لە ١٦/ی ئاداری ساڵی ١٩٨٨ دا دوژمنانی كورد و كوردستان جارێكی تریش بە چەكی كۆكوژی مرۆڤ دەستی خۆیان سوور كرد لە خوێنی كورد، كوردی بێ تاوان، كوردی خاوەن ماف، خاوەن زەوی وزاری خۆی، لەو رۆژەدا مەرگەساتێكیان سازكرد و لە پێناو بەرژەوەندی تەسك و سوودی خۆیان و لەسەر بنەمای

رەگەزپەرستی و فاشیەتی خۆیان ئەو قەتڵوعامەیان بۆ خەڵكی بێ تاوانی شاری هەڵەبجەی شەهید دروست كرد، لە ماوەی چەند دەقیقەیەك چەند هەزار كوردێكیان شەهید كرد، ئەوەی تاكو ئیستا لە دونیا بلاّوبۆتەوە و مەعلومە، زیاتر لە (٥) هەزار كوردی بێ تاوان لە منداڵ و لاوو پیر و ئافرەت و پیاو و نەخۆش و پەككەوتە، لەبەر چاوی ئەم جیهانە قەتڵو عام كران، كە دەڵێین ئەم جیهانە، مەبەستمان جیهانی دوو زل هێزەكەی ئەو سەردەمەیە، كە ویژدانی هیچ لایەكیان بۆ چركەیەكیش نەهەژا، بە بلۆكی شەرقی ئەو زەمانە و بە بلۆكی غەربیشەوە، لە ولاّتانی تری بەناو جیهانی سێیەم، لە ولاّتانی ئیسلامی، لە ولاّتانی عەرەبی، لە ولاّتانی ئیقلیمی، بەداخەوە ویژدانی كەس بۆ چركەیەكیش بەرامبەر بەو كارەساتە نەهەژا، وەكو بڵێی چ نەبووە، خۆزگە زۆربەی زۆری ئەو ولاّتانە، ئەو زل هێزانە تەنیا هەر بێ دەنگ بان، بەڵكو پاساویان بۆ ئەو تاوانە دەهێنایەوە (مبررات) یان بۆ دروست دەكرد، كە كوردی لێ قەوماوی جەرگ سووتاو، كوردی كۆست كەوتووی هەڵەبجە، كە لە دەرگایان ئەدا، چ لە دەرگای زل هێزەكان، چ لە دام و دەزگاكانیان، چ لە دام و دەزگا مرۆییەكان كە یەكێك لە كارە بنەرەتیەكانیان بە دەنگ هاتنە سەبارەت كارە ساتێكی وەها، نەك هەر درگایان لێ نەكردینەوە، بەڵكو زۆر جاریش بەگژمانا دەچوونەوە و پاساوی وایان بۆ ئەو گوناهە دەهێنایەوە، كە ئیمەی كورد تەنها ئەوەمان لەدەست دەهات بەزەییمان بە حاڵی خۆماندا بێتەوە، كە ئێمە چ میللەتێكی بەدبەخت و زوڵم لێ كراوین، ئەمەچ كارەساتێكە بە چركەیەك هەزارەها پیرو لاو و منداڵ و ئافرەت لەبەر چاوی ئەم دونیایەدا گیان لە دەست بدەن و لەو بارەیەوە ئاوها بێ دەنگ بن، تەنها ئەوە مابوو مرۆڤ بۆ حاڵی خۆی بگری و خەمی خۆی بخوا، كە چەند بێ كەسین و چەند بێ دۆستین .

ببورن لێرەدا قسەکانم دەبرم، چونکە کاتژمێر یازدەیە و بە پێ ئەو بریارەی کە هەمانە هە موو ساڵێك لە کاتژمێر یانزە لە سەرتاسەری کوردستاندا ئەبێ (٥) دەقیقە راوەستین بۆ یادکردنەوەی شەهیدانی هەڵەبجە، بۆ یادکردنەوەی کیمیابارانی هەڵەبجەی شەهید بفەرموون،،،،، سوپاستان دەکەین، بەڵی بەرێزان : نەك وەکو وتمان بە دەنگمانەوە نەهاتن، بەڵکو پاساویان بۆ ئەو گوناهە دەهێنایەوە، دیسان جارێکی تر مرۆڤ بۆ کلۆڵی و بەدبەختی خۆی دەگریا، بەلاّم (سبحانه مغير الاحوال من حال الى حال) هەر چەند هەڵەبجە گەورەترین کارەسات بوو لە ژیانی نەتەوەکەمان و سامناکترین تراژیدیای سەردەم بوو وەکو روداوێك، کاردانەوەی ئەم رووداوە و کار کردنی لە ویژدانی دنیا، وەکو ئاماژەم بۆ کرد دوو شتی لەیەك زۆر جودا بوون، بەلاّم شوکر بۆ خوا کورد ماوە و دەمێنێت، کوردستان ماوە و دەمێنێت، هەڵەبجەی خۆێناوی شەهیدیش ماوە و هەر دەمێنێت، لە جیاتی ئەوەندە هەزار خنکاوی گازی ژەهراوی جینۆساید کراو، زۆر ئەوەندە هەزاری تر لەو ماوەیەدا هاتونەتە سەر دونیا و وا بۆ وولاّتەکەی خۆیان خەبات ئەکەن و پێگەیشتوون، لە جیاتی ئەو بێ دەنگیی و ئەو بێ ویژدانییەی کە دەرحەق بە ئێمە کرا، دونیا ئاورێکی تری لە کێشەکەمان داوەتەوە، بۆیە بەرێزان : هەڵەبجە هەر ماوە و هەر دەمێنێت، ئەو کارەساتەش و ئەو خەڵکە بێ ویژدانەش کە بێ دەنگ بوون، راستە ئەمرۆ ئاورێکیان لە کێشەکەی ئێمە داوەتەوە، بەلاّم دڵنیا بن ئەو بێ دەنگییەی ئەوان و ئەو هاوکارییەی ئەوان، ئەو تراژیدیایەی دروست کرد، هەمیشە وەکو خاڵێکی رەش بە نێوچەوانیان دەمێنێتەوە و ویژدانیان ئازار دەدات، چونکە هاوکاری دوژمنانی ئێمە بوون، کە بووە هۆی دروست کردنی ئەو کارەساتە و بێ دەنگیان و پاساو هێنانەوەیان برینێکە باوەر ناکەم لە دڵی هیچ کوردێك و هیچ مرۆڤێك کە کەمێك ویژدانی هەبێ لە بیر بچێتەوە، کارەساتی هەڵەبجە و ئەو تراژیدیایەی پێش (١١) ساڵ کە رووی دا یادی

هەمیشە لە مێشکمان و لە ویژدانماندایە، بەلاّم ئەو تراژیدیا و خەبات و بەرخودان و تراژیدیای تر کە بەسەر میللەتەکەمان هاتبوو، بووە مایەی ئەوەی کە خەبات هەر بەردەوام بێت، ئەمڕۆ ئێمە لە سایەی ئەو تێکۆشان و ئەو فیداکارییە خاوەن پەرلەمانین، خاوەن حکومەت و ئیدارەی خۆمانین، خاوەن ئازادی و بڕیاری خۆمانین و کێشە کورد بە شەقاو چوەتە پێشەوە و ئاسۆیەکی روناك چاوەڕێمان دەکات، بەلاّم ئەوانەی ئەم کارەساتەیان دروست کرد رژێمی بەغدا بوو، کە بە چرکەیەك هەزارەها کوردی بێ تاوانی، بێ بەش کرد لە ژیان و بە دەیان هەزار خەڵکی ئێمەی سەقەت و برینداو کرد، ئاسەواری ئەو تاوانە هەتا ئەمڕۆ بگرە تا چەند نەوەیەکی تریشمان هەر دەمێنێ، ئەمڕۆ ریسوا و زەلیل بووە و لە قەراغی قەبردایە، ئەمە حوکمی خوایە، ئەمە ئاهو نزای ئەو خەڵکە بێ تاوانەیە ئەمە جنایاتی ئەوانە، کە ئەمڕۆ ئەبێ ئەنجامەکەی وەرگرن، خەڵکی ئێمەش واخەریکە ژیانێکی تر دروست ئەکات و لە ولاّتی خۆی سەرفرازە و هەڵەبجەش وا دەژییتەوە، سەرەرای ئەو کارەساتە، وا ژیان لەو شارە خۆشەویستە دەبوژێتەوە، هەر چەندە بە داخەوە شەڕی ناوخۆ و گیروگرفتمان وای کرد کە نەتوانین وەك پێویست دەستی یارمەتی و کۆمەك و ئاوەدانکردنەوە بگەینینە ئەو ناوچەیە، بەلاّم لە هەر هەلێك، هەر ماوەیەك، هەر قۆناغێك بوار هەبووبێ درێغی نەکراوە و من دڵنیام هەر کاتێك فرسەت هەبێت هەڵەبجە دەبێت جێگا و پایە و پلەی خۆی هەبێت و ئەو کارەساتەی کە بەسەر هەڵەبجە و خەڵکی هەڵەبجەدا هاتووە، دەبێت پاداشتی بدرێتەوە و انشاالله لە کات و ساتێکی نزیکدا ئەو گیروگرفتەی ئەو شارەش چارە سەر دەکرێت، برینی هەڵەبجە قوڵە لە ویژدانی هەموومان‌دا جێگای خۆی کردوەتەوە، هەمیشە لەگەڵیدا ئەتلێنەوە، کێ ئەتوانێ بەرامبەر ئەو وێنانە کە هەڵەبجە نیشان دەدات ئۆقرە بگرێت، ئەوەی کە سەبرو سەبوریمان دەدات رەوایی کێشەکەمانە و خەبات و تێکۆشان و

یـەکبوونی ریزەکانمانـە، ئاشـتیەکی سـەرتاسـەری عادیلانـە و یـەك دەسـتییە، چـونکە بۆمـان دەرکـەوت دوژمنـانی کـورد و کوردسـتان چـەند لیٚمـان بـەقینن، بۆمانیش دەرکەوت تـەنها خۆمـان و یـەك بونی خۆمـان و یـەك دەسـتی خۆمـان دەبیٚتـە مایـەی هـەموو شـت، بۆیـە پیٚویـستە لـەم رۆژەوە و لـەم سـات و کاتـەدا تەئکیدلەوە بکەینەوە تـەنها ئاشـتیەکی عادیلانـە و بەرقـەرار بوونی ئاشـتی لـە کوردسـتان و یـەك بـوونی ریزەکـانی خـەڵکی کوردسـتان ئـەتوانیٚت دورمـان خاتەوە لە کارەسات، و دەستکەوتەکانمان بپاریٚزیٚ و بەرەو پیٚشەوەمان ببات، ئـەوەی کـە سـەبوریمان دەدات، ئەوەیـە ئەگـەر بـە تـەواوی بتـوانین بریـنی کارەسـاتی هەڵەبجـە ساریٚژ بکـەین ئـەو رۆژەی کـە ئیٚمـەش وەکـو ئـەو خەڵکـە ئەبین بە خاوەن دەوڵەتی خۆمان، ئەبین بە خاوەن کیانی خۆمـان، مەگـەر تـەنها ئەوە ئۆقرەی تەواومان پیٚ بدات، کە بڵیٚن ئۆخەی با شەهیدانی هەڵەبجەش بە ئیسراحەتیٚکی تەواوەوە سەر بنیٚنـەوە، سلاٚو لـە هەڵەبجـەی شـەهید، سلاٚو لـە هەموو شەهیدانی هەڵەبجە و شـەهیدانی کورد و کوردستان، جاریٚکی تـریش دەیلیٚنـەوە کـە یـەکبوونی ریزەکـانی خـەڵکی کوردسـتان مایـەی هـەموو سـەرکەوتنیٚکە، زۆر سوپاسـتان دەکـەم، بـۆ ئـەم بۆنەیـە ئـەو برادەرانـەی کـە ئەیانەویٚت لەسەر ئەم بابەتە قسە بکەن و هەستی خۆیـان دەربرن، ناونوسیان دەکەین، ناوەکان ئەخویٚنمەوە (کاك یونادم، شیٚخ جعفـەر، کـاك ابراهیم، شیٚخ یحیی، کاك سیروان کاکەی، مـەلا هـادی، مـەلا موحسن، شـەفیقە خـان، فەوزیـە خان، کاك جمیل عەبدی، مەلا محمود، کاك بورهان جاف، کـاك رجب، کـاك د . رزگار، شیٚخ عفان، د . ناصح، مامۆستا مەلا محمد) .

(لەبەر ئەوەی ووتەکانی بەریٚز کاك جوهەر نامق بە دورو دریٚژی باسی تەواوی گشت لایەنەکانی پەیوەست بە کارەساتی هەڵەبجەوە کرد لەگـەڵ سوپاسیٚکی زۆر بـۆ جـەنابی، بۆیـە ئـەوەی پەیوەسـتە بـە ووتـەی بـەریٚزانی ئەنـدامانی پەرلەمانـەوە، تـەنها ئەوانـەی دەنوسـینەوە کـە لـە ووتـەکانی بـەریٚز سـەرۆکدا

نەهاتووە، لە گەڵ پێشنیارەکانیان، بۆیە داوای لێبوردن لەو بەرێزانە دەکەین کە دەقی ووتەکان نانوسینەوە لەگەڵ سوپاس و پێزانین بۆ گشت لایەکیان یۆ ئەو هەستە جوانەیان بەرامبەر هەڵەبجەیەکان و شارەکەیان) .

بەرێز یونادم یوسف کنا ووتی :

من نامەوێت قسەکانی کاك جوهەر دووبارە بکەمەوە، ئەمرۆ ئەبێ ئێمە چی بکەین بۆ شەهیدانی هەڵەبجە و ئەنفالەکان ؟ چی قەرداری ئەوانەین ؟ ئایا هەر یادکردنەوەیان بەسە ؟ ئایا هەر ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانیان بەسە ؟ یان کاری خزمەت گوزاری بکرێ ؟ پێم وایە ئێمە لێرە دەزگای شەهیدمان لە پەرلەمان بریار لەسەر دا کە هەبێ بۆ چاودێری ئیشوکاری شەهیدان، دەبێ دەزگایەکی تایبەتی هەبێ لە ئیداراتی کوردستان، تەنها و تەنها بۆ مناڵە ئەنفال کراوەکانی سەرتاسەری کوردستان، چونکە تەنها نان و تەنها ئاو بەس نیە بۆ ئەو منالأنە، کاتێ کە مناڵێك باوکی نەبێت یان برای گەورەی نەبێ، یان دایکی نەبێ، ئەو مناڵە لە بارودۆخێکی وا پەروەردە دەبێ، کە ئەتوانم بڵێم نا سوروشتی دەبێ، ئیداراتی کوردستان بە چاوێکی تایبەتی تەماشای ئەوانە بکات، پەیمانگایەکی (تەئهیل) ی تایبەتی بۆ ئەوانە بکاتەوە، کە چۆن بتوانێ جگە لەوەی کە ماڵەکەی ئاوەدان بکاتەوە، کارەبا و ئاو بۆ ماڵ بکێشێ ئەو مندالە ئەو خێزانە چۆن خێزانێکی بەرهەم هێن (مونتج) بێت، چۆن وەك خێزانێکی سروشتی بگەرێتەوە ناو ئەو کۆمەڵگایە خزمەتی نیشتمانی خۆی بکات، نەك ببنە وەسیلەیەك لە دەستی هەندێ لایەن بۆ ئیستغلال کردنیان لە بواری راگەیاندندا، بەتایبەتی وەکو هەڵەبجە کە لە وەزعێکی نائاسای بووە هەمیشە، کە نەمانتوانیوە کاری بەرێوەبردن و ئەو مەسەلانە بەباشی پێشکەش بکەین .......هتد .

بەرێز جەعفەر شێخ عەلی عبدالعزیز ووتی :

پێشەکی زۆر پێخۆشحاڵین کە ئەمرۆ لە پەرلەمانی کوردستان بە بەرهەمی خوێنی شەهیدان ئەو یادە پڕ سەروەریە بکرێتەوە،،، هەرچەندە کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە زامێکی قوڵی خستە جەستەی نەتەوایەتیمان بە لە دەست دانی ژمارەیەکی زۆری مرۆڤی کورد و وێران کردنی دەڤەرێکی بەرفراوان، بەلاّم خواستی گلاّوی رژێم لە کوشتنی روحی بەرگری و بەرخودانی گەلەکەمان و کوژانەوەی بڵێسەی شۆرش بەدی نەهات، بەڵکو بەرخودانی پەرەی سەند و شۆرش بەتین بوو، دوای کەمتر لە سێ ساڵ راپەرین کڵپەی سەند و دام ودەزگای داگیرکەران و ئەنجام دەرانی ئەم تاوانە بەسەر کلاّشی هەورامی پێشمەرگەدا کەوتن .....هتد

بەرێز ابراهیم سەعید محمد ووتی :

حەز ئەکەم چەند رێکەوتنێك و پرۆتۆکۆلێك بخەمە بەردەم جەنابتان کە چەکی کیمیایی قەدەغە کرد، بەلاّم پێشەکیەکم هەیە لەسەر هەڵەبجە .

بەرێزان ئایا هەڵەبجە ئەو شارە هێمن و ئاسودەیە قەد تەسەوری دەکرد کە رۆژێك دەبێتە بابەتێکی یاسایی نێو نەتەوەی ؟، یان ئەو هاولاّتییەی کە لە پەر روو کەوتووە بە هەردوو دەسی منداڵە شیرە خۆرەکەی لە ئامێز گرتووە تاوەکو خۆی و مناڵەکەی لە مردنێکی موحقەق رزگار بکات، ئایا تەسەوری دەکرد کە دەبێتە (SLAGON) یك بۆ کارەساتی کیمیایی ؟ وا دیارە ئەو کارەساتە هەموو ساڵێك بەناوی رۆژی هەڵەبجەی شەهید زیندو دەکرێتەوە، هەڵەبجە لە قاموسی کورد مورادفی ووشەی هێرۆشیمای یابانە مورادفی ووشەی (ئۆشۆویستی) پۆڵۆنییە، هەڵەبجە بە زمانی رای گشتی جیهانی مانای جینۆسایدی کوردە، رووداوێکی ئەوها لە مێژوو بەکار هێنانی چەکی کیمیایی رووی نەداوە بە تایبەت دەوڵەتێك دژی هاولاّتیانی خۆی بەکاری بهێنێت ......هتد .

**بەڕێز شێخ یحیی محمد عبدالکریم ووتی :**

**یانزەمین ساڵیادی هەڵەبجەی شەهید یادی درندەترین جینۆسایدی سەردەم، یادی پێنج هەزار شەهید، یادی باپیروباوك و نەوە تێکرا قر کردنە، یادی ئاگر، یادی مردن، یادی زوڵم و تاوانە و یادی خوێن رشتن، یادی ورد و درشت پێکەوە سوتاندنە، یادی ئازار، یادی فرمێسك، یادی کوردی هەژاری دەسپەتی تاساندنە، (سەیوسێنان) یا (بالیسان) (گۆبتەپە) بیٚ یا (بادینان) لە (هەڵەبجە) وە سەر هەڵئەدەن، ناڵە و گریان، هەڵەبجە گری نەهامەتیەکانی کورد و مەشخەڵی شۆرشی هەژان .........هتد .**

**بەڕێز سەرتیب محمد حسین ووتی :**

**پاش دەربرینی هەستی خۆی بۆ ئەو کارەساتە، چەند پێشنیارێکی خستە بەردەم پەرلەمان و ئومیدی خواست کە لە دوارۆژدا کاری بۆ بکەن .**

**یەکەم : پێم باشە ئامارێکی زۆر وورد دەربارەی ئەو قوربانییانە و پاشماوەی خێزانەکانیان هەبێت و لەبەر دەست دا بێت بۆ هەموو ئیش و کارێك کە بمانەویٚ بۆیان بکەین .**

**دووەم : ئومێدەوارم کە ناوەندێکی زانستی لێکۆڵینەوەی پزیشکی و کۆمەلاٌیەتی دابمەزرێت هەر چەندە خەبەرێکی وەها بلاٌو کرایەوە لە رۆژنامەی برایەتی کە گوایە لە ١٣ ی ئەم مانگەدا لە (لەندەن) کۆبونەوەیەك کراوە بەسەرپەرشتی نوێنەری حکومەتی هەرێم بۆ دامەزراندنی شتێك لەو بابەتەوە و ئومێدەوارم کە ئەمە زوو بەرێوە بچێت و خەڵکی شارەزا و پسپۆر لە مامۆستایانی زانکۆ لەویٚ لێکۆڵینەوەی زانستی وورد بکەن و دراسەتێکی قووڵی حاڵەتی جینیتیکی بکرێت لە بریندارانی ئەو چەکە و بزانین ئاسەواری لەسەر نەوەکای داهاتوو چۆنە و هەروەها دیراسەتێکی وردی ژینگەی هەڵەبجە بکرێت و هەروەها ئومێدەوارم بە هەمووما کار بکەین بۆ ئەوەی**

مووچـەیەکی بـەردەوام دابـین بکرێـت بـۆ ئـەو خێزانانـە و ئـەو پاشماوانـە و حاڵەتێکی تەقاعدی بەخۆوە بگرێت بۆ ئەو کەسانەی کە سەقت بوون یان ئەو مندالأنەی کە بیٚ کەس ماونەتەوە بۆ ئەوەی کە بتوانن ژیانی خۆیان ببەنە سەر و هەست بە کەم و کوری نەکەن لە ناو کۆمەڵدا و بتوانن دوا رۆژی خۆیان دابین بکەن .......هتد .

بەرێز مەلا هادی خدر کوێخا ووتی :

کارەساتی هەڵەبجە برینێکی قوڵـە لـە دڵ و دەروونـی هـەموو کوردێك، ئـەوە شـتێکی نەشـاراوەیە بۆیـە مـن پێـشنیار دەکـەم بـۆ لایـەنی هەنـدێك لـە پێـشنیارەکانی برایـان کـاك یۆنـادەم و کـاك شـێخ جەعفـەر ئـەویش لـە بـیر نـەکردنی پاشمـاوەی ئەنفالـەکانی بارزانییـەکان و ئەنفالـەکانی گـەرمیان و هـەروەها پاشمـاوەی کـەس و کـاری شـەهیدانی هەڵەبجـە لـە بـیر نـەکرێن و دەزگایەکی تایبەتیان هەبێت یۆ ئەوەی خزمەتیان بکرێت ........هتد .

بەرێز مەلا موحسن خالید موفتی ووتی :

بسم الله الرحمن الرحيم

{ وما نقموا منهم الا أن يومنوا بالله العزيز الحميد }

صدق اللة العظيم

من وا ئەزانم ئەو کارەساتەی بەسەر ناوچەی هەڵەبجە و گەلی کوردستانیش بە گشتی هات، هۆکارەکەی ئەگەرێتەوە بۆئەوەی کە ئەو خەڵکە نەیاندەویست هەرگیز سەر بۆ تەوژم و زەختی دوژمنان بە تایبەتی رژیم دابنەوێنن، ناوچەی هەڵەبجە لە سەرەتاوە هەوڵی دا بە عەمەلی و فعلی کار بکا بۆ ئەوەی کورد بگاتە مافەکانی خۆی و هەر گیز رێگەی بەوە نەداوە رۆژێك لە رۆژان قایل بێت بەو بریاری سەپاندنەی کە بەسەر میللەتەکەدا ئەدرا، هەر جارێك توانیبێتی بە نارەزایی، بەشەر، بە هەرا بە هەڵگیرساندنی شۆرش، بە شیعر و، نیشتیمان

پەروەری و، بە ئەدەب و ئەدەبیات، بە هەموو بابەتەکانی تر لەسەر مینبەر و مزگەوت و خانەقا پیرۆزەکان، لە هەموو شوێنەکانی تر هەوڵی داوە رووبەرووی کارەساتەکان ببێتەوە . هەروەها درێژەی بە ووتەکانی دا و لە کۆتایدا ووتی :

با هەوڵ بدرێت شاری هەڵەبجە پێویستی بە خزمەتە بەڵام ئەمرۆ خزمەتی ئێمە ئەوەیە کە لە دوورەوە دڵنەواییان بکەین لە نزیکەوە ئەوانەی کە لێرەن و لەگەڵمان دان بە تەنگیانەوە بچین و خزمەتیان بکەین و هەموو ئەو بابەتانەی کە مایەی پێشکەوتنی ئەو شارو ئەو دەڤەرەیە هەوڵی بۆ بدرێ بە تایبەتی دوو جار لەو پەرلەمانە پرۆژە پێشکەش کرا کە شاری هەڵەبجە بریاری بۆ بدرێت ببێتە پارێزگا ئەمەش مافێکی سروشتی یە و ئەوەش ئەبێتە هۆی راکێشانی باقی خزمەتەکانی تر لە چوار دەوریا، چونکە ئەگەر ئەو بریارە درا وە تواناش هەبوو بۆ جێ بەجێ کردنی پشت بەخوا لە داهاتوو ئەگەر ئەمرۆش نەکرێ دوای چوار ساڵی تر بکرێت باوەرتان هەبێت سارێژی گەلێ لە برینەکانی ناوچەی هەڵەبجە و دەوروبەری ئەکا ....هتد .

بەرێز شەفیقە فەقێ عەبدوللا حەسەن ووتی :

بۆ هەڵەبجەی شەهید سونبوڵی ئازادی کوردستان، لێرەوە سەرەخۆشی لە خۆم و لە هەموو دانیشتوانی شاری هەڵەبجەی شەهید و لە هەموو دانیشتوانی کوردستان و کوردە دەربەدەرەکانمان لە هەندەران و لە هەموو مرۆڤێکی خاوەن ویژدان لە جیهان دەکەم، هەڵەبجەی شەهید بووەتە سونبوڵی بووکی ئازادی بۆ کوردستان ......هتد .

بەرێز فەوزیە عیزالدین رشید ووتی :

گومان لەوەدا نییە کەوا کارەساتی هەڵەبجە پەڵەیەکی رەشە بە ناوچەوانی دوژمنانی گەلی کوردەوە، برینی هەڵەبجەش ئەوەندە قوڵە چەند بڵێین و چەند

باسی بکەین هەر تەواو نابێت، پار ساڵ هەر لەم هۆڵە پیرۆزەدا کۆمەڵێك لە ئەندامانی پەرلەمان پێشنیار و قسەی زۆر چاکیان بۆ هەڵەبجە کرد، بە داخەوە تاکو ئیستاش ئەو پێشنیارانە هیچی جێ بەجێ نەکراون، ......
هەروەها ووتی :
ئێمە دەبێ لەو دەرگایەوە بۆ هەڵەبجە بچین و دەبێت ئێمە داوای قەرەبووی زەرەروزیانی هەڵەبجە بکەین لەو کومپانیانەی کە چەکی کیمیاویان فرۆشتووە بە رژێمی عێراق ....هتد .
بەرێز جمیل عەبدی سندی ووتی :
ئێمە باش دەزانین کەوا رژێمی بەغدا چەند درندەیە، ئومێدەوارم کەوا ئەم رژێمە دادگایی نێودەوڵەتی بکرێ لەسەر ئەو جینۆسایدەی کە کردویانە، هەروەها یاداشتنامەیەك بدرێتە un و رێکخراوە مرۆییەکان لەسەر ئەم جینۆسایدە .......هتد .
بەرێز مەلا محمود فندی دێرشەوی ووتی :
لە راستی دا هەر چەندە هەڵەبجە بەردەوامی نەیاری و دوژمنایەتی و خوێن خۆی و بەدبەختی ئێمەیە، بەلآم بەراستی هەڵەبجە بویە نیشانەی بزافی ئازادی خوازی گەلی کورد و لێقەوماوی و کۆچ و راونانی میللەتی کورد، چۆن ئێمە وتوومانە و دەیشی لێینەوە وەك چۆن بارزانی نەمر بووە نیشانەی بزافی ئازادی خوازی گەلی کورد، هەروەها دەڵێین هەڵەبجەش بووتە نیشانەی مەینەتی و لێقەوماوی میللەتی کورد و کوردستان، بەراستی هەرچی بڵێین بۆ هەڵەبجە هەر کەمە،،،، هەڵەبجە بووەتە مۆمی میللەتی کورد، خۆی سوتان بۆ ئەوەی دۆزی میللەتی کورد سەرکەوێت ..........هتد .
بەرێز بورهان علی جاف ووتی :

**ئەمرۆ یادی کارەساتەکەی هەڵەبجەیە، یادی ١٩٨٨/٣/١٦، یادی کیمیابارانی شارێکی بێ تاوانە بە چەکێکی قەدەغە کراو، تەنها تاوانی ئەو شارە خنجیلانەیە ئەوە بوو کە شارێکی کورد بوو، مەڵبەندی رۆشنبیری و شاری ئەدیب و شاعیران بوو، وەك ئەو شاعیرە بەناوبانگانەی کە هەموو شیعرەکانیان بۆ کوردایەتی بوو بۆ خزمەتی گەلەکەیان بوو ....هتد .**

**بەرێز رجەب شەعبان تەیب ووتی :**

**ئەو کارەساتە درندەیەی کە حکومەتی عێراق پێش (١١)ساڵ بەسەر کوردی هێناوە لە هەڵەبجە و شوێنەکانی تری کوردستانی عێراقدا، هیچ ئاینێکی ئاسمانی قەبوڵی ناکات و نەیکردووە و نە هیچ یاسایەك و نە هیچ شەرعیەتێك ئەمە قەبووڵ ناکات، کە بووەتە هۆی کوشتنی زیاتر لە (٥) هەزار کەس لە ئافرەت و منداڵ و پییر و لاو،،،،،،،، هەروەها ووتی، پێشنیار دەکەم کەوا بۆ ئەو کەم ئەندام و پەککەوتووانەی هەڵەبجە مووچەیەك وەکو خانەنشینی ببردرێتەوە و گرنگی بە باری تەندروستی و کۆمەڵایەتییان بدرێت، سوپاس .**

**بەرێز د . قاسم محمد قاسم ووتی :**

**برادەران هەموویان باسی درندەیی و وەحشیەتی ئەم کارەساتەیان کرد، جا بۆیە من نامەوێت قسەکانیان دووبارە بکەمەوە، ئەم کارەساتە تەنها دژی میللەتی کورد ئەنجام نەدراوە، بەڵکو تاوانێکە دژی مرۆڤایەتی و دژی هەموو ئەو میللەتە ژێردەستانەیە و دژی هەژارانی جیهان هاتووەتە تۆمار کردن، ئیستاش لە جیهاندا لەسەر خۆ ئەم یاسایانەدێنە بەرپاکردن بۆ قەدەغە کردنی ئەم شێوە تاوانانە .........هتد .**

**بەرێز عەفان عوسمان نەقشبەندی ووتی :**

**بسم الله الرحمن الرحيم، { بشر المؤمنين اللذين اذا أصابتهم مصيبة قالوا انا لله وانا اليه راجعون } .**

مـن لێـرەدا زۆر سوپاسـتان دەكـەم بـەناوی خـۆم وەك كەسـێكی هەڵەبجـەیی و خـاوەنی دەیـان شـەهیدی شـاری هەڵەبجـە، جیـاوازی نییـە لـە نێـوان هـەموو شەهیدانی كوردستاندا، بەڵام من لێرەدا دیسانەوە زۆر سوپاسی ئەم دەزگایـە دەكەم بە تایبەتی سەرۆكی پەرلـەمان كە هەمیشە گرنگی بە باری هەڵەبجە داوە، هەڵەبجە جگە لەو هەموو باسانەی كە لەم بارەیەوە كران بەراستی جۆرە پشتگوێیەك خراوە، ئەویش چارە رەشی خۆی بوو، چارە رەشی وڵاتەكە بوو، چـونكە لـە دوای راپـەرین خـەڵكی هەڵەبجـە زۆر بـە هیوابـوون و هیوایـەكی گـەورەیان بـە سـەرۆك بـارزانی هـەبوو، چـونكە هەڵەبجـە مەڵبەنـدی شۆرشـی ئـەیلول بـوو،،،،،،، هـەروەها ووتـی : ئومێـدی هەڵەبجـە بـەم دەزگـا شـەرعییە گەورەیە یە بە سەرۆك بارزانی یە، ئومێدی ئـەوەشمان هەیـە دیـسان هەڵەبجە ببێت بەو مەركەزە گـەورە رۆشـنبیرییەی كـە كـاتی خـۆی هـەی بـووە كـە دەیـان شـاعیری كـوردی پێگەیانـدووە كـە ئیـستا جیـیٚ ئیعتیـزازی ئێمەنـە وەكـو (ئەحمـەد موختـار جـاف و مامۆسـتا گـۆران و نـالی و ئەوانـەی كـە لـە ویٚ هەڵكەوتوون) ببێتەوە هەمان مەركەز و رۆڵی خۆی ببینیٚ، سوپاس .

بەرێز د . ناسح غەفور رەمەزان ووتی :

بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان دانەری ئەرزو راگری ئاسمان، سوپاس بۆ ئەو یەزدانەی كە ئێمەی كوردی لەناوچوون پاراست و زۆربەی خاكەكەی باب و باپیرانی ئێمەشی خستوەتەوە ژێیر دەسەڵاتی خۆمان وەكو كورد، بەرێزان ئـەمرۆ یـادی هەڵەبجەیـە یـادی دووبـارە بوونـەوەی هێرۆشـیمای كوردسـتانە، یـادی ئـەو هـەموو كارەسـات و رووداوە دڵتەزێنانەیـە كـە سـەدان سـاڵە لـە كوردستاندا روو دەدەن، كارەساتەكەی ساڵی ١٩٨٨ یەكەم كارەسات نەبووە لـە شـاری هەڵەبجـەی خـۆراگر، لەوەتـەی نـەوەكانی عەفلـەق هاتوونەتـە سـەر حـوكم ئەمـە چـەندین جـارە هەڵەبجـە شـەهید دەكرێـت، بـەڵام بـە تەئكیـد

کارەساتەکەی ١٩٨٨ سەبارەت بە هەڵەبجە و سەبارەت بە کوردەوە کارەساتێکی گەورە و دڵتەزێن و وەرچەرخانێکی تایبەت بوو لە مێژووی کوردەواریدا، بەلاّم بەداخەوە وەکو شاعیری عەرەب دەڵی { قتل امریَ فی غابة جریمة لا تغفر، وقتل شعب آمن مسالة فیها نظر } .... هەروەها ووتی : من دیسان ئەو پێشنیارانەی برایان کردیان بە پێشنیاری باشیان دەزانم و پشگیریان لێ دەکەم، بەتایبەتی ئەوانەی پار کە بەداخەوە تاکو ئیستا جێ بەجێ نەکراون ........ هتد .

بەرێز مەلا محمد تاهیر محمد زین العابدین ووتی :

دیارە کارەساتی گەورە تر لە کارەساتی هەڵەبجە لە شەهید بوونی کورد لە کوردستاندا نەبووە کە پەرلەمانی کوردستان ئەم رۆژەی داناوە بەوە کە یادی شەهید و یادی شەهیدان و رۆژی شەهید بێت، دەربارەی بابەتی هەڵەبجە پێموایە شتێك نەما برادەران باسی نەکەن، تەنیا ئەوە ماوە لێرە ئێمە ئەوە بڵێین کە خوای گەورە دەفەرموویێت { لا تحسبن الله غافلا عن ما یعمل الظالمون } ، ئەوەی کە زاڵم کردوویەتی خوا ئینشائەلاّ غافڵ نییە لیێ، ئەوەی کە زاڵمە ریسوا دەبێ، هەڵەبجەش دەروازەیەکی گەورە بوو بۆ ئەوەی کەوا کورد ئەم وەزعەی خۆی پێ جێگیر بکات، ئومێدەوارم ئەم حاڵەتە بۆ کورد بچەسپێت .....هتد .

بەرێز ئەحمەد سالار عبدالواحد ووتی :

بە رێزینە داوای بەخشین دەکەم ئەگەر زارم باش نەیەتە گۆ کارەساتەکە زمان سرکەرە، هەناسە سوار، دەست لەرزۆك، بیرۆکەکان کەنەفت، شەکەت، دۆش داماون لەبەردەم گەورەیی کارەساتەکە، ئەوەندە دەڵێم شەوی ١٦/١٥– ٣ ی شارێك هەبوو، هەڵەبجەی ناو بوو، ئەو شارە بێشکەیەکی دڵنیایی نێوان شنرویێ و بالاّمبۆ هێشتا وەکو شنەی مۆردانە نەسرەوت بوو ........هتد .

بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن ووتی :

لێرەدا ئەوانەی ویستیان لەم دانیشتنەدا قسە بکەن تەواو بوو، دانیشتنەکەشمان لە کۆتاییدایە، جارێکی تر سوپاسی هەموو لایەکتان دەکەین بۆ ئەو هەستە، سوپاسی هەموو ئەوانە دەکەین کە پێشنیاریان کرد و پێشنیارەکان تۆمار کراون دوایی یەکیان دەخەین و وەکو راسپاردەیەك دەینێرین بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دیراسەت کردنی و هەر چۆن پار ساڵ پێشنیارەکانمان نارد بۆیان، بۆ ئەوەی بتوانن بە گوێرەی توانا و بارودۆخ ئەوەی پێویست بێت بکرێت بۆ شاری هەڵەبجە و بۆ خەڵکی هەڵەبجە و لێقەوماوانی هەڵبجە .... هتد .

لەکۆتای کۆبونەوەکەدا ئەم پێشنیارانەی لای خوارەوە پەسەند کران :

پێشنیارەکانی ئەندامانی ئەنجومەن لە دانیشتنی رۆژی ١٩٩٩/٣/١٦ دا کە بە بۆنەی یانزدەمینساڵیادی بۆردومانەکەی شاری هەڵەبجە وە سازدرا

١- هەوڵ بدرێت رۆژی ٣/١٦ لە هەموو ساڵێکدا بکرێت بە رۆژیکی جیهانی بۆ قەدەغە کردنی چەکی کۆ کوژی .

٢- پێشنیار بکرێ کە کابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان پلانێکی تایبەتی دابنێ بۆ بوژاندنەوە و هەڵساندنەوەی شاری هەڵەبجەی شەهید .

٣- ناوەندێکی توێژینەوە و دیراسات بۆ کارەساتی هەڵەبجە بکرێتەوە، ناوی شەهیدەکان و بریندار و لێقەوماوان تۆمار بکرێن و توێژینەوەی زانستی دەربارەی بە کارهێنانی چەکی کیمیاوی و بایەلۆجی لەسەر خەڵکی دەڤەرەکە و دەوروبەری و تەنانەت لەسەر نەوەکانی داهاتووش بکرێت .

٤- کەس و کاری شەهید و لێقەوماوانی هەڵەبجە دەست نیشان بکرێن و دەست گرۆیی و هاوکاری بکرێن .

٥- دەزگایەکی تایبەتی بۆ سەرپەرشتی کردن و بەخێو کردنی منداڵی شەهیدان و بریندار و پەککەوتەکانی کارەساتی هەڵەبجە دابمەزرێت .

٦- دروست کردنی مۆزەخانەیەکی تایبەت بە کارەساتی هەڵەبجە .

٧- راستەو خۆ داوا لە un بکرێت لەو بریارەی کە بۆ قەرەبوکردنەوە تەرخان کراوە، بە شێوەیەکی تایبەتی قەرەبوی ئەو خەڵکە لێقەوماوەی هەڵەبجە بکرێتەوە .

٨- هەوڵ بدرێ ئەوانەی لە کارەساتەکەی هەڵەبجە دا دەستیان هەبووە دادگایی بکرێن .

١٩ – لە کۆبونەوەی رۆژی ١٩٩٩/٣/١٧ دا کە بەرنامەی کاری بریتی بوو لە یەك خاڵ، ئەویش گفتوگۆکردن بوو لەسەر ئیش و کاری لیژنەکانی پەرلەمانی کوردستان، پاش کردنەوەی کۆبونەوەکە لە لایەن سەرۆکی پەرلەمانەوە و لە نێوان ووتەکانیدا ووتی :

پێش ئەوەی بچینە سەر خاڵی بەرنامەی کارمان، دوێنی موناقەشەیەکی باش کرا، کۆمەڵێك پێشنیاری لێ دەرکەوت، وا پێك هاتین ئەو پێشنیارانە وەکو پێشنیار یاخود وەکو راسپاردە کۆبکرێنەوە و بنێردری بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان تا بزانین لەو بوارەی کە هەیانە، لەو وەزعەی کە هەیە، لەو بارودۆخەی کە هەیە، چەند ئەتوانن ئەو پێشنیارانە جێ بەجێ بکەن، پێشنیارەکان گلاڵە کراون بە خێرای ئەیخوینمەوە بۆ ئەوەی نەوەك دنیایە خاڵیکمان لە بیر چووبێت، پاشان بە نوسراوێك وەکو یاداشتنامەیەك و پێشنیارێك ئەینێرین بۆ ئەنجومەنی وەزیران، وێنەشی ئەدەین بە هەموو لیژنەکانی پەرلەمان، (پێشنیارەکان هەر ئەوانە بوون کە پێشتر و لە (٨) خاڵ پێك هاتووە)، پاش ووتەکانی بەرێز سەرۆکی پەرلەمان ن هەندێ ووتەی تر لەلایەن بەرێزانی ئەندامانەوە کرا .

٢٠ – لە کۆبونەوەی رۆژی ١٩٩٩/٩/١٨ دا لە خاڵی (١١) دا یەکەم خوێندنەوەی پرۆژە بریاری هێنانە کایەی چوار پارێزگا لە سنوری هەرێمی کوردستاندا، بریارەکە خویندرایەوە بۆ ئەندامان و درایە لیژنەی یاسایی و لیژنەکانی پەیوەندار بۆ دەربرینی رای خۆیان، ئەمەش دەقی بریاری پێشنیارکراوە کەیە :

**بریار**

به پییٚ حوکمەکانی برگەی (٤) ی مادەی (٥٦) لە یاسای ژمارە (١) ی ساڵی ١٩٩٢ و لەسەر داوای سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ئاسایی خۆی رۆژی / / ١٩٩٩ ئەو بریارەی خوارەوەی دەرکرد :

یەکەم :

دروست کردنی ئەو پارێزگایانەی خوارەوە لە هەرێمی کوردستان بە هەمان حدودی ئیداری ئیستای قەزاکەی :

| ناوی پارێزگا | مەرکەزی پارێزگا |
|---|---|
| ١– پارێزگای سۆران | سۆران |
| ٢– پارێزگای ئاکریٚ | ئاکریٚ |
| ٣– پارێزگای بتوێن | رانیە |
| ٤– پارێزگای هەڵەبجە | هەڵەبجە |

٢١ – لە کۆبونەوەی رۆژی ٩/١٩ /١٩٩٩ دا پەرلەمان لە خاڵی یەکەمی بەرنامەی کاری خۆی دا وا هاتبوو :

**١- خستنە رووی پرۆژەی بریاری هێنانەکایەی پارێزگاکانی (هەڵەبجە - بتوێن - ئاکرێ - سۆران) .**

**پاش ئەوەی سەرۆکی پەرلەمان بەرنامەی کاری خویندەوە، داوای کرد کە رای لیژنەکان لەسەر پرۆژە بریاری هێنانە کایەی چوار پارێزگا بخوێنرێتەوە و پاشان ئەندامان گفتوگۆی لەسەر بکەن، لیژنەی یاسایی راپۆرتی خۆی خوێندەوە کە ئامارژەی بە هەندی کەموکوری داوە لە جوری داواکاریەکە و داوای کردووە کە پرۆژەکە بنێردرێتەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران بۆ تەواو کردنی کەموکوریەکان، بۆیە لەم کۆبونەوەیەدا گفتوگۆی لەسەر نەکرا .**

**٢٢ - لە کۆبونەوەی رۆژی ١٩٩٩/٩/٢٢ دا لە بەرنامەی کاری کۆبونەوەکەدا خالی یەکەمی بریتی بوو لە (خستنە رووی پرۆژەی بریاری هێنانەکایەی پارێزگاکانی (هەڵەبجە - بتوێن - ئاکرێ - سۆران) .**

**پاش ئەوەی سەرۆکی پەرلەمان بەرنامەی کاری کۆبونەوەکەی خوێندەوە، هاتە سەر خاڵی یەکەم کە پرۆژە بریاری پێکهینانی چوار پارێزگاکە بوو، داوای لە لیژنەی یاسای کرد کە دەست بەکار بن بۆ خویندنەوەی برگەکانی بریارەکە، پاش خویندنەوەی برگەی یەکەم و خستنیە بەر باس، وا لەخوارەوە ئاماژە بەهەندی وتەی بەرێزان دەدەم :**

**بەرێز شێخ عەدنان نەقشبەندی وتی :**

**من پیرۆزبای لە خەڵکی ئەو جێگایانە دەکەم کە بریاری بوونە پارێزگایان بۆ دەردەچێت، بە تایبەتی سوپاس بۆ جەنابی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، هەروەها بەرێز وەزیری ناوخۆ، هەمیشە زیاد کردنی یەکەی ئیداری بەڵگەی ئەوەیە کە خزمەتگوزاریەکان زیاتر دەکرێت، من یەك دوو تێبینیم لەسەر یەك دوو ناو هەیە، سەبارەت بە هەڵەبجە، پێشنیار دەکەم وشەی شەهیدی بۆ زیاد بکرێت، چونکە لە راستیدا هەڵەبجە دەروازەیەکە بۆ ناساندنی مەسەلەی**

**کوردی بە هەموو دونیا، ناوەکەی بکرێت بە پارێزگای هەڵەبجەی شەهید ......هتد .**

**بەرێز جەعفەر شێخ عەلی ووتی :**

**پرۆژەی هێنانەکایەی ئەو شوێنانەی کە دەستنیشان کراون ببنە پارێزگا، هەرچەندە هەر شوێنەیان مەڵبەندێکی فراوان و گرنگیەکی تایبەتی خۆی هەیە، هەر لە هەڵەبجەی شەهیدەوە کە پێناسەی زوڵملێکراوی گەلی کوردە تا رانیە و بتوێنی دەروازەی راپەرین، سۆرانی مەڵبەندی سەرکردایەتی شۆرش ئەیلول، ئاکریێ دێرین، من دوو پێشنیارم هەبوو، بەرێز کاك شێخ عەدنان باسی کردن کە پارێزگای بتوێن بکرێتە راپەرین، دەربارەی پارێزگای هەڵەبجە، پێشنیارەکەم لەگەڵ هی ئەو تۆزێك جیاوازی هەیە، پارێزگایەکە هەر بە هەڵەبجە بمێنێتەوە، بەڵام مەڵبەندی شار بکرێت بە (هەڵەبجەی شەهید)، سوپاس .**

**بەرێز مەلا موحسن خالید موفتی ووتی :**

**بەراستی هەرچی قسەمان کرد هەمووی دەربرینی شادمانی خۆمانە بەرامبەر بەم مەسەلە، پیرۆزبایی لە حکومەتی کوردستان دەکەین کەوا ئەم هەنگاوە پیرۆزەی ناوە، پیرۆزبایش لە ئەندامانی پەرلەمان دەکەم کەوا لە یەکەم پەرلەمانی کوردستاندا چوار پارێزگا دێتە کایەوە، ئەمە گەورەترین موژدەیە بۆ شەهیدانی کوردستان بە تایبەتی ئەو شارەی کەوا کیمیا بارانی بەسەردا رژا ....... هتد .**

**بەرێز رەجەب شەعبان تەیب ووتی :**

**ئەو پرۆژەی کەوا ئەمرۆ هاتووەتە پەرلەمان بۆ ئەوەی بریاری لەسەر بدرێت، دەبێتە بریاریکی مێژوویی سەبارەت بە پەرلەمان و حکومەتی کوردستان، زۆر لە دوژمنانی میللەتی کورد دەیان ووت مللەتی کورد هوشیار نیە و توانای**

بەڕێوەبردنی خۆی نییە، بەڵام ئەوە وەڵامێك بوو بۆ ئەوان هەموویان كەوا پەرلەمان و حكومەتی كوردستان دەتوانێت هەموو كاتێك ئیدارەی میللەتی خۆی بكات .......هتد .

بەڕێز عەفان عوسمان نەقشبەندی ووتی :

زۆر لەوانەی كە من پێم بوو باسی كرا، سوپاسی هەموو ئەندامان دەكەم، بەڵام من وەك نوێنەرێكی ناچەی هەڵەبجە، پێش هەموو شتێك سوپاسی سەرۆكی خۆشەویست كاك مەسعود بارزانی دەكەم، لە كاتێكدا ئێمە چەند جار سەردانمان كرد بۆ ئەم مەبەستە، خەڵكی هەڵەبجەش دەیان ساڵە هەوڵی ئەوەیان داوە كەوا ئەو ناوچە گرنگە بكرێت بە پارێزگا، ئیستا بەراستی ئەو هەنگاوە پیرۆزەی ئەنجومەنی وەزیران ناویەتی بۆ ئاسانكردنی ئیشوكاری ئیداری بە تایبەتی ئیشوكاری پەروەردەیی، بەراستی هەنگاوێكی گەورەیە و جێگای ئەوەیە كەوا ئێمە وەكو پەرلەمانی كوردستان، وەكو خەڵكی ئەو ناوچانەی هەر هەموو كوردستان سوپاسی پەرلەمان و حكومەتی كوردستان بكەین ......هتد .

بەڕێز شەفیق ئەمین محمد ووتی :

بە راستی پێخۆشحاڵین بۆ ئەو بڕیارەی كە لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە هاتووە بۆ كردنی ئەو چوار قەزایە بە پارێزگا، بەتایبەتی من پشتگیری قسەكانی كاك شێخ عەدنان دەكەم بۆ ئەو ناوانەی كە دایناوە، هەڵەبجە بكرێت بە هەڵەبجەی شەهید، هەروەكو كاك موحسن فەرمووی دوو هەڵەبجە هەیە .........هتد .

بەڕێز د . رۆژ نووری شاوەیس / سەرۆكی وەزیران ووتی :

من لە سەرەتاوە حەز دەكەم باسی ئەوە بكەم كەوا بۆچی ئەم ناوانەمان لەم پارێزگایانە ناوە، یاخود بۆچی ئەم بابەتە هاتوەتە كایەوە، من بەراشكاوی و بە درێژی باسی ئەم مەسەلەیە دەكەم، بەڕێزانێكی زۆر ئەم بابەتەیان باس

کردووه، چەند بۆچونێکی جۆراو جۆر خرایە روو، منیش دەمەوێت هەڵویست و بۆچونی حکومەتی کوردستانتان بۆ روون کەمەوە، لە هەمان کاتیشدا ئەگەر شتێکی ناتەواو یا نادیاری تیادا بوو، هیوادارم هەڤالاْنم کاك فەلەك و کاك فازلْ هاوکاریم کەن، پێش هەموو شتێك باسمان کرد کە ئەم پێشنیارە لە بنەرەتەوە هی جەنابی سەرۆك بارزانیە، و لەسەر داوای جەماوەری ئەو شوێنانە بووە،،،، هەروەها ووتی : هەڵەبجە دەبێت ببێت بە هیمایەکی زندووی کوردستان، هەڵەبجە دەبێت هەمیشە زیندوو بێت، پێش هەموو شتێك ئێمە پیشانی هەموو خەڵکیشی دەدەین کەوا هەر کاتێك حکومەتی هەرێم دەسەلاْتی بەسەر هەموو کوردستانەوە هەبوو، ئێمە شاری هەڵەبجە دەکەین بە پارێزگا، لە جارانیش سەد بار چاکتری دەکەین، خوا یارمان بێت دەسەلاْتمان هەبێت،،،،،،،،، هەروەها ووتی : دێمەوە سەر هەڵەبجە وەکو ئەوەی باسمان کرد هەڵەبجە ناوێکی مێژووی دێرینی کۆنی کوردی رێکوپێکە، هەڵەبجە کە لییدرا لە شاری هەڵەبجە درا، لە هەڵەبجەی تازە درا، لە هەڵەبجەی شەهید درا، نەخێر لە هەڵەبجە درا، ئێمە دەمانەوێ ناوی هەڵەبجە زیندوو بکەینەوە، هەڵەبجە لای ئێمە زیندووە، هەڵەبجە دەبێت لە هەموو شوێنێك زیندووتر بێت، تاوانێکی گەورەشی بەرامبەر کراوە، ئەو تاوانەش ناشارێینەوە و داواشی دەکەین و لێشی دەکۆڵینەوە و داواکاریشمان هەیە بەرامبەر بەو تاوانە، بەلاْم هەڵەبجە شارێکی زینووە و دەبێت ناوی پارێزگاکە بە ناوی هەڵەبجەوە بمێنێتەوە، یەك هەڵەبجە هەیە کە هەڵەبجە بنەرەتییەکەیە، ئەوە ئەو راڤەیە بوو لەسەر هەڵەبجە ....... هتد .

بەرێز فەلەکەدین کاکەیی / وەزیری رۆشنبیری ووتی :

پاش باسێکی تێرو تەسەل لەسەر پاریزگاکان، لەسەر هەڵەبجە ووتی : لایەنی سیاسی هەر وەکو هەڵەبجەی شەهید، بەڵی هەڵەبجە، ناوەکەی خۆی بووەتە

ناوێکی مێژووی، ناوێکی جیهانیشه که گوتیان هەڵەبجە خەڵك وەکو هێرۆشیما ناوی دەبات، پێویست بە ناوی شەهید ناکات، هەوەها تابعێکی سیاسیشی هەیە، سەبارەت بەو تێبینییەی کە کاك د . ناصح دەڵی لە سنورەوە نزیکە، هەڵەبجە لە سنوورەوە نزیك نییە، لە چەقی کوردستانە، جێگای خۆیەتی هەڵەبجە وەکو هەڵەبجە ببێتە پارێزگا ...... هتد .

لە کۆتای ووتەکاندا بەرێز سەرۆکی پەرلەمان پاش ئەوەی بە تێکرای دەنگ بریارەکە پەسەند کرا ووتی :

لە راستیدا لە دانیشتنی ئەمرۆماندا گوێمان لە کۆمەڵی رستە بوو لەوانە دەگوترا ئەمرۆ رۆژێکە کە کورد ماڵی خۆی ئاوەدان دەکاتەوە، دەبێ لە یادمان بێت، من پێشەکی بۆ ئەو رستەیە سوپاستان دەکەم کە لە جێ خۆیەتی، دووەمیش سوپاسێکی بێ پایان بۆ ئەم بریارە چاکەی ئیمرۆ وەرتان گرت بۆ دەست کردنەوەی ئەنجومەنی وەزیران بۆ پێك هێنانی ئەو (٤) پارێزگایە، سوپاستان دەکەم، هیوادارم هەردەم کاروبارمان بەم شێوەیە بێت وە بە هەردوو رامان خزمەتی گەل و نیشتمانەکەمان بکەین جارێکی تر سوپاس .

**دەقی بریارەکە**

**ژمارە (١١) لە ١٩٩٩/٩/٢٢**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**ژمارەی بڕیار: ١١**

**مێژووی بڕیار: ١٩٩٩/٩/٢٢**

«بڕیار»

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان
بەناوی گەل
ژمارەی بڕیار: ١١
مێژووی بڕیار: ١٩٩٩/٩/٢٢

بڕیار

پشت بەو دەسەڵاتەی کە بەپێی بڕگە (٣)ی مادده (٢) لە یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمان دراوە و لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ڕۆژی ١٩٩٩/٩/٢٢ دا یاساکاری کردووە، ئەم بڕیارەمان دەرهێنا.

یەکەم: هێنانەکایەی ئەم پارێزگایانەی خوارەوە لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا بە هەمان سنووری ئیداری ئێستای قەزاکان.

| ناوی پارێزگا | ناوەندی پارێزگا |
|---|---|
| ١- پارێزگای سۆران | سۆران |
| ٢- پارێزگای ئاکرێ | ئاکرێ |
| ٣- پارێزگای بیتوێن | ڕانیە |
| ٤- پارێزگای هەڵەبجە | هەڵەبجە |

دووەم: دەسەڵاتی گۆڕین و دیاری کردنی سنووری ئیداری هەر یەک لە پارێزگاکان و ڕێکخستنی ئەخشە پێویستەکان بە ئەنجوومەنی وەزیران دەسپێردرێ.

سێیەم: لەسەر ئەنجوومەنی وەزیرانە حوکمەکانی ئەم بڕیارە جێبەجێ بکات.

چوارەم: ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچینانیەوە جێبەجێ دەکرێ و لە ڕۆژنامەی ڕەسمیشدا بڵاو دەکرێتەوە.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانی**
**کوردستانی عێراق**

## هۆیە پێویستەکان

دوای سەرهەڵدانی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق و پێک هێنانی حکومەتی هەرێم و دوای ئەوەی گەلی کوردستان بوو بە خاوەنی ئیرادەی ئازادی خۆی و بڕیاری نیشتمانی بۆ پتەوکردنی دەستکەوتەکانی ڕاپەڕینی ئاداری ساڵی ١٩٩١ و لەبەر ئەوەی پارێزگاکانی ئێستا ڕووبەرێکی فراوانیان داگرتووەو ڕۆڵەکانی هەرێم ژمارەیان زیادی کردووە، وە بۆ ئەوەی سیستەمی ئیداری بە جۆرێک ڕێک بخرێ کە لەگەڵ شێوازی نوێی دەوڵەتە پێشکەوتووەکانی تر بەڕێوە بچێ و خواست و ئارەزووی ڕۆڵەکانی کوردستان بهێنێتەدی و بۆ ئەو قوربانییە مەزنانەی ڕۆڵەکانی ئەم پارێزگا نوێیانەو ئاسانکاری بۆ پێشکەش کردنی باشترین خزمەتگوزاری، ئەم بڕیارە یاساکاری کرا.

**٢٣ – لە كۆبونەوەی رۆژی ٢٠٠٠/٣/١٥ دا خاڵی یەكەمی كاری كۆبونەوەی پەرلەمان بریتی بوو لە : بە بییر هێنانەوەی كارەساتی هەڵەبجەی شەهید كە چەكی كیمیایی لە دژی دانیشتووە بێ تاوانەكانی بەكار هێنا .**

**پاش ئەوەی خاڵی یەكەم دواخرا بۆ خاڵی كۆتای بەهۆی دواكەوتنی ئامادە بوونی نوێنەرانی شاری هەڵەبجە لە كۆبونەوەكدا، و دوای تەواو كردنی كاری خاڵەكانی دوو و سیێ، سەرۆكی پەرلەمان ووتی:**

**پێش ئەوەی دەست بكەین بە دوا برگەی بەرنامەی كاری ئەنجومەن بۆ دانیشتنی ئەمرۆ كە یادەوەری كارەساتی هەڵەبجەی شەهیدە، تكا دەكەم بە دەقیقەیەك راوەستان بۆ یادی گیانی پاكی رۆحی بەرزەفری (٥) هەزار شەهیدی هەڵەبجەی زیندوو، فەرموون، سوپاستان دەكەین فەرموون دانیشن، لێرە بە شایستەی ئەزانم بەخێر هاتنی گەرمی میوانانی بەرێز نوێنەرانی شاری هەڵەبجە بۆ پەرلەمانی كوردستان بكەم كە ئەمرۆ وەك میوان لە هۆڵی پیرۆزی پەرلەمانی كوردستاندا ئامادەن . دەرگا كراوەیە بۆ ئەوەی دەیەوێ قسە بكات تا وەكو ناوی بنوسرێ .**

**بەرێز شێخ جەعفەر بەرزنجی ووتی:**

**منیش بەخێرهاتنێكی گەرمی میوانانی خۆشەویست و بەرێزان نوێنەرانی خەڵكی هەڵەبجەی شەهید دەكەم بۆ ئامادەبوونیان لە پەرلەمان لە یادی كارەساتی كیمیابارانی هەڵەبجەدا، دوانزەساڵ لەمەو بەر لە (٣/١٦) دا كارەساتێكی دڵتەزێن جینۆسایدێكی دژ بە كورد بۆ شارێكی دڵگیر و مەڵبەندێكی كوردایەتی رۆشنبیری لەلایەن رژێمی دەسەلاٌتداری عێراقەوە ئەنجام درا، دوژمنانی مرۆڤایەتی جارێكی تریش بە چەكی كۆكوژی قەدەغەكراو، دەستی تاوانیان سوور كرد بە خوێنی ئاڵی زیاتر لە پێنج هەزار مرۆڤی كورد لە شاری هەڵەبجەدا، شارەكەیان شەهید كرد، هەزارانی تریش بەو زەهرە كیمیاویە گیرۆدەبوون، بە دەیان هەزاری تریش لە ماڵ و شار و**

**نیشتیمانی خۆیـان ئـاوارە و دەربـەدەر بـوون،،،،،،،،،،،،،،، هـەروەها ووتـی : سوپاس بۆ خوا کورد سەرکەوت، کوردستان بەشی زۆری ئازاد کرا، هەڵەبجە ژیایەوە، جەماوەرە سەربەرزەکەی گەرایەوە سەر جێگای خۆیان، وەفاداریمان بۆ خوێنی شەهیدان پاراستنی گەلەکەمانە و گەشە کردنی و ئەمەش چەند پێشنیارێکە بۆ بەرێزتان :**

**١- بریاری پەرلەمان ژمارە (١١) لە ١٩٩٩/٩/٢٢ بۆ هێنانەدی پارێزگای هەڵەبجە جێبەجێ بکرێت .**

**٢- پشتگیری داواکاریەکانی نوێنەرانی جەماوەری هەڵەبجە ئەکەم کە ئەمرۆ پێشکەشیان کردووە .**

**٣- نامەوێت ئەو پێشنیارانەی کە پار ساڵ پێشکەش کرا دووبارەی بکەمەوە کە بریتییە لە هەشت خاڵ لە کۆبونەوەی (٣/١٦) پاردا تۆمار کراوە، هەوڵی جێبەجێ کردنیان بدرێت لە لایەن لایەنە بەرپرسەکانەوە ......... هتد**

**بە رێز د . قاسم محمد قاسم ووتی :**

**ئێمەش وەکو خەڵکی دهۆك دەنگی خۆمان دەخەینە پاڵ دەنگی ئێوە و بەخێر هاتنی کەسوکاری خۆمان لە دەڤەری هەڵەبجە دەکەین کە لەم دانیشتنەی پەرلەماندا لەم هۆڵە پیرۆزەدا ئامادە بوون، داوای سەرکەوتن بۆ میللەتی خۆمان دەکەین کە بگەنە ئامانجی خۆیان و ئەم تاوانانە کۆتاییان پێ بێت، کارەساتی هەڵەبجە تاوانێکی درندانە بوو دژی هەموو مرۆڤایەتی، ویژدانی مرۆڤایەتی هەژاند و چاوی خەڵکی لە کۆمەڵەی نێونەتەوەیی لەسەر موعاناتی گەلی کورد کردەوە، پێش روودانی کارەساتی هەڵەبجە خەڵکەکە گوێی لەو میللەتە نەبوو، هەرگیز ئاوری لێ نەدەدایەوە سەرەرای ئەو کارەساتە تراجیدیایەی کە بە سەرمان دەهات، هەر لە دەست پێ کردنی شۆرشی ئەیلولەوە تا روودانی کارەساتی هەڵەبجە و دوای هەڵەبجەش،،،،،،،،،،،،،، لە کۆتایدا دەڵێم بەهەشتی بەرین بۆ ئەو شەهیدانە بێت .**

**بەرێز شێخ موحسین شێخ خالید موفتی ووتی :**

سەرەتا داوای رەحمەتی خوا دەکەین بۆ گیانی پیرۆزی هەموو شەهیدانی کورد و کوردستان بە تایبەتی شەهیدانی هەڵەبجە کە بوونە پێناسەی نەتەوەکەیان لە هەموو جیهانی ئاوەدانا، دەنگی زولاڵ و چەوساوەییان گەیاند بە هەموو دونیا، جێگای خۆیەتی کە سوپاسی خۆمان دووبارە بکەینەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان و بۆ حکومەتی کوردستان کە گرنگی و بایەخی بە داخوازییەکانی خەڵك و دەڤەری هەڵەبجە دا بۆ ئەو هەڵوێستە رێکوپێکەی کە کردی بۆ پارێزگاری کردنی هەڵەبجە و کردنی بە پارێزگا، ئەمە دەستکەوتێکی مەزن بوو، لە داهاتوویەکی پرشنگداردا ئومێد دەکەین کە پەنا بەخوا هەموو ئاواتەکانی تر بێتە دی .....هتد .

بەرێز شەفیقە فەقێ عەبدوڵلا ووتی :

پێشەکی بەخێر هاتنی لقی (١٢) ی تێکۆشەر و هەموو نوێنەرانی شاری هەڵەبجەی شەهید دەکەم، و سەرە خۆشی لە خۆم و لە کەسوکاری هەڵەبجەی شەهید دەکەم بە تایبەتی و دانیشتوانی کوردستان لە ناوەوە بەگشتی لەگەڵ کوردەکانی هەندەران و هەموو مرۆڤێکی خاوەن ویژداندا، هەڵەبجە بووکی ئازادی کوردستانە، گەر چی بێجگە لە هەڵەبجەی شەهید ئێمە خاوەن چەندین شوێن و ناوچەی کوژراوی دەستی کیمیابارانین هەر لە شێخ وەسان و دۆڵی جافایەتی و چەمی رێزان و ناوچەی بارزان و بادینان، بەلام هەڵەبجەی شەهید بووەتە سونبوڵی ئەم تاوانکارییە و لە جیهاندا دەنگی داوەتەوە،،،،،، هەروەها چەند پێشنیارێکی هەبوون لە بارەی چونییەتی روبەروو بونەوەی کاریگەری چەکی کیمیاوی .......هتد .

بەرێز مامەند محمد ئەمین بابەکر ووتی :

بەخێر هاتنێکی گەرمی نوێنەرانی هەڵەبجەی شەهید دەکەم، کارەساتی هەڵەبجە کارەساتێکی زۆر گەورە و دڵ تەزێن بوو لەسەر دڵی گشت میللەتەکەمان، لەکەیەکی رەشی دیار و گەورەیە بەناو چەوانی ئەنجامدەرانی ئەم تاوانەوە، تاوانی وا لە دنیادا زۆر کەم کراوە، بە تایبەت دەوڵەتێك لەگەڵ

دانیشتوان و هاووڵاتانی خۆی کردبێت، ئەم کارەساتە گەورەیەش تەکانێکی زۆر گەورەی بە کێشەو مەسەلەکەی ئێمەدا، هەموو دونیای تێگەیاند کە ئەم گەلە بەم شێوەیە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێ، گەلێکی بەش خوراو و چەوساوەیە هتد.

بەڕێز یەحیی محمد عبدالکریم ووتی :

سەرەتا سەری رێز و نەوازش دادەنەوێنم بۆ سەرجەم شەهیدانی کیمیابارانی کوردستان، بەتایبەتی شەهیدانی کیمیابارانی هەڵەبجە، هەتا رۆژگاری خەبات درێژتر بێت، ئەوەندە رووداوی کارەسات زیاتر دەبێت، هەتا دوژمن دیکتاتۆر و درندەتر بێت، ئەوەندە کارەسات و ماتەم و رۆژانی ماتەم زیاتر دەبێ، هەتا میللەت بێکەس بێت، ئەوەندە کاری زوڵم و زۆر و کاری نارەوایی زیاتر دەبێ، بروا ناکەم رۆژگاری هیچ میللەتێك وەکو رۆژگاری میللەتی کورد درێژ بوبێت، قەناعەتم نییە هیچ درندەیەك و هیچ دوژمنێك وەکو دوژمنی میللەتی کورد درندە و خوێن رێژ و دژ بە مرۆڤ بووبێت، باوەرم ناکەم میللەتێك ببێت لە میللەتی کورد بێکەس تر، ئا لەو رۆژانەیا کە ماڵ بەماڵی ئەروخێنرا و کەس بە کەسی ئەخنکێنرا، تەنانەت خەڵکی هاوسێ و ئەو خەڵکانەش کە باسی مرۆڤایەتیشیان دەکرد بێ دەنگ بوون و ئەیان ووت، (خەڵکێکی کورد دەڵێین کیمیاباران کراوە لە هەڵەبجەدا) ........هتد .

بەڕێز ابراهیم سەعید محمد ووتی :

شاری هەڵەبجە شارێکی جوان و شەفافە، هەڵەبجە پایەتەختی شارەزوور و هەورامانە، هەڵەبجە شوێنی ئیلهام و جێی شاعیرانی کوردی وەك مەولەوی و گوران و تاهیر بەگی جاف و ئەحمەدی موختارە، فاشیەت لە کوێ بێت هەر دژی شتی جوانە لە ژیاندا، دژی جوانیی سروشتیە، دژی ئەدەب و هونەرە دژی نیشتیمان پەروەری و فیداکاریە، چونکە هەڵەبجە ئەم هەموو ئیمتیازاتانەی تێدا بوو، هیچ سەیر نییە کە ببێتە یەکەم قوربانی .....هتد .

بەڕێز عەفان عوسمان نەقشبەندی ووتی :

بسم الله الرحمن الرحيم

ولنبولكم بشيء من الخوف والجوع ونقص من الاموال والانفس والثمرات وبشر الصابرين الذين اذا اصابتهم مصيبة قالوا انا لله وانا اليه راجعون أؤلئك عليهم صلوات من ربهم ورحمة واولئك هم المهتدون .

صدق الله العظيم

ئەمڕۆ بیرەوەری ڕۆژێکی تاڵە لە مێژووی گەلی کورددا، هەموو گەلانی جیهان بەشدارییان لەگەڵدا کردووین، ئێمەش خۆمان یادی دەکەینەوە، بەیانی لە شاری لەندەن (پێنج هەزار) باڵۆن هەڵدەدرێت بەناوی شاری هەڵەبجەوە، زۆر بۆنە دروست کراوە بە ناوی شاری هەڵەبجەوە، هەڵەبجە ئەو شارەیە بە بیرەوەری من بێت لە سالانی (١٩٤٨ و ١٩٥٣ و ١٩٦١ و ١٩٧٧ و ١٩٨٤ و ١٩٨٧ و ١٩٨٨) هەڵچون و خۆپیشاندانی کردووە، لە ساڵی ١٩٤٨ دا بەرامبەر بە پەیمانی (پۆرتسمۆس) و، لە ساڵی ١٩٥٣ یش بەرامبەر بە پەیمانی (بەغدا) و، لە سالانی ١٩٦١ بە شداری لە شۆرشی ئەیلول کە مەدخەلی زۆربەی زۆر لە دەربەندیخانەوە بوو کە ئەویش لە هەڵەبجەوە دابین کرا، ساڵی ١٩٧٧ قوتابیان هەڵسانێکیان کرد بەرامبەر بە خوێندنی عەرەبی و، ساڵی ١٩٨٤ بە هاوکاری کردنی قوتابیانی سلێمانی و زانکۆی سەلاحەدین و، ساڵی ١٩٨٧ راپەرینێکی کە کرا لە شاری هەڵەبجە و، ساڵی ١٩٨٨ یش ئەو کارەساتە دڵ تەزێنە رووی دا، نامەوێ لێرەدا باسی قوربانیەکانی هەڵەبجە بکەم، نامەوێ لێرە باسی (١٨) شەهیدی خانەوادەی خۆم بکەم، نامەوێ لێرەدا باسی (٣٥) مامۆستای شەهید بکەم، نامەوێ لێرە باسی سەدان برادەر و دۆستی خۆم بکەم کە بە کیمیاوی تیا چوون، ئەمەوێت باس لە پاشماوەی کیمیاوی بکەم، ئەو پاشماوەیەی کە هەڵەبجەی کردووە بە کەلاوەیەکی وێران بوو، بەلام پاشماوەی شەهیدانی کیمیاباران باس دەکەم کە تاوەکو ئێستا هیچیان بۆ نەکراوە، شەهیدانی هەڵەبجە شەهید نین، شەهیدانەیان بۆ حیساب ناکرێت، هیچ یاسایەك نییە لەو بارەیەوە،

فەرمانبـــەران و مامۆســـتایان ئەگـــەر وەزیفەشـــیان هـــەبووبێت هـــیچ خانەنـشینیەکیان بـۆ دەرنەچـووە، بریـنـداران و نەخۆشـانی کیمیابارانەکـە تـاوەکو ئیستا داڵدەیـەکیان نییـە تیایـدا بحەوێنـەوە، ئـەو ناوچـەیەش ئیستا رۆژانە تەقینـەوەی تێدایـە و بـە بۆنی باروود لـووتی منالـەکانی پـر دەبێتـەوە، شارەکە تاکو ئیستا وێرانەیە و کەلاوەیە، رۆژانەئیسقانی مردوو لـە ماڵەکانـدا دەر ئـەهێنریٚ ئـاو و ئاوەدانکردنـەوە نییـە، شـەقام و کۆڵانـەکان وێـرانن، دانیشتوانی شارەکە رەش و رووت و بیٚ کار و کاسبی تێدایە ....... هتد

بەرێز د . ناصح غەفور رەمەزان ووتی :

بـەرێزان ئەنـدامانی پەرلـەمان، بـەرێزان میوانـە خۆشەویـستەکانی شـاری هەڵەبجـەی شـەهید نوێنـەرانی ئـەو شـارە خۆشەویـستە و کەسـوکاری شەهیدەکان، یاد و یادەوەری لـە کوردستان دا زۆرن چ خـۆش چ نـاخۆش بـە تایبـەتی کارەسات گـەلێك زۆرن لـە مێـژووی کـورد و کوردسـتاندا، کارەسـاتی جـەرگ بـر و مـەرگ هێنـەر و کاولکـەر و وێرانکـەر، بـەلاٚم هەڵەبجـە تایبەتمەندییـەکی خـۆی هـەبوو، هەڵەبجـە لـە ئـەنجامی کیمیابارانکردنی ئـەم شارە خۆشەویستە وەکو زانراوە زیاتر لە پێنج هەزار شەهید و دوو ئەوەندەی تـریش زیـاتر بریـندار و پەککەوتـە و نەخۆشـی سـەرئەنجام لێکەوتـەوە، ئەمـە جگـە لـە زیـانی گـەورەی سروشـتی و هـەروەها زیـانی ئـابووری تـر، ئـەوەی جێگەی سەرنج راکیشانی ئێمەیە بە داخەوە لەو رۆژانەدا کە کورد کوردستان لەو میحنەتەگەورەدا بوو ئێمە کیمیاباران دەکراین، وولاٚتەکەمان وێران ئەکرا، کەس بە هانامانەوە نەهات، ئێمە تاق و تەنها بووین، بە داخەوە نە شەرق و نە غـەرب نـە کۆمەڵگـەی کـەمپی سۆشیالیـستی و وولاٚتـانی کۆمۆنیـستی، نـە کۆمـەڵگای وولاٚتـانی رۆژئـاوا نـە نوێنـەرانی ئاینـە پیرۆزەکـانی ئاسمـانی و نـە وولاٚتـانی ئیـسلامی و بزوتنـەوەی ئیـسلامی، نوێنـەرانی هـەموو لایەنـەکان بـە راست و چەپەوە بە داخەوە بیٚ هەڵویست بوون بەرانبـەر بـەم کارەسـاتە، جگـە لـە ئێرانـی دراوسـێمان نـەبێت کـە ئـەویش لـە شـەرێکی خۆکوژیـدا بـوو لەگـەڵ

عێراقدا کە ماوەی هەشت ساڵی خایاند، بە سوپاسەوە ئێران تا رادەیەکی زۆر ئێش و ئازارەکەی کپ کردینەوە، هاوکاری کردین و داڵدەی پەناهندەکانی داین و بریندار و پەککەوتەکانی تیمار کردین ........هتد .

بەرێز جەمیل عەبدی سندی ووتی :

چەند لەسەر تاوانەکەی رژێمی بەغدا سەبارەت بە کارەساتەکەی هەڵەبجە بوترێ هێشتا کەمە، لە هیچ مێژویەکدا نەبووە رژێمی ناوخۆکیمیابارانی وولاتی خۆی بکات، هەموویان بە جینۆساید بکوژێ، بەڵام لایەنێکی تر هەیە دەبێ لێ بیرنەکرێت، کێ موبەرری دا بە رژێمی بەغدا کە ئەم تاوانە گەورەیە دەرهەق بە خەڵکی هەڵەبجە کرد ؟ ئەو حزبە کوردیانەی کە پێش پاسەوانانی خومەینی کەوتن و هێنایانن بۆ هەڵەبجە، سەرەرای ئەوەش نەیان هێشت خەڵکی هەڵەبجە لە هەڵەبجە دەربچن، ئەوەش کارەساتی هەڵەبجەی گەورە تر کرد.....هتد .

بەرێز بورهان عەلی جاف ووتی :

ئەگەر ئیجازەمان بدەی پێشەکی بەخێرهاتنێکی گەرمی نوێنەرانی ئەو شارە سەربەرزە، شاری هەڵەبجەی شەهید دەکەم، هەروەها جێگای شانازییە بۆ پەرلەمانی کوردستانیش پێشوازی لە نوێنەرانی شارێکی وەك ئەو شارە سەربەرزە دەکات، بەرێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەمرۆ پەرلەمانی کوردستان کە بەرهەمی خوێنی شەهیدانی سەربەرزی کوردستانە، بەرهەمی شەهیدانی دانیشتوانی بێ تاوانی شاری هەڵەبجەیە .........هتد .

بەرێز فەوزییە عزالدین رەشید ووتی :

بەرێزان پێشەکی بەخێرهاتنێکی گەرمی نوێنەرانی شاری هەڵەبجەی شەهید دەکەم، بەراستی برینی قوڵی هەڵەبجە لە جەستەی هەموو کوردێکی دڵسۆزدا برینێکی قوڵە و هەرگیز سارێژ نابێت، تەنها سەبوری ئێمەی کورد ئەم نیمچە ئازادییەیە، کە دەتوانین زۆر بە راشکاوی زۆر بە جوانی باسی ئەم برینە قوڵە بکەین، هەمیشە دوژمنانی کورد زۆر درندە بوونە بەرامبەر بە میللەتەکەمان،

**کارەساتی هەڵەبجە سری کردین، کاسی کردین، بەڵام دوای ئەوە ئەنفال و کیمیابارانی تریش بەسەردا هات ........هتد .**

**بەرێز رەجەب شەعبان تەیب ووتی :**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**ومن المؤمنين رجالَ صدقوا ماعاهدوا الله عليه فمنهم من قضى نحبه ومنهم من ينتظر وما بدلوا تبديلا .                    صدق الله العظيم**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان، وەکو ئەم بەیانییە بوو، پێش دوازدە ساڵ ناحەزان و دوژمنانی میللەتی کورد تاوانێکی دیکەی گەورەی خستە سەر تاوانەکانی خۆی و لە مێژووی خۆیدا بە رەش تۆماری کرد، ئەو چەکە کیمیاوییەی کە بەکاری هێنا بەرانبەر بە میللەتی ئێمەی کوردی فەقیر و هەژار لە هەڵەبجە و چەند ناوچەیەکی تری کوردستان، زەمیر و ویژدانی زۆر کەسانی رەسەنی هەژاند، بەڵکو ئەمەش هەردەمێنێ وەك نیشانەیەك و پەڵەیەکی رەش لە ناوچاوی دوژمنی میللەتی کورد .......هتد .**

**بەرێز فەرەنسۆ تۆما هەریری ووتی :**

**رێزداران، نوێنەرانی هەڵەبجەو شارەزور، کەسوکاری شەهیدە سەربەرزەکانی هەڵەبجە، من دەمەوێ بە کورتی و بە کوردی چەند قسەیەك بکەم، نامەوێ ئەو قسە تەقلیدیانەی کە چەند ساڵێکە دەیکەن دووبارە بنەوە، من لە جیاتی سەرەخۆشی پیرۆزبایی لە خەڵکی هەڵەبجە و کەس و کاری شەهیدە سەربەرزەکانی هەڵەبجە دەکەم کە ئەو شەرەفە گەورەیە بەر ئەوان کەوت، ئەوان بوون بە نمونە و نوێنەری کورد لە پێشمەرگایەتی و کوردایەتی و وڵات پارێزی و شۆرشگێری و نیشتیمان پەروەری، ئەم شەرەفە کە بەبەر ئەوان کەوت لەسەر ئەوە بوو کە ئەم خەسڵەتانەیان هەبوو، دوو، جارێ هیچ نەبێ با چەند رۆژێك واز لە پێشنیار کردن بۆ دەوڵەتانی دەرەوە و خەڵك بێنین خۆمان وەکو پارتی و وەکو حکومەت ئەوەی پێمان دەکرێ ناوی خوای لێ بێنین و ملی لێ بنێین و بیکەین، وەکو پارتی دەتوانین لە پارەی حکومەت لە داهاتی**

حكومەت هی خۆمان وەدەتوانین لە فێسی حەفتەمی بریاری (٩٨٦) برە پارەیەكی زۆر چاك بۆ هەڵەبجە و بۆ ناوچەی هەڵەبجە و دەوروبەری تەرخان بكرێ جا زرووف خۆشە خۆش نییە چۆنە چۆن نییە ؟ دەتوانین لە رێگەی (un) ەوە ئەو پرۆژانەی كە دەمانەوێ ئەو ئاوەدانییەی كە دەمانەوێ لە هەڵەبجە بیكەین و دوای نەخەین، راستە ئێمە دەبێ هەمیشە ئەم یادە بە زیندووەتی رابگرین و یادی بكەینەوە، بەڵام دەبێ هەندێ هەنگاوی بۆ بهاوێژین كە نیشانی دونیا بدەین، نیشانی خەڵك بدەین، ئەوەی خۆمان پێمان كراوە كردومانە، بەڵام داوا لە دونیا و خەڵكیش دەكەین كە ئەوانیش شتێك بكەن، لە كۆتایی بەرێزبێ یادی شەهیدانی هەڵەبجە، سلاو لە شەهیدانی كوردستان و ئازادی و سەروەری شەهیدان یارزانیی نەمر و ئیدریسی هەمیشە زیندوو، زۆر سوپاس .

بەرێز د. رۆژ نوری شاوەیس سەرۆكی پەرلەمان ووتی :

زۆر سوپاس كاك فرنسو، بەرێزان ئەوانەی ناونوس كرابوون بۆ قسەكردن دەربارەی هەڵەبجە، بۆ پێشكەش كردنی پێشنیار دەربارەی یاد كردنەوەی هەڵەبجە، هەموو قسەكانی خۆیانیان كرد و لە راستیدا پێشنیارێكی زۆر و بۆچوونی جیاوازیش باس كرا، كە پێویست بەوە دەكات بە شێوەیەكی تایبەتی ئەم پێشنیارانە دیراسە بكرێ، ئەركی سەر شانی لیژنەی مافی مرۆڤە لە پەرلەماندا ئەم پێشنیارانە كۆبكاتەوە و دانیشێ دیراسەتی بكات و پێشنیار ئاراستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بكات بۆ ئەوەی هەرچی ئەركی سەر شانی پەرلەمانە لەو پێشنیارانە پێی هەستێ، ئەوەی ئەركی سەر شانی حكومەتی هەرێمە وەك پێشنیار پێشكەشی حكومەتی هەرێمی بكەین، لێرەدا دووبارە سەری رێز و نەوازش بۆ شەهیدانی سەربەرزی هەڵەبجە دائەنەوێنم و سوپاستان دەكەم .

٢٤ – لە كۆبونەوەی رۆژی ٢٠٠١/٣/١٥ دا كە تایبەت بو بە وتار خوێندنەوە بە بۆنەی كردنەوەی خولی یەكەمی سالی دەیەمی ئەنجومەنی نیشتیمانی

کوردستانەوە، بەرنامەی کاری کۆبونەوەکە بریتی بوو لە خویندنەوەی وتاری سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆك بارزانی و سەرۆکی حکومەتی هەرێم .
بەرێز کاك مەسعود بارزانی لە وتارەکەی خۆیدا بۆ هەڵەبجە ووتی :
بسم الله الرحمن الرحيم
خوشك وبرایانی بەرێز : خۆشحاڵین کە جارێکی تریش دەرفەتمان بۆ رەخسا کە بە ئێوە بگەین، دەمەویٚ پیرۆزبایی لە گەلی کوردستان و لە ئێوەی بەرێز بکەم بەبۆنەی راپەرینە مێژوویەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١ هەروەها چەند رۆژێکی ماوە بۆ نەورۆز پیرۆزبایی نەورۆزیش لە گەلی کوردستانیش بکەم لەسەرتاسەری جیهان، مانگی ئادار بەراستی پرە لە رووداوی جۆراو جۆر، رووداوی دڵخۆشکەر و دڵتەزێن دەکریٚ بڵێین مانگی ئادار مانگی کوردە، سبەینیٚ یادی کارەساتێکی زۆر زۆر گەورەیە ئەویش کیمیا بارانی هەڵەبجەیە بێگومان جەماوەری هەڵەبجە قوربانیەکی یەکجار گەورەیان دا بە چەند دەقیقەیەك پێنج هەزار کەس شەهید کران، بەلاٚم لە هەمان کاتیشدا بەو قوربانییەی خۆیان دەرگایەکیان لە کورد کردەوە کەساڵەهای ساڵ بوو داخرابوو، مافی خۆیانە کە شانازی بەو قوربانییەی خۆیان بکەن و مافیشیانە لەسەر هەموومان کە خزمەتی ئەو جەماوەرە و ئەو دەڤەرە بکەین بۆیە من جارێکی تریش ئەو پێشنیارەی پێشووم تەئکید دەکەمەوە کە حکومەتی هەرێم و پەرلەمان و حزبەکان دەبیٚ پلانێکی تایبەتی دابنێن بە هاوکاری لەگەڵ برادەران شتی تایبەتی بۆ هەڵەبجە بکەین، ئێمە کە یادی هەڵەبجە دەکەینەوە یان ئەنفالەکان یان ئەنفال کردنی فەیلیەکان یان بارزانییەکان حەقیقەت بۆ ئەوەیە کە ئەبیٚ لەمەو دوا هەموو هەنگاوەکانمان لە پێناوی ئەوەدا بن کە ئەم کارەساتە دووبارە نەبێتەوە ............هتد .
٢٥ – لە کۆبونەوەی رۆژی ٢٠٠١/٣/٢٨ دا لە خاڵی یەکەمی بەرنامەی کاری کۆبونەوە بەم شێوەیە هاتبوو : تازە کردنەوەی یادی قوربانییەکانی

شەهیدەکانی تاوانی کیمیابارانەکەی هەڵەبجەی شەهیدە کە لە رۆژی ٣/١٦ دا روویدا .

بەرێز سەرۆکی سەرۆکی پەرلەمان ووتی :

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان، دانیشتنەکەمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێ دەکەین، بەرێزان بەرنامەی کاری ئەمرۆمان پێك هاتووە لە دوو خاڵ، خاڵی یەکەم تازە کردنەوەی یادی قوربانییەکانی شەهیدەکانی تاوانی کیمیبارانەکەی هەڵەبجەی شەهیدە کە لە رۆژی ٣/١٦ دا روویدا، خاڵی دووەم پێش چاو خستنی ئەنجامەکانی سەردانی سەرۆکی ئەنجومەنە بۆ ووڵاتە ئەسکەندەنافییەکان، ئێستا دەست بە خاڵی یەکەم دەکەین، یاداشتێکی دانیشتوانی بەرێزی شاری هەڵەبجەی قارەمان هاتووە بۆ پەرلەمانی کوردستان تکا لە بەرێز کاك شێخ جعفەر دەکەین کە بفەرموێ پێشکەشی بکات .

بەرێز شێخ جەعفەر شێخ علی ووتی :

ئەمە یاداشتی لقی دوازدەی پارتی دیموکراتی کوردستانە کە لە جیاتی جەماوەری بەشەرەفی شاری هەڵەبجەی شەهید و دەوروبەری پێشکەشیان کردوە :

بۆ بەرێز سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان .

سلاو رێز .

ئەمرۆ شازدە ساڵ بەسەر مەرگەساتی شاری هەڵەبجەدا تێدەپەرێ، لە چرکە ساتێکی وەکو ئەمرۆدا دوژمنانی داخ لەدڵی گەلەکەمان هەرچی تەکنەلۆجیای پێشکەوتوی سەربازیان هەبوو بە چەکی کۆکوژیشەوە لە هەڵەبجە بەکاریان هێنا بە هەزاران کەسیان لەو شارەدا شەهید کرد و خاکەکەشی بوو بە خاکێکی سوتماك، لە دەساڵەی ئازادیدا لە کوردستانی پێشکەوتوو ئەو یادە پر شکۆیە دەکەینەوە، بە ناوی خۆمان و جەماوەری تێکۆشەرو سەر بڵندی هەڵەبجەوە سوپاسی بەرێزتان دەکەین داوا دەکەین لە رێگەی بەرێزتانەوە

سوپاس و ڕێزمان بگەیەنرێتە ئەو پەرلەمانتار و سیاسەتمەدار و دۆستانەی کورد کە لە کاتی مەرگەساتی هەڵەبجەدا هاوغەمییان بۆ گەلە ستەمدیدەکەمان نیشان داو توانیان لە ڕێگای میدیاکانی جیهانەوە ئیدانەی ئەو تاوانە بکەن و هاوسۆزی گەلانی دونیایان بۆ دۆزی ڕەوای گەلەکەمان راکێشا و ئیستاش بەردەوامن لە بەدواداچوونی ئەم ڕووداوە و بە مەبەستی بە جیهان کردنی کارەساتەکە و ریسوا کردنی ئەنجامدەرانی لەم یادەدا لە دووتویٚ ئەم یاداشتنامەدا بەناوی کەس و کاری شەهیدان نوێنەرایەتی جەماوەری دەڤەری هەڵەبجەی شەهیدەوە چەند پێشنیارێك دەخەینە پێش چاوی بەرێزتان :

١- داوا دەکەین کە ئاورێك لە کەس و کاری شەهیدانی کارەساتی هەڵەبجە بدرێتەوە و بە پیٚ ڕێنمایەکانی دەزگای شەهید شەهیدانەیان بدرێتیٚ .

٢- کردنەوەی مۆزەخانەیەکی شارستانی لەسەر پارچە زەوییەکی گونجاو لە شەقامی هەڵەبجە لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان بە مەبەستی کۆکردنەوەی کەرەستە مێژوویەکانی ئەم شارە لە ڕووی کەلتوری و داب و نەریەتی کۆمەلأیەتیەوە کە پێش کیمیابارانی شارەکە مەڵبەندێکی دەوڵەمەند و ڕەسەنایەتی بوو پاش کارەساتەکەش کۆمەڵێك پاشماوەی جەنگ لەم شارە جێماون هەندێك شتی پێویست کە دەبیٚ بۆ مێژوو بمێنێتەوە تییدا هەڵبگیرێت بۆ ئەوەی تەواوی گەلەکەمان و ئەو میوانانەی سەردانی کوردستان دەکەن ئاشنای مەرگەساتی گەلەکەمان بن بۆ ئەم مەبەستە پێمان باشە بینایەك بریتی بیٚ لە :

أ – ئیدارەکە بریتی بیٚ لە حەوت ژوور .

ب _ گەلەرێەك بۆ پێشانگای شەهیدان .

ج _ هۆڵێکی مام ناوەندی بۆ سیمینار و کۆبونەوە .

د _ ستۆیۆیەکی بەرهەمهێنانی هونەری .

ه _ کتێبخانەیەك و هۆڵی خوێندنەوە .

و _ هۆبەی کۆمپیوتەر بە گشت پێداویستیەکانەوە .

ز _ كافتريا .

ح _ تەواوی پێداويستيەكانی ناو بيناكە .

٣ – داوا دەكەين لە رێگەی نوێنەرايەتی پەرلەمان و حكومەتە وە لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی كە كومپانياكانيان بەشدار بوون لە دروست كردنی چەكی كۆكوژيدا كە دژی جەماوەری شاری هەڵەبجە و كوردستان بەكار هاتووە و گوشاريان بخرێتە سەر تا بچنە ژێر باری قەرەبوو كردنەوەی زيانی ماددی و روحی شەهيدانی هەڵەبجەو كوردستان .

٤ – داوا دەكەين لە پەرلەمانی كوردستان لە رێگەی خۆيەوە تەئكيد بكاتەوە لە (un) كە لەسەر بڕياری ٩٨٦ بوجەيەك دياری بكرێت بۆ قەرەبووی زيان لێكەوتوانی كارەساتی كيميابارانی هەڵەبجە و هەموو ئەو شار و شارۆچكانە و گوندانەی بەر چەكی كۆكوژانە كەوتوون لە كوردستاندا .

٥ – لەم يادەوەريەدا داوا دەكەين لە (un) و هەموو مرۆڤ دۆستانی دونيا و دەوڵەت و پەرلەمانتار و دۆستانی كورد پشتيوانی لە حكومەت و پەرلەمانی كوردستان بكەن چونكە پاڵپشتی لە پەرلەمان و حكومەت نيشانەی دووبارە روونەدانەوەی ئەو مەينەتيانەيە كە بەسەر گەلەكەماندا هاتووە .

٦ – داوا دەكەين رۆژی ٣/١٦ بكرێتە پشويەكی رەسمی لە كوردستاندا بۆ رێزلێنان لە قوربانيدانی ئەو شارە خۆراگرە، بەرێز جەنابی سەرۆك بارزانی لە يادی ئەو رۆژە مێژووييەدا لە ١٩٩٨/٣/١٦ دا دەزگای شەهيدی كردەوە .

سوپاس .

بەرێز سەرۆكی پەرلەمان ووتی :

سوپاسی بەرێز كاك شێخ جەعفر دەكەين، تكا لەو بەرێزانە دەكەين كە لەو بارەيەوە دەيانەوێ بدوێن دەستيان بەرزبكەنەوە بۆ ئەوەی ناونوسيان بكەين، باوەر ناكەم كاتەكەمان رێگەی ئەوە بات هەموو كەسێك مەجالی قسەكردنی پێ بدەين، چونكە بەرنامەی كاری ئەمرۆمان دورودرێژە .....هتد .

بەرێز د . ناصح غەفور رەمەزان ووتی :

جێی خۆیەتی هەموو ساڵێك ئێمە یادی هەڵەبجەی شەهید لەم هۆڵە پیرۆزەدا بکەینەوە چونکە بەراستی هەڵەبجە کارەساتێکی ئەوەندە گەورەیە، زامێکی ئەوەندە قوڵە وا بە ئاسانی لە بیرو هەستی کورد دەرناچێت .......هتد .

بەرێز فەوزیە عزالدین رشید ووتی :

پشتگیری تەواوم بۆ داخوازیەکانی خەڵکی هەڵەبجەی شەهید و جگە لەوە من هەندێك پێشنیارم هەیە بۆ ناوەوە بۆ خۆمان و هەندێك پێشنیاریش بۆ دەرەوە، ئەو پێشنیارەی کە بۆ ناوەوە هەمە بە کورتی دەبێ پانۆرامایەك بکرێ لە پارکی هەولێر تەعبیر لە کارەساتی هەڵەبجە بکات و نەصبێك بکرێت بە ناوی شەهیدەکان و، ئەو پێشنیارەش کە بۆ دەرەوە هەمە خۆشبەختانە ئەمساڵ لە پەرلەماناتی ئەوروپا وەکو پەرلەمانی ئەڵمانیا رۆژی ٣/١٦ مشتومرێکی زۆر کراوە لەسەر بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و هەموو حزبەکانی ناو پەرلەمانی ئەڵمانیا کۆکن لەسەر ئەوەی کە نکوڵی لەوە ناکرێت کە چەکی کیمیاوی لە هەڵەبجە بەکار هاتووە و هەندێك لە حزبەکان داوا دەکەن کە حکومەتی ئەڵمانیا قەرەبووی زیانی کارەساتی هەڵەبجە بکاتەوە ....هتد .

بەرێز عبدالخالق محمد رەشید زەنگەنە ووتی :

بەراستی وەك چۆن برادەران قسەیان کرد ئێمە هەموو ساڵێ لە یادی ئەو رۆژەی کارەساتەکە جەلسەیەکی تایبەت دەکەین بۆ تەزامن لەگەڵ زەحایای ئەو جەریمە گەورەیە کرا دەرحەق بە میللەتەکەمان و ئەوە چەند ساڵێکە ئێمە ئەم شتە تکرار دەکەینەوە و پێم خۆشە نەختێ ختەواتی عەمەلی بکرێت بۆ ئەوەی کە اهتیمام زیاتر بدرێت بە شاری هەڵەبجە و بە زەحایای عەوائلی کیمیاوی و لە ئیثاری موقتەرەحات و تەوصیات دەربچێت و پێم خۆشە لیژنەیەکی عولیا تەشکیل بکرێت لە کوردستان بۆ ئەم قەزیەیە، چونکە ئەمە جەریمەی عەسرە و ئەبێت بە گشتمانەوە حەولی بۆ بدەین .......هتد .

بەرێز مەلا محمد تاهیر زین العابدین ووتی :

پێشەكی پشتگیری تەواو لە برادەران و پشتگیری لقی دوازدەی تێكۆشەر دەكەم،،،، گەلی كوردستان وەكو هەر گەلێكی زیندووی ئەم جیهانە دەبێ مێژووی بەسەرهاتەكانی خۆی بەتاڵ و شیرینیەوە بە زیندووی رابگرێت و بیهێڵێتەوە .........هتد .

بەرێز د . قاسم محمد قاسم ووتی :

بەراستی تراژیدیای شاری هەڵەبجەی كورد پەروەر و وەفادار شاری دیندار تراژیدیایەكی بێ وێنەیە ئەگەر مێژووی هەمی جیهان بزڤرنەوە دەبینن كارەساتی تاوانەكە بۆ هۆ ڤێ رەنگی هاتێ تۆمار كردن گەلەك كەم وێنەیە، ئەگەر بێژن ئەصڵەن نینە هیچ لە مێژووی جیهاندا نەبووە سستەمێك هاولاتانی خۆ بداتە بەر چەكی كیمیاوی و بە كۆمەڵ بكوژێت .....هتد .

بەرێز زەهرا حاجی ووتی :

سێزدە ساڵە رادەبورن بەسەر كارەساتا بازێرێ هەڵەبجەیە شەهید و هێشتا چیرۆكی بازێری بریندار تنێ لەسەر دەڤا یا پێدڤێ بۆ نەهاتیا كرن گوناها هەڵەبجە ئێك ژ هەولێ و خەباتا دوژمنی بویا بۆ قر كرن و ژناڤ برنا میللەتی كورد و گوناهەكا مەزن تۆمار كرد دەرحەقی مافی پێنج هەزار خەڵكی سڤیل ژ زارۆك و ئافرەت و پەككەفتیا و هەندێ دەربەدەر بوون ....هتد .

بەرێز ابراهیم سەعید ووتی :

جینوساید و كارەسات و وێران كاریا حاڵەتێكی زەبر و توندو تیژی دەست دوژمنانی میللەتەكەمانە، بۆ وەلام دان لەسەر هەر هاوارێك و نارەزاییەك لە پێناوی بەدیهێنانی مافە رەواكانی گەلەكەمان و بەدیار خستنی چارەنووسی كورد وەك هەر میللەتێكی تری سەر ئەم زەوییە، لێرە گرنگی ئەم كارەساتە دڵتەزێنە كە بووە هۆی هەژاندنی هەموو ویژدانێكی مرۆڤایەتی و بووە هۆی تۆمار كردنی لاپەرەیەكی خوێناوی و پر موعاناتی گەلی كورد، هەڵەبجە فاكتۆرێكی سەرەكی بوو بۆ هەوڵدان لە قەدەغە كردنی و بەكار نەهێنانی

چەکی کیمیاوی لە دنیا و هاندەرێکی هەرە گەورە بوو بۆ زیاتر بەرەو پێش بردنی کێشەی کورد و ناساندنی بە هەموو دونیا .......هتد .

بەرێز سەرۆکی پەرلەمان لە دوا ووتەدا ووتی :

زۆر سوپاس کاك ئیبراهیم سەعید، من لەو بروایەدام کە ئەندامانی پەرلەمان هەموو پێیان خۆشە لەم دانیشتنەدا باسی هەڵەبجە و کارەساتی هەڵەبجە بکەن، لەو باوەرەشدام کە بیروبۆچونیان هەموو نزیکی یەکە بۆ ئەوەی بتوانین ئەمرۆ بەرنامەی کارمان ئەنجام بدەین لێرەدا کۆتایی دێنین بە قسە کردن لەم بارەیەوە، دەچینە سەر هەنگاوی عەمەلی کە چیبکەین باشە بۆ ئەوەی پێش هەموو شتێك بە پیر ئەم یاداشتەوە بچین کە دانیشتوانی شاری هەڵەبجە پێشکەش بە پەرلەمانیان کردووە، بۆیە پێش هەموو شتێك بە چاکی دەزانم ئەو لایەنانەی کە پەیوەندییان بە حکومەتی هەرێمەوە هەیە لایەنە تەنفیزییەکان بە نووسراوێك ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی بکەن وەك پێشنیارێك لە کاتی پێویست بەپێ توانا ئەنجام بدرێن ئەمە یەك، ئەوەی لەسەر ئێمەیە وەك پەرلەمانی کوردستان بەپێ ئەو قسانە دەرکەوت ئێمە پێمان باشە ناوی هەڵەبجە هەر بە زیندوویی بهێڵینەوە پەرلەمان لەم کارەدا درێغی نەکردووە بە بریاری پەرلەمان رۆژی ٣/١٦ رۆژێکی ماتەمینییە لە کوردستان کە هەمووساڵێك بیرەوەری ئەم کارەساتە دەکرێتەوە بەلاَم من ئەوەشی دەخەمە سەر هەر یادداشتێك یان هەر نوسراوێك هەر چالاکییەکی دەرەوەش هەبێت پێویستە باسی هەڵەبجەی تێدا بکرێت و لە مەسەلەی هەڵەبجەدا تەئکید بکرێتە سەر دوو شتی سەرەکی ك

یەکەم : سزادانی تاوانباران .

دووەم : قەرەبوو کردنی ئەو خەڵکەی کە زیانیان پێ کەوتووە .

خاڵی سێیەمیش کە حەزم کرد ئامارەی بۆ بکەم ئەوەیە کە لە کوردستاندا لیژنەیەکی بالاَ هەیە بۆ مەسەلەی هەڵەبجە و بەدواچوونەوەی ئاسەواری کیمیابارانی هەڵەبجە و ئەم لیژنەیە لە راستیدا زۆر بەکارە و کارەکەی

کاریگەرە لە دەرەوە چەلاکییەکی زۆری هەیە و لە ناوەوەش بەردەوامە لەسەر ئاستی وەزارەتی تەندروستی هەرێمدا لەگەڵ راگری کۆلێژەکانی تەندروستی کە لە کوردستاندا هەیە، زانکۆی هەولێر، زانکۆی دهۆك و زانکۆی سلیمانی لەگەڵ نوێنەرانی شاری هەڵەبجە خۆی، لەم رۆژانەدا کۆنگرەیەکی زانستی لە لەندەن دەگیرێ لەمبارەیەوە ئەم لیژنەیەش بەهەمان شێوە کار دەکات بەو دوو ئیتیجاهە یەکەمیان وەکو باسم کرد سزادانی تاوانباران کە نە گەلی کوردستان نە خەڵکی هەڵەبجە نە مێژوو نە مرۆڤایەتی نابێ لێیان خۆش بێت، دووەمیشیان قەرەبوو کردنی ئەوانەی کە زیانیان پێ کەوتووە، ئەو پێشنیارەی کاك عەبدالخالقیش کە لەم دانیشتنەوە دەکرێ لەم پەرلەمانەوە بنێردرێتە پەرلەمانەکانی جیهان، ئەمەش بە پەسەند دەزانین و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتیمانی ئەم یادداشتە ئامادە دەکات لە دوایدا لە دانشتنێکی داهاتوودا بۆتانی دەخوێنینەوە بۆ ئەوەی بریاری لەسەر بدرێت .

٢٦ – لە کۆبونەوەی رۆژی ٢٠٠١/١٢/٥ دا بەرێز حەمە عەلی توفیق میرزا فتاح وەك خەڵکی هەڵەبجە و یەکێك لە نوێنەرەکانی پاڵیوراو بۆ ئەندامیەتی پەرلەمان سویندی یاسای خوارد و بوە ئەندامی پەرلەمان . هەروەها لە کۆبونەوەی رۆژی ٢٠٠٢/١٠/٤ دا بەرێز رۆوف محمد فەرەج پاڵیوراو بۆ ئەندامیەتی وەکو خەڵکی هەڵەبجە سوێندی یاسای خوارد و بوە ئەندامی پەرلەمان .

٢٧ – لەکۆبونەوەی پەرلەمان لە رۆژی ٢٠٠٣/٣/١٦ لە خاڵی دوو دا بەم شێوەیە هاتووە :

٢ – بە بیر هێنانەوە و گفتوگۆ لە بارەی تاوانی کیمیابارنی هەڵەبجە و ناوچەکانی تری کوردستان، لەلایەن رژێمی دیکتاتۆری عێراقەوە، بە بۆنەی تێپەر بوونی ١٥ ساڵ بەسەر ئەم تاوانەدا .

پاش ئەوەی خاڵی یەکەم کۆتای هات، سەرۆکی پەرلەمان ووتی :

بەرێزان شاری هەڵەبجەی شەهید هەروەك چۆن كانگای شاعیران و پێشەنگی ڕۆشنبیری و شارستانیەتی گەلەكەمان بووە، هەر واش شاری كوردایەتی و سەنگەر و پێشمەرگە و ڕاپەرین و قوربانی دان بووە، دوژمنان و ناحەزانی كوردیش بەر لە زۆر ناوچەی كوردستان لە هەوڵی كاول كاری و قر كردن و سەكوت كردنی ئەو شارەدا دەست پێشخەر بووە، ئەمانە و گەلێك تایبەتمەندی و ڕەسەنایەتی تری ئەم شارە وای كردووە كە هەردەم جێی مەترسی ڕژێمە ڕەگەزپەرستەكانی بەغدا و هەردەم زۆرترین زیان و زۆرترین قوربانی بەر ئەم شارە خۆراگرە بكەوێ، و خەڵكی ئەم شارە زیاتر قاڵ تر و زیاتر ئازادی خواز و زیاتر ئاشتی پەروەر تر بكات، تینووی ئاسوودەیی و ئارامی بێت، هەر بۆیە ڕژێمی ڕەگەزپەرستی بەغدا و وێرای سیاسەتی بە عەرەب كردن و ڕاگوێزان و بە بەعسی كردن و دەرپەراندن و ئەنفال و بۆمباران و سووتاندن و كاولكاری و ڕەشبگێری و سێدارە و زیندان، بەمانەشەوە نەوەستا بۆ نەهێشتنی ئاسەواری نەتەوەیەتیمان پەنای بردە بەر كیمیاوی بارانی ئەم شارە، نزیكەی ٥٠٠٠ مرۆڤی بێ تاوانی كوردی بە گازی خەردەل و سەیانید خنكاند و شەهید كرد، سەدان هەزار خێزانی ئاوارەی ئەم لاو ئەولا كرد، لە خاكی باب و باپیرانی دابریین، ئەمرۆش ٢٠٠٣/٣/١٦ پانزە ساڵ تێپەر دەبێت بەسەر ئەم مەرگە ساتەدا، پانزە ساڵ بەسەر زامێكی قووڵی مرۆڤایەتی و مرۆڤی كوردی بێتاواندا تێدەپەرێت،،،،،، هتد، لە كۆتای ووتەكانی خۆیدا داوای لەو ئەندامانە كرد كە لەسەر ئەو یادە ووتەیەكیان هەیە پێشكەشی بكەن، هەروەها ووتی : بەرێزان ئەیخەمە بیرتان كە ئەمانە حەڤدە ناون، دوای ئەوەش دانیشتنێكی ترمان هەیە لە هۆڵی پەناگیری كە میوانەكانی هەڵەبجە لەوێ قسەمان بۆ دەكەن، ئەمەش بە فرسەت دەزانم كە بەخێرهاتنێكی گەرمیان بكەم كە ئەمرۆ لە هۆڵی پەرلەمان ئامادەن، هەندێكیان زەحمەتیان كێشاوە هاتوون بۆ ئێرە، هەندێكیشیان لێرەن، جارێكی تر بە گەرمی بەخێرهاتنیان دەكەم .

بەڕێز سعدی ئەحمەد پیرە ووتی: خوشك و برایان ئەندامانی پەرلەمان، ئەمرۆ پانزە ساڵ تێپەڕ دەبێت بەسەر ئەو تاوانەگەورەیەی کە دەرهەق خەڵکی بێ تاوانی هەڵەبجە کرا، تاوانێکە کە بێ وێنەیە لە جیهان، بۆ یەکەم جار رژێمێك بە چەکی کیمیاوی کە ئەو کات ناو دەبرا بە چەکی ئەتۆمی پیاوی بچوك یا وولاّتی بچوك، میللەتی خۆی قڕ بکات و یان میللەتی خۆی بۆردوومان بکات، زۆر لایەن هەبوو کە وەکو لە ووتەکەی جەنابی سەرۆکی پەرلەمانیش هەبوو کە هەوڵی دەدا پەردەی بێ دەنگی دیواری بێ دەنگی لە دەوری ئەو تاوانەی رژێمی عێراق بکێشێ، بەلاّم لەبەر ئەوەی تاوانەکە ئەوەندە گەورە بوو، لەبەر ئەوەی تاوانێکی ئەوەندە ویژدانی هەموو کۆمەڵگەی نێو نەتەوەیی، ویژدانی رای گشتی جیهانی هەژاند، توانی وەرچەرخێنی، ببێت بە یەکێك لە هاوتای هەردوو شارەکەی کە بە (ه) دەست پێدەکات هێرۆشیما و هانۆڤەر، هەڵەبجە تەقریبەن بوو بە هیمای گەلی کوردستان و مەسەلەی کوردی زۆر زیاتر بە جیهان ناساند، بوو بە هەنگاوی یەکەمی کۆمەڵگای نێو نەتەوەیی کە خەتەری رژێمی عێراق دەرك بکات، کە تا چ رادەیەك ئەم رژێمە ئامادەیە بروا لە هیچ شێوەیەك لە چەکەکانی قەدەغە کراو لە نێو نەتەوەییدا نا سڵەمێتەوە و بەکاری دەهێنێت، ئیمە جگە لەوەی بەناوی فراکسیۆنی یەکیتی نیشتیمانی کوردستان، فراکسیۆنی سەوز، هاوخەم و هاوکار دەبیین و شەریکی غەم دەبین لەگەڵ کەس و کاری قوربانیانی هەڵەبجە، ئەوەی لە توانامان بووە وەکو لە داهاتووشدا هەروەها دەیکەین و هەوڵ دەدەین بۆ کەم کردنەوەی خەمیان و لەبیر بردنەوەی بەشێك لە ئازارەکانیان، بەلاّم دەبێت ئەوە بزانن کە ئەمرۆ مەوقیعی هەڵەبجە لە دنیا، مەوقیعی هەڵەبجە لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، مەوقیعی شەهیدەکانیان لە کۆمەڵگای نێو نەتەوەی، کێ هەیە لە دنیا عومەری خاوەر نەناسێ ؟ کێ هەیە ئەم رەسمەی هەڵەبجەی نەدیبێ کە ئیستا پێش کەمێك لەم شاشەیە نیشان درا، دڵنیا بن کە بە تەحەملی ئازاری خۆیان توانیویانە مەسەلەی کورد ببەن بەرەو قۆناغێکی زۆر پێشکەوتوو تر، بۆیە

ئەمرۆ لە کۆمەڵگای نێو نەتەوەیی لە هەموو کۆڕ و کۆبونەوەکانی پەیوەندی بە گۆرینی رژێمی عێراق هەیە، مەسەلەی هەڵەبجە و بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی وەکو یەکێك لە بەڵگە زیندووەکان دەهێنرێتەوە کە ئەم رژێمە لەلایەن کۆمەڵگەی نێونەتەوەییەوە قابیلی تەحەمول نییە، پێویستی بە گۆرانە دەبێت زەمانەتێك بۆ گەلی کورد لە کوردستانی عێراقدا بکرێت چونکە کارەساتی وا مومکینە دووبارە بێتەوە،،،،، هەروەها لە درێژەی ووتەکانیدا ووتی :
من ئەوە دەسەلمێنم کە هەڵەبجە بە حوکمی وەزعی تایبەتی خۆی و بە حوکمی ئەو نائارامیەی کە لە هەڵەبجەیە، کە لە چەند ساڵانی رابردوو هەبووە، نەتوانراوە وەکو پێویست خزمەت بکرێت، داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بکرێت کە بودجەی تایبەتی لە ئایندەدا بۆ دابنرێت، هەروەها داوا لە هەر گۆرانکاریەکی لە حکومەتی مەرکەزی بکرێت کە هەڵەبجە ئەو رێزەی لێ بگیرێت کە موستەحەقیەتی کە ئەویش یەکێکە لە خاڵە هەرە گرنگەکانی کە ئەمرۆ کورد لە رێگای هەڵەبجەوە لە رێگای بەکارهێنانی کیمیاویەوە بەشی زۆری داخوازیەکانی خۆی دەچەسپێنێ و کۆمەڵگای نەتەوەیش بووە بە بەڵگەیەکی زیندوو بۆ گۆرینی رژێمی عێراق،،،، هتد .
بەرێز د . ناصح غفور رەمەزان ووتی:
رێگە بدەن پێشەکی بەناوی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بە خێرهاتنی کەسوکاری شەهیدانی هەڵەبجە و نوێنەرانی شاری هەڵەبجە بکەین، کە ئەمرۆ لەگەڵماندا لەم کۆبونەوەیە ئامادەن، جارێکی تر بەبۆنەی تاوانە گەورەکەی هەڵەبجە، کە بوو بە هۆی ئەو کارەساتە گەورەیەی کە لە هەڵەبجەدا روویدا، ئەو تاوانە گەورەیە تاوانبار و ریسوا بکەین و داوای سزا دانی تاوانباران بکەین، هەروەها هاوبەشی خۆمان بۆ خەم و پەژارەی خەڵکی هەڵەبجە و کەسوکاری شەهیدان دووپات بکەینەوە، بەڵێنیان پێ بدەین ئەوەی لە توانامان‌دا بێت بۆ خزمەت کردنی هەڵەبجەی شەهید و کەسوکاری شەهیدان و دانیشتوانە سەر بەرزەکەیان ئینشائەڵلا درێغی نەکەین، چونکە هەڵەبجە

زامێکی قوڵە لە جەستەی کورد و کوردستاندا، وا بەئاسانیش سارێژ نابێتەوە ئەم کارەساتە گەورەیە کە لە ئەنجامی پیادە کردنی سیاسەتی درندانەی رژێمی سەددامی دیکتاتۆریی فاشیست و رەگەز پەرست بەسەر گەلەکەماندا درووست بوو، پێنج هەزار شەهیدی لێ کەوتەوە بێ لەوەی کە چەندەها پەککەوتەو بریندار و زیان پێ گەیشتوو هەبوو، یەکەم جار بوو لە مێژووی مرۆڤایەتیدا رژێمێك دژی دانیشتوانەکەی خۆی ئەوها درندانە چەکی کۆکوژی کیمیاوی بەکار بهێنێت و گەلێك قر بکات، هەروەها لە کۆتایدا ووتی : بۆیە جارێکی تر کارەساتی هەڵەبجە، تاوانبارانی کارەساتی هەڵەبجە تاوانبار دەکەین و خەم و پەژارەی خۆمان دووبارە دەکەینەوە بۆ دانیشتوانی شاری هەڵەبجە و کەسوکاری هەڵەبجەی شەهید .

بەرێز شمایل ننۆ بنیامین ووتی :

فی البداية لا يسعنا الا ان ننحنى اجلالا لارواح شهداء حلبجه، ولارواح شهداء الحرية فى كل مكان، هذا اليوم هو يوم تأريخى حقيقة، فبرغم الآلام هذا اليوم بعد نقطة ساطعة فى النضال الطويل والدامى لشعب الكورد الشقيق من أجل الحياة ومن أجل الحريه، ومن أجل الحقوق، هناك محطات كثيرة فى تأريخ الشعب الكوردى المعطاء ولم يبخل بالتضحيات من أجل حقوقه، ولكن هذا اليوم هذا الحدث الكارثة سلط ألاضواء بشكل مركز على هذه المسيرة، مسيرة الشعب الكوردى و نضاله ومعاناته ومعها كشف أيضا معانات العراقيين جميعا، من جانب أخر هذا الحدث المأساوى كشف الوجه الحقبقى البغيض للنظام الديكتاتورى، فلم يحصل أن استخدم نظام ولحد اليوم اذ تتجه الاشارة الى سلوك هذا النظام، تأتى حلبجه على رأس الاحداث التى تذكر ككارثة و كفعل اجرامى بحق أبناء الشعب العراقى و أبناء الشعب الكوردى خصوصا، ويوم أمس كدليل على هذا استمعنا الى الرئيس بوش أيضا وأشار الى هذا اليوم، فى الحقيقة هناك الكثير مما يمكن أن يقال فى هذا اليوم، وأنا أذكر فى سنوات سابقة قبل أن يلتم شمل كلنا فى هذه المناسبة نناشد الاخوة أنه خير

**وفاء لآرواح حلبجه ولكافة التضحيات ووحدة الصف، الحمد لله اليوم تكتحل العيون بوحدة الصف و وحدة الموقف، نتمنى أن يستمر هذا و يتصاعد من أجل تحقيق طموحات من أختار الموت من أجل أن يعطى الحياة لآجل الآخرين، المجد والخلود لآرواح شهداء الحلبجه والخزى والعار لصدام والقتلة في بغداد و شكراً .**

**بەڕێز موستەفا قادر مەحمود (چاورەش) ووتی :**

**پێشەکی پرسەو سەرە خۆشی لە هەموو کەسوکاری قوربانیەکانی هەڵەبجە دەکەم، هەڵەبجەش زامەکەی ئەوەندە گەورەیە کە کەس ناتوانێت خۆی لەبەر دەمیدا رابگرێت و وەکو برادەران باسیان کرد قەزیەکەی ئیمەشی گەورە کرد، هەر لێرەشەوە بەخێرهاتنی ئەو میوانانە دەکەم کە لە هەڵەبجەوە هاتوون،،،،،،، هەروەها ووتی میلەتەکەی ئیمە بێجگە لە هەڵەبجە بە فسفۆر بە سالیۆم بەکاری هێناوە شاری سەردەشتی قارەمان ئەویش شارێکە لە کوردستان کۆمەڵێك خەڵکی بەرکەوت هەمووی شەهید کران بە بۆمبی کیمیاوی، جا لەبەر ئەوە من پێم وایە تاوانێکی گەورەیە و هەقە ئێمە دائیم داوا بکەین و دیکیۆمونتی ئەساسیمان هەبێت کۆ بکرێنەوە، رژێمی دیکتاتۆرو سەددام سەری لە کوێ و قەلبی لە کوێ، چەند رۆژێکی ماوە هیوادارم ئێمە هەموومان داوا بکەین بڵیێن ئەگەر رزگاریشی بوو بدرێت بە دادگا و لە کۆڵ ئەو تاوانانە نەجاتیان بێت، جارێکی تریش سەرەخۆشی لە هەموو خەڵکی هەڵەبجە و هەموو خەڵکی کوردستان دەکەم .**

**بە رێز حمە علی توفیق میرزا فتاح ووتی :**

**ئەمرۆ ٢٠٠٣/٣/١٦ یادی رۆژێکی رەش و تاڵ و پر مەترسی و کارەساتی شەهید بوونی پێنج هەزار کوردی شاری هەڵەبجەی شەهید پەروەر دەکەینەوە، لەم رۆژەدا لە ساڵی ١٩٨٨ بەهۆی رق و کینەی دوژمنانی گەلی کوردەوە ئەنجام درا .**

بەڕێزان : هەر کە ئەم ڕۆژە ناهەموارانە ساڵانە دێتەوە، ئیتر ئیمەی هەڵەبجەیی دەچینەوە ئەو سات و کاتانەی کە ئەو تاوانە بەرامبەر شارەکەمان و دانیشتووە هەژار و بێ بەرگریەکەی کرا، بەراستی نازانم بڵێم ئەمە نە ویژدان و نە هیچ ئادەمیزادێك لەسەر ڕووی ئەم زەمینە ناتوانێت ئەم کارە ئەنجام بدات، جگە لەو خوێن مژو دڵ ڕەقانە نەبێت کە بەم کارانە هەستان، هیچ کاتێك نەبیستراوە و نەبینراوە کە دەسەڵاتداری وولات بەم شێوازە بکەوێتە گیانی هاووڵاتیانی خۆی کە ڕەش و سپی لە یەك جیا نەکاتەوە و بە ژەهری کیمیاوی هەوڵی کوشتنی و خنکاندنی بدات، شارێك نزیکەی (٧٥) هەزار هاووڵاتی خۆی لەناو بەرێت .

بەڕێزان : من ناچمە ناو درێژەی چۆنیەتی ئەو کارە پر لە شەرمەزارییەی رژێمی عێراق کە چۆن و چۆنی ئەنجامیدا، چونکە زۆری لەسەر گوتراوە و زۆر لە وردەکاریەکانی ئەو کارەساتە گێردراوەتەوە تەنها من ئەوەندە دەڵێم کە لەو کاتەدا ویژدانی مرۆڤی دۆستان بەتایبەتی بەرامبەر گەلی کوردی هەژار و بێ دەسەلات و بێ پشت و پەنا کەم بوو، تەنها کۆماری ئیسلامی ئێران توانی یارمەتی دانیشتوانی ئەو شارە بدات بە گواستنەوە و تیمار کردنی بریندارەکان و حەوانەوەیان، هاوکاری کردنی لە شاردنەوەی تەرمی شەهیدەکان و گواستنەوەی ئەو هاووڵاتیانەی کە نەجاتیان بوبوو لەو مەرگەساتە کە هەمیشە جێگای سوپاسن، پێش ئەم کارەساتەش رژێمی عێراق چەندین تاوانی دەرهەق ئەم شارە ئەنجام داوە، لەوانە تاقی کردنەوەی چەکی قەدەغە کراوی ناپاڵم کە لە ساڵی ١٩٧٤ دا بەکاری هێنا، هەروەها تاوانی زیندە بە چاڵ کردنی دەیان کەسی بێ گوناه، ئەمانەش هەمووی لەبەر ئەوە بوو کە ئەم شارە شارێکی نیشتیمان پەروەر و شارێکی رۆشنبیران و وشیار راپەرین بوو، هەمیشە پشتیوانی لە شۆرشەکانی گەلی کورد کردووە .

بەڕێزان : ئەوەی پیویستە ئەمرۆ بوترێت کە خۆشبەختانە لە پاش چەند ساڵێك لەو تاوانە گەورەیە لە هەڵەبجە و چەندیین شوێنی تری کوردستان وەك

بالیسان و شێخ وەسان و قەرەداغ و بادینان، کۆمەڵگەی نێونەتەوەی هەستی پێ کرد کە ئەم چەکە کۆکوژیە لەلای رژێمی عێراق هەبووە و مەترسیدارە، بۆیە رایەکی گشتی لەسەر ئاستی جیهان دروست بوو بۆ لەناوبردنی ئەم چەکە خەتەرناکە، ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتوەکان بە تێکرای دەنگ بۆ لەناوبردنی ئەم جۆرە چەکانەی رژێمی عێراق بریاری ١٤٤١ ی دەرکرد و دەست بەکار بوون، تا ئەم رۆژەش ململانێی زۆر هەیە لەسەر پاك کردنەوەی یەکجارەکی چەکەکان، ئیمە دڵنیاین رژێمی عێراق ئەو چەکەی هەیە و ماویەتی و پێویستە لەناو ببردرێت، هەر بۆیە ئیمەی خەڵکی هەڵەبجە و دەوروبەری کە پاشماوەی کارەساتی زیانی ئەم چەکەین هەمیشە داوامان لە هەموو دۆستانی کورد و خێرخۆازان و دەسەڵاتدارانی جیهان بە نەتەوە یەکگرتوەکانیشەوە کردووە کە هەوڵی لەناوبردنی بدەن لەناو عێراقدا، ئیستاش ئومێدەوارین ئەم بریارە بە شێوەیەکی باش بێتە جێ بەجێ کردن و رژێمی عێراق ناچار و مل کەچ بکەن بۆ لەناو بردنی و هیچ فرتوفێڵێکی لێ قەبوڵ نەکرێت کە ببێتە هۆی مانەوەی یان شاردنەوەی و پاشانیش تاوانکاران بدرێنە دادگای نێو دەوڵەتی بۆ ئەوەی ببنە نموونە بۆ گشت ئەوانەی تر کە بەنیازی کۆکردنەوە و حەشاردان و بەکار هێنانی ئەم چەکە ترسناکەن .

بەرێزان : بە پێویستی دەزانم بەناوی شاری هەڵەبجەی شەهید پەروەرەوە سوپاسی ئەو هەموو کەسایەتی و لایەن و رێکخراو و مرۆڤ دۆستانە و ئەو وولاتانە بکەم کە پشتگیریی و هەوڵ و کۆشش دەدەن بۆ لەناوبردنی ئەو چەکە کۆکوژە و گەلی کورد و گەلانی عێراق لەدەستی رزگار دەکەن .

بەرێزان : لەسەر ئاستی ئاور دانەوەیەك لە خەڵکی هەڵەبجە و دەوروبەری، دەمەوێ بڵێم لە پاش راپەرینەکەی ساڵی ١٩٩١ وە تا ئیستا بەو شێوەیە نەبووە کە جێگای رەزامەندی ئەو خەڵکە غەدر لێ کراوە بوبێت، رەنگە هەندێ شتی بچووك کرا بێت کە جێگای سوپاسە بەڵام ئەو شتانە چ لە رووی

ئاوەدانکردنەوە و هاوکاری و قەرەبووی زەرەرو زیانەوە هیچ نەکراوە، بۆیە ئەمرۆ لە هەموو کاتێکی تر شایستە ترە کە دەنگی زوڵاڵ و غەدر لێ کراوانی هەڵەبجە لەم مینبەرەدا بە ئێوەی بەرێز و گشت خاوەن ویژدان و دۆستانی گەلی کورد رابگەیێنم بەم چەند خاڵانەی خوارەوە

یەکەم : داوا لەو کەسایەتی و لایەن و وولاّتانە دەکەین کە ئیستا هەوڵی پشتگیریی کردن لەو رژێمە دەکەن با چاوێك بەو تاوانە گەورەیەدا بخشێننەوە و ویژدانی خۆیان بکەنە دادوەر و هەندێك بەزەیی بە گەلی کورد و گەلانی عێراق بێتەوە و لەو مەترسیانە رزگاریان بێت .

دووەم : داوا لە دەسەلاّتدارانی جیهان و بەتایبەتی لە نەتەوەیەکگرتوەکان دەکەین کە لایەك بە تەواوەتی لە شاری هەڵەبجە و دەوروبەری بکەنەوە کە تا ئیستا هیچیان بۆ نەکراوە .

سێیەم : داوا لە ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین کە بە شێوەیەکی تایبەتی بەرنامەیەکی هەبێت بۆ حکومەتی ئایندەی عێراق، بۆ تەرخان کردنی مەبلەغێك بۆ بژاردنی زەرەرو زیانی هاوولاّتیانی ئەو شارە کە بەراستی زەرەرمەند بوون و هەموو سەروەت و سامانیان لەو کارەساتەدا لەدەست داوە، هەروەها داواکارین بە شێوەیەکی گشتی هاوکاری مانگانە بۆ گشت ئەو شەهیدانە ببرێتەوە چونکە بەراستی ئەوانە شەهیدێکی غەدر لێ کراو بوون و کەسوکاریان هەژارن، لە کۆتاییدا هەزاران سلاّو بۆ گیانی ئەو شەهیدە سەربەرزانە و کەسوکاریان و گشت شەهیدانی رێگای رزگاری کوردستان دەنێرین و زۆر سوپاس .

بە رێز ئەبوبەکر حاجی سەفەر غولاّم ووتی :

زامەکانی هەڵەبجە هەرچەندی لەسەر بڵێی تەواو نابێت و کۆتایی نایێت، هەڵەبجەی ئێمە خوالیخۆش بوو حەسیب قەرەداغی باشی بۆ چوو بوو کە یەکەم جار ئەو دەستەواژەی بەکار هێنا، زامێکی قووڵە و یەکێکە لەو تاوانانەی لەو سەردەمە باوەر نەدەکرا بکرێت، ئەگەر باسی ناکازاکی و

هێرۆشیما و مەزەب و تۆڵ بکەین، ئەوانە دیارە تاوانەکانیان زۆر زۆر گەورە بوو بەلاّم لە شەرێکی گەورەدا بوو، زامەکەی هەڵەبجە، تاوانەکەی هەڵەبجە تاوانێك بوو بەرامبەر میللەتێکی مەزڵوم، بەرامبەر بە میللەتێك کە موستەهەقی نەك هەر ئەوە نەبوو، بەڵکو موستەهەقی خزمەت کردن بوو، لە کاتێك کە کورد دووچاری شەری ئێران و عێراق بوبوو لە کاتێك کە کورد دووچاری ئەنفالی یەك بوبوو، ئا لەو کاتە داخی بەعسییەکان، داخی فاشیستەکان ئەوەندە زۆر بوو، چەندیان بتوانی بوایە چەند بۆیان بکرا بوایە بزوتنەوەی ئازادی دیموکراتی خەڵکی کوردستانیان پێ شێل دەکرد، هەڵەبجە کە لانکەی شاعیران بوو، هەڵەبجەی ئەحمەد ئاوا و زەڵم و شنروێ و شرام، هەڵەبجەی زەلەکێو گولاّن و هەموو سەیرانگاکانی تری، لە کاتێکدا شەهید کرا کە خەڵك چاوەروانی ئەوە بوو سەیرانی تیا بکات، خەڵك چاوەریی ئەوە بوو بەخۆشی و ئارامی تیا بگەرێت، هەڵەبجە یەکێکە لەو شوێنانەی کە لە مانگی چواردا دەبێتە جێگەیەك بۆ سەیرکردنی هەموو کەسێك بۆ خۆشی، جێگەی حەوانەوەی خەڵك، بەلاّم ئا لەم وەختە زەفەری پێ برد و هەڵەبجەی شەهید کرد، هەڵەبجە کە لە دێر زەمانەوە هەر جێگەی علم و فەن و شیعر نەبووە، بەڵکو جێگە و پەنای تێکۆشەران و ئەو کەسانەش بووە کە لە دەستی زوڵم هەلاّتوون و لە هەڵەبجە ئارامیا گرتووە، لە هەڵەبجە درێژەیان بە خەباتی خۆیان داوە، هەڵەبجەیەکان ئەو راستیە باش دەزانن کە خەڵکی تێکۆشەری وەکو کاکەی فەلاح و ئەحمەد حەلاق و شەهید برایم ئەحمەد و چەندین کەسی تر لە هەڵەبجە چۆن درێژەیان بە خەباتی خۆیان داوە، چۆن تێکەڵی جەماوەری هەڵەبجە بوون و چۆن رێگەیان بۆ خۆش کراوە کە درێژە بە خەباتی خۆیان بدەن، یەکەم کۆبونەوەی شۆرشی ئەیلول لە مەنتیقەکانی ئێمە لە دێیەکانی هەڵەبجە و باشتر بڵێین تەپی سەفاوە سەرچاوەی گرت، کۆمەلاّنی خەڵکی هەڵەبجە هەمیشە لەو کۆمەلاّنە بوون کە ئازارەکانی کوردیان دەزانی، لەو کەسانە بوون کە هەموو جارێ دژی زوڵم و چەوسانەوە خەباتیان

کردووە، ئەگەر شیعرەکانی ئەحمەد موختار جاف و بێسارانی و گۆرانی نەمر و صالح هەژار و ع . ع . شەونم بخوێنینەوە هەموو بوارەکانی ژیانی تیدا هەیە، هەموو بوارەکانی ژیان لە هەڵەبجەوە هەڵقوڵاوە لە لای ئەوان، ئەو هەڵەبجەیە کە پێویستی بەوە بوو کتێبخانەکانی ئاوەدان بکرێنەوە کە پێویستی بەوە بوو مزگەوتەکانی لە جاران پۆشتە تر بکرێنەوە کە پێویستی بەوە بوو خەڵکەکەی باشتر هاوکاری بکرێن، ئەو هەڵەبجەیەی کە لە راپەرێنەکانی دژایەتی کردنی دوژمندا دائیمە لە پێشەوەی پێشەوە بوون، ئەو هەڵەبجەیە موستەهەقی ئەوە نەبوو، کە فاشیەکی وەکو سەدام حسین و حزبێکی کۆنەپەرست و شت تیٚ نەگەیشتووی وەکو حزبی بەعس تاقی کردنەوەکانی خۆیان لێرە ئەنجام بدات، زوڵم و زۆرداری ئەو رژێمە گەیشتبووە ئەو پلەیەی کە بینیان لە دوای ئەو کارەساتەی لە هەڵەبجە کردیان دەنگی داوەتەوە، لە دونادا دەیانەویٚ وەکو کورد دەڵیٚ دیزە بە دەرخۆنەی بکەن، هەروەها ووتی : رژێمێکی ئاوا هەموو توانایەك و هەوڵێکی بۆ ئەوەیە پارێزگاری لەم چەکانەی بکات و چەکی تریش لەوانە پێشکەوتوتر پەیدا بکات، لەبەر ئەوەگویٚ گرتن لە رژێمێکی ئاوا لە مایە پووچی بەولاوە هیچ شتێکی تری تیا نیە، ئیستاش سەیری دنیا دەکەن ئەوەتا ئەو ناکۆکیانە لەناو مەجلیسی ئەمندا لەسەر ئەو پەیدا بووە، ئیساش سەددام خۆی بەوە هەڵدەکێشیٚ کە خەڵك دژی شەرە هەموو کەس دژی شەرە، دەڵیٚ ئەوە لە خۆشەویستی سەددامە ئەوە دەکەن ئێمە پێشنیارەکانمان ئەوەیە، کە لە رۆژێکی وەکو ئەمرۆ هێشتا خەتەری سەددام ماوە، لەم گۆرانکاریە هەرە گەورەیەی کە ئیستا بە رێگەوەیە، خەڵك ئیستا چاوەرێی ژیانێکی خۆش دەکات، خەڵکی چاوەرێی ئەوە دەکات لە هەڵەبجە ئیتر سەیران بکات، هەڵەبجەیەکان و خەڵکی تر چاوەریٚ دەکەن بۆ خۆشی لەمەودوا بچنە هەڵەبجە، بۆ تەعزیە نەچنە هەڵەبجە، ئەوانە پێویستیان بە هەندیٚ شت هەیە کە پێویستە بکرێت لەو هەڵەبجەیە کە ئەو هەموو کارەساتەی تیا بووە، ئیستا

هەر هەڵەبجە موهەدەدە کە لە ناو هەڵەبجە تەقینەوە بکرێت، لە هەڵەبجە خەڵك دەتەقێننەوە لە هەڵەبجە موئامەرە دەکرێت، لە هەڵەبجە لەو شوێنانەی خەڵك دیەوێ بچێت بۆ سەیران ئەنواع و ئەشکال شت دەکرێت کە خەڵکی هەر لە هەڵەبجە و شارەزوور تا لە سلیمانیش خەڵك نا ئارامە، خەڵك لە هەموو کوردستان نا ئارامە، جروجانەوەرێك لەوێ دروست بوون کە شتەکانی سەددام و لەوانەی کە حزبی بەعس دەیانکرد، ئیستا بەهۆی خەڵکی وەکو عەقید وائیلەوە دەیکەن کە یەکێکە لە زابتە ئیستیخباراتەکانی عێراق و رەفیقەکانی ئیعترافی لەسەر دەکەن لەوێ سەرکردایەتیان دەکات و رێنوێنیان دەکات و بۆ شەر کردن و بۆ تەقینەوە و بۆ هێرش بردن بۆ سەر خەڵکە تێکۆشەرەکانمان لەو ناوچانە، لەبەر ئەوە هەڵەبجە پێویستە تەگبیرێکی باشی بۆ بکرێت، هەڵەبجە ناسنامەیەکی گەورەیە بۆ کورد، بەلاّم ئیستا هەڵەبجە وەکو باسم کرد لەوەدایە کە لە جاران باشتر بیری لێ بکرێتەوە، ئیستاش هەڵەبجە بەدەستی کۆمەڵێك خەڵکەوە گیریان خواردووە، وەکو چۆن سەددام بەهۆی هێز و توانای خۆیەوە لە هیچ شتێك تێ ناگات، ئەوانەش بەهۆی ئەو مێشك و کەللە رەقیەی خۆیانەوە بەهۆی دوورە پەریزی خۆیانەوە لە هیچ شتێك تێ ناگەن، لەبەر ئەوە چەند گرنگی بە هەڵەبجە بدرێت هێشتا هەر کەمە، زۆر سوپاس .

بەرێز عەفان عوسمان نەقشبەندی ووتی :

لەیادی پانزەهەمین ساڵی هەڵەبجەی بووکی کوردستان پێم باشە بە ئایەتێکی پیرۆزی قورئان دەست پێ بکەم (ولا تحسبن الذین قتلوا فی سبیل الله امواتا بل احیاء عند ربهم یرزقون)، کارەساتی هەڵەبجە بووە مایەی بەرپابوونی کارەساتێکی ئەبەدی نەوە لە دوای نەوە لە هەموو یادێکدا ئەم پرسەیە نوێ دەبێتەوە، زامی هەڵەبجە بووە بە پەڵەیەکی رەش بە ناو چەوانی دیکتاتۆر و دیکتاتۆرەکانی جیهانەوە، کارەساتی هەڵەبجە بوە ناسنامەیەك و بە سنگی هەمووکوردێکەوەیە، سەرەرای ئەو کۆستە گەورەیە مایەی شانازیە بۆ هەموو

کوردێك کە هەڵەبجە وەك چۆن لە هەموو کاتێکدا دەوری مەردانەی هەبووە لە فیداکاری و تێکۆشان ئەمجارەش پێنج هەزار ڕۆحی پاکی ڕۆڵەکانی کرد بە نیشانەی سەربەرزی و تێکۆشان و کردی بە سنگی هەموو ڕۆڵەیەکی کوردەوە، بۆیە دەبێت ئەم رووداوە بە کارەساتێکی شەر دانەنرێت بەڵکو بە خاڵی گۆران لە دۆر دۆزی کوردی ناو بنرێت، وە لێرەدا من دەپرسم بەرێزان دەڵێم کورد ڕۆژی سیاسی هەیە کە لە ناوچەکانی هەڵەبجە و شارەزوور و هەورامان دا داڵدە نەدرا نەحەوابێتەوە وە لە ئامێز نەگیرابێت، کام شۆرشی کورد هەیە بەرپابووبێت بەبێ بەشداربوونی خەڵکی دەڤەری هەڵەبجە و شارباژێر و هەورامان بەتایبەتی شۆرشی پیرۆزی ئەیلوول و گولآن و هەموو شۆرشە ئازادیخوازەکانی تر و وە هەروەها شۆرشی شێخی نەمر کە سێ جار سەردانی ئەم ناوچەیەی کردووە لەکاتی خۆیا، کام زانای ئاینی و رۆشنبیری هەیە وانەیەکی عیلمی و مەعریفی لەو ناوچەیە وەرنەگرتبێت لەسەر تا سەری ئیسلامدا کام ڕۆڵەی تێکۆشەری کوردی هەر چوار پارچەی ئازیز پەنایان نەبردبێتە ئەم ناوچەیە، کام دەسەڵاتداری عێراق هەیە لەبەر ناوداری و گرنگی ئەو ناوچەیە سەردانی ئەو ناوچەیەی نەکردبێت، لەبەر گرینگی هەر لە دوای ڕوودانی کارەساتی شەهید بوونی هەڵەبجە تا ئەمرۆمان هەرێمی کوردستان بە گشتی و ناوچەی هەڵەبجە بەتایبەتی بە چەند بارودۆخێکی ناهەموارتێپەریوە کە بواری وایان نەداوە مافی تەواوبە دەڤەر و بە کەسوکاری قوربانیەکان بدرێت، ئەو کارەساتەی کورد بەگشتی خۆم وەك نوێنەری خەڵکی ئەم ناوچەیە خاوەن دەیان شەهیدی کیمیاویم و خۆم بە قەرزاری ناوچەی هەڵەبجە و شارەزوور و هەورامان دەزانم، لەیادی پانزەمین ساڵی کارەساتەکەدا بارودۆخی ئیستا جیاوازی هەیە لە ساڵانی تری، چونکە لە کاتێکدا ئەم یادەدەکەینەوە پرۆسەی ئاشتی بەرقەرار بووە ن پەرلەمانی کوردستان ئەندامەکانی گرتوەتە ئامێز، دڵنیام ئەم بارودۆخە توانیویەتی هەندێ لە ئازار و برینی هەڵەبجە کەم بکاتەوە، ئەو برایەتییە و ئاشتییە و یەك

بوونە بۆ هەموو کورد دڵخۆشکەرە و ئازار شکێنە، بە تایبەتی بۆ خەڵکی ئەو ناوچەیە کە بەهۆی ناهەمواری بارودۆخی کوردستانەوە هەموو کۆچ و برینەکانی زیاتر بریندار دەکاتەوە .

بەرێزان : هەروەها لە یادی ئەم ساڵ هەموو دونیا دەروانێتە دواساتەکانی و سەرەمەرگی دیکتاتۆر ئەنجام بدرێت، ئێمەی کوردیش بەپەرۆشەوە چاوەرێی ئەو رۆژەین، پەنا بەخوا لە داهاتوویەکی نزیك دا زۆر نزیك دا بە لە ناوچوونی دیکتاتۆری سەدەی بیستەم گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان و شەهیدانی هەڵەبجە ئاسودە دەبێت، رێزداران تا ساڵی پار ئێمە وەك کورد چاوەریێ هەواڵنێرێکی رووناکی رۆژنامەیەکی بیانی بووین، یان دەسەڵاتدارێك بووین لە وولاتێکی عەرەبی یان ئەوروپییەوە بە ویژدانێکی مرۆڤایەتییەوە باس لە ئەو جینۆسایدە و قرکردن و قەلاچۆکردنە بکات کە دەحەق بە میللەتەکەمان کرا لە لایەن حکومەتی دیکتاتۆری بەغداوە، بەلاّم کاتێ دەبینین لە یادی ئەم ساڵدا دوێنێ ٣/١٥ سەرۆك (جۆرج بۆش) لە کۆشکی سپی پێشوازی کرد لە کۆمەڵێك کەسوکاری قوربانیانی هەڵەبجە ئەویش (ئیدریس هاواری و لەیلا جاف) بوون کە ئەمە بەراستی دەورێکی گرنگی هەیە، پێخۆشحاڵییەکی تەواوی هەیە بۆ کەسوکاری قوربانیان و بۆ دانیشتوانی کوردستان، ئەمە خۆی لە خۆیدا بەڵگەیەکە بۆ ئەو گۆرانکارییەی کە لە دۆزی کوردا رویداوە و لە ئاستی جیهان، جا بۆیە دەبێت ئێمەی کورد ئەو هەلە پیرۆزە بقۆزینەوە لە رێی یەکبوونمانەوە بە یەکخسنەوەی خیتابی سیاسی کورد و بۆ زیاتر سەرخستنی قەزیەکەمان بۆ دابین کردنی مافە رەواکەی گەلەکەمان، بەلاّم نابێت ئەوە لە یاد بکەین لەم یادەدا ساتێك بوەستین بزانین ئێمە چیمان کردووە بۆ ئەو دەڤەرەی هەڵەبجە و دەبێت چی بۆ بکرێت، بۆیە من لەو سەکۆیە شەرعییە پیرۆزەی پەرلەماندا دەڵێم داواکانم بە خۆزگەیە خۆزگە هەوڵدەدرا بۆ قەرەبووکردنی قوربانیان لە دیکتاتۆری بەغدا یان لە رێگای بریاری (٩٨٦) ی نەوت بەرامبەر بە خۆراك وەکو ئەو قوربانیانەی لۆکەربی کە

لە ئەسکەندەر دەرکران و ئیستا قوربانیەکانیان پاداشت دەدرێنەوە، خۆزگە وەك پاداشتێك بۆ خەڵکی ناوچەی شارەزوور و هەورامان بریاری پارێزگا بوونی هەڵەبجە بە جیددی کاری بۆ دەکرا، خۆزگە ساڵێکی تر لە کوردستانێکی ئازاد و فیدراڵدا لە دەڤەرێکی هەڵەبجەی ئارامدا لە ناوشاری هەڵەبجە لەسەر مەزاری شەهیدان ئەو کارەساتە بە خۆشەویستی یادی ئەو رۆژە دەکرایەوە، خۆزگە ئەو راستەمان لە یاد نەدەچوو کارەساتی هەڵەبجە ئاکامی شەر بوو، بۆیە دەبێت شەر و شەرخوازان اە هەڵەبجە بە دوور بخەین، خۆزگە هەڵویستی وولأتانی فەرەنسا و ئەڵمانیا بەو جۆرە نەبووایە هەروەکو پێشوو بووایە کە فەرەنسا دۆستی هەمیشەیی گەلی کورد بوو، خۆزگە بە هەموو لایەك هەوڵ دەدرا بۆ ئاوەدانکردنەوەی هەڵەبجە و هەورامان و شارەزوور و جێنشین کردنی خەڵکە راستەقینەکەی خۆی پاککردنەوەی لە گروپی شەرەنگێز و خۆفرۆش و بێ بروا، نە بە ناوی دژ بە ئیسلامەوە هاتونەتەئەو دەڤەرە گوایە ئیسلامەتی بلأودەکەنەوە، لە کاتێکدا دەڤەری شارەزوور و هەورامان خۆی کانگای بلأوبونەوەی ئاینی پیرۆزی ئیسلام بووە، لە ریێ خانەقاوە خانەوادەی سەربەرز و دینیەکانی شێخانی نەقشبەندیەوە لەم دەڤەرەدا، بەلأم بەداخەوە ئەو گروپە شەرنگێزە دژ بە ئیسلامە یەکەم جاریان لەو دەڤەرە وەك دەستە دیارێیك بۆ گەورەکانیان هەڵسان بە هەڵکەندنی مەزاری ئەو شێخانە کە لەو دەڤەرەیە، ئەو مەزارە بە رەمزی ئیسلامییەت دادەنرا، خۆزگە بە هەموومانەوە دەمانتوانی جارێکی تر ژیان بە هەموو لایەکەوە بگێرینەوە بۆ ئەو دەڤەرە ئازیزە، گرنگی بدەین بە هەموو لایەنەکان، ئەو دەڤەرە خاوەنی مێژوویەکی پر بەرخودان و رۆشنبیری و بەرخودان بووە، خۆزگە ئەنجام دەری ئەم کارە لەبەر چاوی هەموو دونیاوە دادگایی دەکرا، لە دێر زەمانەوە دەڤەری شارەزوور و هەورامان و هەڵەبجە کانگای رۆشنبیری بووە، خەڵکەکەی حەزیان لە خویندن و خوێندەواری بووە ئەوەتا تەنها لە کتێبخانەکانی ئەو دەڤەرە لە بیارەی پیرۆز لە زەمانێکا زیاتر

لە دەیان هەزار کتێب چاپکراو و ۲۵۰۰ کتێبی دەست نووسی تیا بووە، یەکەمین جار لە شاری هەڵەبجە لە ساڵی ۱۹۲۲ قوتابخانە کراوەتەوە بۆ یەکەم جار هەڵەبجە لەگەڵ کوێت کراوە بە قەزا، لە زەمانی عوسمانیەکان لە ساڵی ۱۸۹۸ و لە ساڵی ۱۹٤۸ لە شاری هەڵەبجە کتێبخانەی گشتی کراوەتەوە کە لەو دواییەدا دەیان هەزار کتێبی تیا بوو، دەڤەری هەڵەبجە دەیان شاعیر و نووسەر و رووناکبیری هێناوەتە دونیاوە فکری رۆشنبیری وەك مەولەوی و ناڵی و ئەحمەد موختار و گۆران و شێخ سەلام و تاهیر بەگ و شارەزووری، ئەو شارە جێگای هەڵقولانی چەندەها راپەرین و سەرهەڵدان بووە دژی دیکتاتۆریەت بووە بۆ نمونە لە ساڵی ۱۹۸۷ کاتێك کە حوکمی دیکتاتۆریەت گەیشتبووە لوتکە، خەڵکی هەڵەبجە بوێرانە بەرامبەر بە دەسەڵاتی ئەو سەردەمە لە شاری هەڵەبجە راپەرین و بە سازدانی خۆپیشاندانێکی گەورە کە رژێمی بەعس بۆ تۆڵە سەندنەوە لە نەتەوایەتی هەڵسا بە خاپۆرکردنی دوو گەرەکی ئەو شارە و گرتنی سەدان کەس و زیندەبەچاڵ کردنیان و دەیان کەس دوای راپەرین دۆزرانەوە کە کرابوون بە ژێر خۆڵەوە، ئافرەتی هەشتا ساڵە و منداڵی حەوت ساڵی تێدا بوو، بۆیە زیندوو کردنەوەی ئەو دەڤەرە مانای زیندوو کردنەوەی رۆحی نەتەوایەتیە لەو دەڤەرەدا، کە هیچ خۆفرۆش و دیکتاتۆرێك قبوڵی ناکات، لە دواساتدا سەری رێز و نەوازش دائەنەوێنم بۆ گیانی پاکی شەهیدانی هەڵەبجە و (٢٤) مامۆستای شەهیدی کیمیابارانی هەڵەبجە و بۆ سەرجەم شەهیدانی کورد و کوردستان و ئەڵێم بژی کورد، بژی کوردستان و بەو ئایەتەش وتارەکەم کۆتای پێ دێنم (ومن المؤمنين رجال صدقوا عليه وماعاهدوا لله منهم من قچى نحبه ومنهم من ينتظر وما بدلوا تبديلا) زۆر سوپاس .

بەرێز نەهلە محمد سەعدالله ووتی :

هەڵەبجە بووەتە رەمزێکی قەومی، لەبەر وەزعی سیاسی و ئاڵۆزی ناوچەکە بە پێ پێویست ئاوەدان نەکراوەتەوە، بۆیە ئیستا بوونی حکومەتێکی یەکگرتوو

لە کوردستان بەراستی بە زەرورەتێکی قەومی لە قەڵەم دەدرێت، دەکرێ یەکەم هەنگاوی ئەو تەوحیدە لە هەڵەبجە دەست پێ بکرێت و یەکەم هەنگاوی دروست کردنی هێزەکانی کوردستان هەر لە هەڵەبجە دروست بکرێت، ئەو کاتە ئەو لایەنە سیاسیانە کە ئیستفادەیان لە ناکۆکی نێوان یەکیتی و پارتی وەرگرتوە بتوانین روبەرووی ئەو سوود وەرگرتنە ناشەرعییە تەسك بکرێتەوە، ئەوە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم : بەنیسبەت ئەو نەوعە رەمزانە بە رێگای فیلم و کوکردنەوەی بەڵگەنامە و دۆکیۆمێنت تەوحید بکرێت لە کوردستان کە شایستەی ئەو رووداوە بێت، مانای کتێبی تایبەت بە هەڵەبجە، دۆکیۆمێنت بە وێنە فیلمی تایبەت بە هەڵەبجە بە کوردی تەرجومە کرابێت بۆ عەرەبی و ئینگلیزی، ئەو وەسائیقانە بە تەوحیدی لە لایەن وەزارەتەکانی مافی مرۆڤ و مرۆڤایەتی دابنرێت، هەر وەفدێکی بیانی دێتە کوردستان نوسخەیەك لەو وەسائیقانەیان بدرێتی، ئیستا بەراستی هەر شتێك کرابێت لەو ناوچەیە یەعنی وەك ئەوەیە کە ئاو برێژییە ناو لم، دیار نییە، بۆیە دەکرێ پێش هەموو شتێك حکومەتی هەرێم کۆنترۆڵی ئەو ناوچانە بکا، هەڵەبجە و ناوچەکانی تر تا بتوانێ ئاوەدانی بکاتەوە، رێگاو بانی بۆ بچێت و لە ناحیەی مەعنەویەوەش کەتوانێ ئیستیفادەی لێ بکات، خاڵی تریشم هەبوو وەکو برادەران باسیان کرد، تەعویز کردنی خەڵکی هەڵەبجە، هەر بۆ نموونە رووداوی لۆکەربی لە ساڵی ١٩٨٨ ولاتێکی زل هێزی وەکو ئەمریکا داوای قەرەبوو بۆ کەسوکاری سەرنشینی تەیارە دەکات، بۆ ئیمە داوای قەرەبوو کردن نەکەین بۆ کەسوکاری شەهیدان و ئەو کەسانەی کە تووشی نەخۆشی درێژخایەن بوونە؟ یان تووشی معەوق بوونە لە ئەنجامی کارەساتی هەڵەبجە؟ زۆر سوپاس .

بەرێز شفیقە فقێ عبدالله ووتی :

لێرەوە سەرە خۆشی لە هەموو کەسوکاری شەهیدە نەمرەکانی شاری هەڵەبجە دەکەم بە تایبەتی و هەموو خەڵکی کوردستان بە گشتی کە لەو کات و ساتەدا

بوو، لەو رۆژە رەشە دابوو پەڵەیەکی هەوری رەش بەسەر شاری هەڵەبجە کشا و هەروەها خەم و خامۆشی هەموو کوردستانی گرتەوە، بۆیە لێرەوە داوا دەکەم وەکو ئافرەتێکی کورد کە بێن بە دەم ئەو ئافرەتانەی کە تا ئێستا تووشی چەندەها نەخۆشی بوون، نەخۆشی نەزۆکی و لەبارچوون و هەروەها شێتی کە رۆژ بە رۆژ زیاد دەبێت و ئەوانەی کە کەم ئەندامن و دەست و قاچیان نییە، ئەمە دەبێت حکومەتی هەرێم بە هەردوو ئیدارەی هەولێر و سلیمانی و هەروەها لەسەر قەراری (٩٨٦) ئەمانە قەرەبوو بکرێن بەراستی، چونکە ئێمە بەدەست و قاچەوە ناتوانین بژێوی ژیانی خۆمان بەجێ بێنین، ئەی ئەوانە کە بوونەتە عەلە و ئاهە بەسەر کەسوکاریانەوە ؟ بۆیە داواکەم لێرەوە ئەوەیە وە زۆر بە رجاش بە خوازیاریش دەیکەم کە بیر لەوانە بکرێتەوە، هەروەها داواکارم لە هەموو جیهان کە ئەوانەی پارێزگاری لە مافی مرۆڤ دەکەن بێن بە دەنگی کوردستانەوە و دەنگی گەلی کوردستانەوە، تا هیچی تر قرمان تێ نەکرێت، هیچی تر لەناو نەچین، هەروەها کە حکومەتی ئەمریکا خۆشی لەو بابەتەوە هەر بە چەکی کۆکوژ و ئەو چەکانە بوو ئەگەر تی ئین تی نەبێت شت ناتەقێندرێتەوە، کە ئەویش باجێکی گەورەی دا، ئەوە بوو لە ئەیلولی رابۆردودا، بۆیە ئیتر داوا دەکەم کە ئیتر ئەو چەکە کۆکوژانە بە هەموو شێوەیەکەوە قەدەغە بکرێت لە جیهاندا و هەر وڵاتێك کە دروستی ئەکات بدرێتە دادگای نێو دەوڵەتی، ئەمەی کە ئێستا بیری لێ ئەکەینەوە پشتگیریەکی گەورەیە بۆ بەرێز جۆرج بۆش کە سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکایە و بۆ هەموو هاوشانەکانی کە بیریان لە گۆرینی رژێمی عێراق کردوەتەوە، بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی دیموکراتی فیدراڵی لە ئایندەی عێراقدا، خوازیارم کە پەنا بەخوا بە زووترین کات بێتە دی و سوپاس ورێزی خۆشم ئاراستەی هەموو ئەو وڵاتانە دەکەم بەتایبەتی جمهوری ئێرانی ئیسلامی، بە راستی لەو کاتەدا ئێران بە دەنگی کوردەوە هاتوون کە ئێمە زمانمان برا بوو، چاویشمان کوێر کرابوو، دەممان نەگەیشتە

هیچ ولاتێك كە باسی هەڵەبجە بكرێت و باسی شەهیدەكانی هەڵەبجە بكرێت و هەروەها چارەسەر كردنی ئەوان خۆ نەئەتوانرا بەرەو سنووری كوردستانەوە بێن، ئەبوایە بەرەو ئێران بەرێ بكرێن و لەوێ هیلاكیەكی زۆر زۆریان بینی، زۆریان بۆ چاككردینەوە، زۆریشیان هەتا ئیستا بەو دەردەوە ئەناڵن، داواكارم لە خوای گەورە كە جارێكی تر نە كوردستان نە هیچ گەلێكی ژێر دەستە لەو جۆرە مەئساتە نەبینن و هیچ كەسێكیش لەو حاكمەی ئیمەی نەبێت كە بەدەستی خۆی منالی خۆی سەر ئەبرێت، لەگەڵ رێزو سوپاسدا .

بەرێز رۆوف فەرەج محمد ووتی :

بەرێزان پەرلەمانتاران من وەكو ئەندامێكی ئەنجومەنی نیشتیمانی ناوچەی هەڵەبجە ئەتوانم بڵێم بەناوی هەموو ئەندامەكانی ناوچەی هەڵەبجە زۆر زۆر سوپاسی هەستی بەرێزتان بكەین بۆ ئەو هەستەتان كە دەرتان بری بەبۆنەی یادی كیمیابارانی هەڵەبجە، كە ئەمرۆ پانزە سالْ بەسەردا تێ دەپەرێت، برایان و هاورێیان زۆر باسیان لەسەر هەڵەبجە كرد، من نامەوێ زیاتر درێژەی پێ بدەم، دیارە شاری هەڵەبجە شاری شاعیران و هونەرمەندان و پیاوچاكان و قارەمانان بووە، ئەو شارە بووە لە هەموو شۆرشەكاندا هەمیشە پێشەنگ بووە، ئەمە شاهیدی حاڵە لە هەموو روویەكەوە شاری ئێمە هەر لە دروست بوونی شۆرشەكانەوە، رژێمە یەك لە دوای یەكەكانی حكومەتی عێراق هەموو كاتێك دەستی چەپەڵ و زۆرداری خۆی بەسەردا چەسپاندوە، پێشتر باس ناكەم شاری ئێمە هەر لە ١٣ / ٥ / ١٩٨٧ ەوە حكومەتی عێراقی وەك چۆن دێهاتەكانی راگوێز كرد، ویستی لەو رۆژەدا كە جەماوەری شاری هەڵەبجە كە هاتنە سەر جادە و بەرامبەر بە رژێمی بەعس هەستی خۆیان دەربری، گەرەكی كانی ئاشقان شاهیدی ئەو رۆژەیە كە بە درندانەترین شێوە هەموو خەڵكەكەی لەگەڵ خاك و ئاوی شوێنەكەیا تێكەڵاو كردن، چەندەها كەسی تریشی بە زیندوویی زیندە بەچاڵ كرد پاش ئەوە درندەیی خۆی واز لێ نەهێنا هەتا لە ١٦ / ٣ / ١٩٨٨ دا ئەو درندەیە وەكو برادەران ئاماژەیان پێ كرد هیچ ولاتێك،

هیچ حکومەتێك بەسەر میللەتی خویا نەکردووە، زۆر باسکرا لەوە، هەموومان دەزانین کەشاری هەڵەبجە بووە پێناسەیەك بە ناساندنی میللەتەکەمان بە هەموو دنیا، کوا سالأنی پێشووتر چەند سالْ میللەتی کوردمان لە شۆرشا بووە چ ولأتێك لەو ولأتانە کە تۆ بابلێین لە دوای شۆرشی ئۆکتۆبەرەوە کە زیاتر لە میللەتان رزگاری بووە، لە دوای حەربی عالەمی یەکەمەوە کە میللەتان رزگاریان بووە، کێ باسی ئێمەی ئەکرد ؟ کێ گوێ لە دەنگی ئێمە بوو ؟ ئێمە شانازی بەوە ئەکەین وەك جەماوەری هەڵەبجە، وەك کوردی کوردستانی عێراق، شانازی بەوە ئەکەین کە توانیمان نەتەوەکەمان بناسێنین بە گەلانی دنیا، ئەوەتا گەلانی دنیا شانازی بە ئێمەوە ئەکەن، کە بەو بەرخودانیە و بەو بەردەوامیە داوای مافی خۆمان ئەکەین، توانی هەموو مافپەروەران و هەموو دیموکراتخوازان بهەژێنێت بیر لە نەتەوەی ئێمە بکاتەوە، بیر لە گەلی کوردستان بکاتەوە، بیر لەوە بکاتەوە کە مافەکانی بۆ دابین بکرێت، انشائەلأ بە حەول و قووەتی خوا زۆر زۆر نزیکە کە میللەتەکەمان بگات بە ئاوات و ئامانجی خۆی، لەسەر بەشەکانی کە نارۆم، هاورێیان زۆر زۆر باسیان کرد، بەلأم تەنها ئەوەیە کە داخوازی جەماوەری هەڵەبجە، جەماوەری ئەو شەهیدانە کەسوکاری ئەو شەهیدانەن، نمونەمان زۆر ماوە برایانی بەرێز، خۆشکانی بەرێز، ئیستا یەکێك لەو نمونانە من حەز ناکەم باسی بکەم، ئەوەتا خۆشکێك کە لەسەرەوە دانیشتووە ئەتوانم لەناو بینایەکا کە تەنها ئەو لەناو (٧٦) کەسدا دەرچووە، یەکێك لەسەرەوە دانیشتووە لە ناو ٧٦ کەسدا تەنها ئەو مایەوە، نمونەی تر زۆر زۆرە لەوانە ئەو نمونانە گەیشتووە بە هەموو دونیا، داوای جەماوەری هەڵەبجە لە مێژەوە داوا ئەکەن بە رێکخستنی ریزەکانی هەموو گەلی کوردستان، بە یەکخستنەوەی حکومەتی هەرێم بۆ ئەوەی بەتەواوی یاسا بچەسپێت لەناو میللەتەکەماندا، بۆ ئەوەی ئاوات و ئامانجی میللەتەکەمان بێتەدی، تەنها ئەو یەکخستنەیە ئەتوانی خۆمان بگەین بە ئامانج، ئەوەتا لەم شوێنە پیرۆزە

هەرچی هاتووە وتەی بۆ ئێمە ئاماژە کردووە، داوای یەکخستنی لە ئێمە کردووە، ئەگەر خۆمان یەکبین ئامانجمان زۆر زۆر نزیکە حکومەتی هەرێم لەم چەند ساڵانەیا ئینسان بە شاهید بڵێت لای کردوەتەوە لە خەڵکی هەڵەبجە، بەڵام بە پێی ئەوەنا کە زامەکان بە تەواوی ساڕێژبێت، هەر چەندە ئەو زامە هەرگیز ساڕێژنابێت ئەوە شتێکی ئاشکرایە بەڵام مومکینە ساڵ بە ساڵ ئەگەر بە تەواوی لای لێ بکرێتەوە ئەو زامانە وردە وردە ساڕێژ ئەکرێت، وردە وردە بەرەو چاکی ئەروات، سەیری ئەوە مەکە هەندێ کەلاوە چاك کراوەتەوە هەندێ ڕێگاوبان مومکینە چاك کرابێتەوە، بەڵام براینە، بەڕێزان ئێمە میللەتەکەمان هێشتا مێشکی نەگۆڕاوە، خەڵکەکەی هێشتا وەکو خۆی ماوە، چی بکەین باشە ؟ بتوانین مێشکی وەکو خۆی لێ بکەینەوە وەکو مامۆستا ئاماژەی پێ کرد، شاری ئێمە، شاری هەڵەبجە ئەتوانم بڵێم چوار سەد ساڵ لەمەو بەر دروست بووە، لەگەڵ یەکێك لە قەزاکاندا کە ئەویش دیارە جەنابتان بەڕێزن، یەکێکە لە دێرینترین قەزاکان کە لە حکومەتی عێراقیدا لە زەمانی عوسمانیەکان، وەکو مامۆستا ئاماژەی پێکرد پێش سەدەی بیست دروست بووە، چ کارێك بکرێت بۆ هەڵەبجە ئەو میللەتە بیر لەوە بکاتەوە ژیانەکانی جاری جاران زۆر لە پیاوچاکانی وڵاتەکەمان شایەدی حاڵە لە جنوبی عێراقیش روویان کردبێتە هەڵەبجە، هەڵەبجەیان بەجێ نەهێشتووە ئەوەنە پێ گەش بوونەتەوە پێ ی خۆش بوو غەریبێك لەو شارەی ئێمە هاتبێتە ناو هەڵەبجە هەر کەسێك بۆ خۆی باڵی گرتووە و بردوویەتیەماڵی خۆی، مامۆستا نەك هەڵەبجە خۆی دەورو پشتەکەشی لە هەموو شارەزوور و هەورامان و شوێنەکانی تریش لایەك بکرێتەوە، لە هەڵەبجە لە رووی پرۆژەی ئاوەوە هەمووتان ئاگاتان لێیە ئیستا هەڵەبجەی ئێمە هێشتا لەسەر پرۆژە کۆنەکان شتی بۆ کراوە بەڵام زۆر کەم، لەسەر پرۆژە کۆنەکانی کە ئەو ژەهرەی بەسەردا رژاوە، هێشتا ماون، پرۆژەیەکە پێم وایە پێشتر شەهیدی نەمر کاك شوکەت پێم وایە لە ناخیا بوو خۆزگە ئیستا بمابایە و بیوتایە و دووبارەی

بکردایـەوە، جـەنابتان ئاگـادارن کـە ئـاوی ئەحمـەد ئـاوای بـۆ راکێـشا، بـەلاّم بـەهۆی زرووفـی تایبـەتی و بـە هـۆی ئـەو جوتیارانـەوە ئـەو ئاوە هێـشتا وەکـو خـۆی ماوەتـەوە و نـەبووە، بـەلاّم باشـترین پـرۆژەی ئـاو هـەبێت نـەك هەڵەبجـە سیروان و دەوروپـشتی هـەموو هەڵەبجـە رزگـاری بێـت، ئـاوی زمکـان کـە بـۆی بهێنیتەوە، انشاالله لە رزگار بوونی میللەتەکەمان دەست بکرێت بەوە، ئەبێت بە حەوانەوەی هەموو ناوچەکە، بە زیادکردنی قوتابخانـە شـەرتی سـەرەکییە، هێشتا لەو قوتابخانانەی کە قوتابیان دەوام دەکەن مـن نـاڵێم تـەنها هەڵەبجەیـە شوێنەکانی تـری کوردسـتانیش هـەر وایـە سـێ دەوام لـە قوتابخانەیـەکا دەوام بکات قوتابی چی فێر دەبێت لە پۆلا ؟ هەمانە لە هەڵەبجە و شوێنەکانی تریش لە سلێمانی و هەولێریش وایە، پۆلیك لـە ولاّتـان ناگاتـە هـەژدە قوتـابی ئەگـەر بیست و پێنج بێت، بەلاّم پۆلمان هەیە شەست قوتـابی تێدایـە، ئـەم رووداوانـە بوەتە هۆی نزم بوونی ئاستی خوێندەواری با بیر لەوە بکەینـەوە هـەتا ئاسـتی خوێنـــدەواری بـــەرز بێتـــەوە میللەتەکـــەمان زیـــاتر بـــەرەو پـــێش ئـــەروات، رێگاوبانەکانی بۆی کراوە لـە نـاوی بـەلاّم هێشتا هـەر ماویـەتی هێشتا رێگـای بەینی سلێمانـی و هەڵەبجـە بەراسـتی زۆر زۆر پێویـستی بـە چاککردن هەیـە و لەوانەیە لە شوێنەکانی تریشا وایە، بـەلاّم هـیچ شـوێنێك وەکـو ئـەو شـوێنەیان کە رووداوی دڵتەزێنی زۆر تیا رووئەدات هەمووشی خـەڵکی ئـەو هەڵەبجەیـە و ئـەو دەڤەرەیـە لـە شـوێنەکانی تـرەوە لەبـەر ئـەوە داوا لـە بـەرێزتان ئەکـەم بـە چـاوێکی گەشـەوە بـیر لـە میللـەتی هەڵەبجـە بکەنـەوە، بـیر لـە کەسـوکاری شەهیدان بکەنەوە، زیاتر و زیاتر بۆ ئەوەی ئەو زامە بە تەواوەتی سارێژبێت، دووبارە بەناوی جەماوەری هەڵەبجەوە سوپاس و پێزانینی خۆمانتان ئاراستە ئەکەین و سوپاسی هەموو گەلی کوردستان ئەکەین بە هەموو نەتەوەکانیەوە بۆ ئەو هەستەی کە دەری ئەبرێت بەرامبەرمان و سوپاسی هـەموو ئـەو دەوڵەتانـە ئەکەین بەتایبەتی دەوڵەتی ئیستای کە گەورەترین دەوڵەتە، دەوڵەتی ویلایەتە یەکگرتوەکان (usa) یە کە بیر لە ئێمە ئەکاتەوە، پێشەکی کـە ئێمـە بگـەین بـە

ئاوات و ئامانجی خۆمان و دووبارە سوپاس و هەستم بۆ هەموو لایەك و زۆر سوپاس .

بەرێز شێخ محسن موفتی ووتی :

خوای گەورە دیاری کردووە کە ئەفەرموێت، ئەوەی کە یەك کەس بەناهەق بکوژێت وەکو ئەوە وایە کە هەموو ئادەمیزادی قەلاچۆ کردبێت، بسم اللة الرحمن الرحیم (من قتل نفسأ بغیر نفس أو فساد فی الارض فکأنما قتل الناس جمیعأ) ئەگەر کەسێك پێنج هەزار کەس شەهید بکات سیی هەزار کەس بریندار بکات، دەیان هەزار کەس دەربەدەر و ماڵ وێران بکات، ئەبێت ئەو کەسە چ رەحمیەتیەك لە دڵیا هەبێت ؟ ئەبێت چ گورگێك بێت و لە بەرگی مرۆڤا خۆی نیشانی خەڵکی بدات، بۆیە بە پێویستی ئەزانین بڵێین هەڵەبجە سونبوڵی خەباتی نەتەوەی کوردە، هەڵەبجە کە ناسنامەی ئەم میللەتەیە، هەڵەبجە بۆیە دژایەتی کرا چونکە خاوەنی ئیمان و بروا بوو، خاوەنی زانایان بوو، خاوەنی پێشمەرگەی راستەقینە بوو، خاوەنی شاعیران بوو، خاوەنی پیرانی تەریقەت و تەریقەتی نەقشبەندی بوو، سەرچاوەیەکی رۆشانیی بوو بۆ سەرجەم رۆڵەکانی کورد بۆ سەرجەم ولاَتانی ئیسلامی، کە خەڵك لە دەڤەری هەڵەبجە سوودیان وەردەگرت، بۆیە هەڵەبجەی خاوەن بروا خاوەن ئیمان کەسێکی بێ بروا و بێ ئیمان رقی لێ ئەبێتەوە، (وما نقموا منهم الا أن یؤمن بالله العزیز الحمید) بۆیە هەڵەبجە نیشتیمانپەروەر بوو، یەك کارەسات یەك قسە بەبیری بەرێزتان دەهێنمەوە، کە پارێزگاری ئەو کاتەی سلێمانی بەرامبەر کۆمەڵێك لە زانایانی ئاینی و خەڵکی تر ووتی، قسەیەکی کرد تەعبیر لە دڵی رەشی رژێمەکەی خۆیانی ئەدایەوە کە ووتی، ئێمە چۆن هەڵەبجە وێران ناکەین لە شارێك کە دەنگی (بروخێ رژێمی بەغدای) تیا بەرز بوەتەوە لەو شارەدا، پێویستە ئەو شارە نەمێنێت و کیمیابارانی بەسەردا برژێت، ئەگەر قومبەلەی زەرەشمان هەبووایە ئێمە بەسەر ئەو شارەمان دادەرژاند، چونکە دەنگێکی تیا بەرز بوەتەوە کە بروخێ رژێمی بەغدا، لەبەر ئەوە پێویستە

هەڵەبجە حسابێکی تایبەتی بۆ بکرێت، بەقەدەر ئەوەی خزمەتی بەگەلی کوردی کردووە، لە هەموو روویەکەوە هەوڵی پێشخستنی بدرێت بە قەدەر ئەوەش کە ئیستاش دەست تێوەردانی ئیجابی دەوڵەتانی زلهێز و دەرەوە کە بیانەوێ دەست تێوەردانی ئیجابی لە ناو رژێمی بەغدا بکەن، یەکێك لە هۆکارە گرینگەکان کە بە دەستیانەوە بێت قەزیەی هەڵەبجە یە و کیمیابارانی شاری هەڵەبجەیە، ئەو کیمیابارانەیە کە بە شوێنەکانی کوردستانی تریشا بلاًویان کردووەوە و رژاندیان، بۆیە پێویستە هەموو لایەکمان هاودەنگی خۆمان لەگەڵ میللەتی رەش و رووتی هەڵەبجە بەیەك دەنگی و یەك ریزی بەیەك هەنگاوی هەوڵ بدەین هەڵەبجە ببێتەوە شاری ئاشتی شاری هێمنی شاری استقرار شاری دوور لە چەك و چەکخوازی، شاری ئەوانەی کە دوور لە تیرۆر و ئیرهاب و تۆقاندنن، شارێك کە ببێتە ئەوەی کە ناسنامەی میللەتی کورد بووە، چۆن دژواری و ژەهری کوشندەی بەسەردا رژێندرا، هەرواش ببێتە مایەی ئاسودەیی و هێمنی و ئاسایش رووی تێ بکاتەوە لە خۆی و چوار دەورەکەی، لەسنورەکانی لە هەورامانی سەرکەشا لە هەموو حەوزی شارەزوورا، بۆ ئەوەی بتوانین هەڵەبجە لە هەموو لایەکەوە خەڵك رووی تێ بکات، ئەوە لەلایەکەوە لەلایەکی تریشەوە بەراستی وەکو هەڵەبجەیەك سوپاسی ئەوانە دەکەین کە بەدڵ و گیانەوە لە هەڵەبجەیەکان گەرمتر لەگەڵ ئیش و ئازار و موعاناتی خەڵکی هەڵەبجەیی ژیانیان بەسەر بردووە، هەست و تەعبیری خۆیان دەربریوە و حەزیشیان دەکرد لە پەرلەمانی کوردستان و لە شوێنەکانی تریشا ئەو هەستە پر لە ئیمان و ویژدانییە قوڵە دەرببرن، بەلاًم دیارە کە مەجالی ئەوە نەبووە کە بەو شێوەیە باسی بکرێ، پەرلەمانی بەرێزی خۆمان هەوڵی دا و بریاری دا کەوا هەڵەبجە بکاتە پارێزگا بۆ ئەوەی کە ئێمە خواست و ئاواتی مبللەتەکەمان جێ بەجێ بکەین، داوا دەکەین لە یەك ریزی هەردوو ئیدارەی حکومەتی هەرێم کە قوەتێکی یەکگرتووی بە هێزی لێ پێك بێت کە بتوانی خزمەتی هەموو کوردستان و بەتایبەتی هەڵەبجە بکات، ئەوە

لەلایەکەوە لە لایەکی تریشەوە وەکو باس کرا و برایانی بەرێزم باسیان کرد کە کۆنترین قەزا ئەتوانین بڵێین لە عێراق و گەلێ شوێنی ترا شاری هەڵەبجەیە، ئەو گرنگییەی پێ بدرێت بە پارێزگا، مانای باقی خەدەماتەکانی تری بۆ دەکرێت، قەرەبووی ئازار و ئەشکەنجەو ئەو هەموو نارەحەتیانەی کە خەڵکی فەقیر و هەژار و بێ دەست و بێ لاقی ناو شاری هەڵبجە هەیان بووە، قەرەبووی هەموو وەزعەکەیان بۆ بکرێتەوە، ئومێدەوارین کە بزانن دەنگی زوڵاڵی گوردایەتی و نیشتیمان پەروەری لە زانایان و شاعیرانی کوردی دەڤەری هەڵەبجە لە حەفتا ساڵ لەمەوبەر بەرز بوویەوە، مەلایەکی کورد (شێخ بابە رەسوڵی بێدەنی) دەفەرمووێ (کەعبە کەچ نابێ بە کوردی ناوی کوردستان ئەبەم، پێی بڵێین واعیز بە تورکی بۆچی من تەکفیر دەکات، بۆ نیشاندانی میسالی پاڵەوانی قەومی کورد ناوی کوردستان عەکس نار تەصویر دەکات) .زۆر بە درێژی باسی ئەو بابەتە دەکات کە ئەوەی ئەمرۆ ئێمە لیێ دەترسیین و حسابی بۆ دەکەین کە رژێمە مل هورەکانی یەك لەدوای یەکی بەغداوە، رژێمە چاودێرەکانی برسی بە وەزعی ئاسودەیی میللەتی ئێمە کە لێمان تێك بدەن لە چوار دەورمان کە بیانەوێت خوا نەخواستە بێن وەزعی میللەتی ئێمە بشێوێنن بزانن کە کورد و زانای کورد و شاعیری کورد و پیرانی تەریقەت لەو وڵاتە تەحزیری هەموو کوردیان کردۆتەوە کە کەسانێك هەیە نایانەوێت کورد و کوردستان تەنانەت ناویشی ببرێت، نەك بە ئاسودەیی بژیت بۆیە حەق وایە یادی هەڵەبجە بکەینە یادی سەروەرەکانمان و بیکەینە یادی یەك ریزی و صەفا بەخشی بۆ دڵ و دەرونی هەموو هاووڵاتیانمان، سوپاستان دەکەین بۆ ئەو رێگا پێدانە، خوای گەورە دڵ و دەرونی هەموو میللەتی کورد و میللەتی هەڵەبجەمان سارێژ بکات و داواشم وایە پەرلەمانی کوردستان لەو ئاخیر فرسەتە کە رۆژی ١٦ / ٣ یە، بەیان نامەیەك ئاراستەی هەموو دەزگاکانی ئاسایشی نێودەوڵەتی بکات و دەزگاکانی دەولی بکات کە ئەوەی توانی لە ١٦ / ٣ ١٩٨٨ کیمیاباران بەسەر هەڵەبجە برژێنێ بەیانی ١٧

/ ٣ / ٢٠٠٣ یە رۆژێکیان بەینە، لەوانەیە هەمان درندەیی و پیاو خراپی و ناهەمواری لە دەستی ببێتەوە، ئەگەر پیی بکرێت أنشاالله خوای گەورە پێ بەمار نادات و هەرگیزاو و هەرگیز توانای ئەوەی نابێت کە بەو شێوەیە لەگەڵماندا بجوڵنەوە، وەسسەلام و عەلەیکم .

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ووتی :

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز مامۆستا شێخ محسن، بەڕێزان، ئەو بەڕێزانەش ماون کە دەرفەتیان پێ بدرێت کە وتاری خۆیان بڵێن، بەڵام بەداخەوە کاتەکەمان لێرەدا تەواو دەبێت بۆیە داوای لێبوردن لە بەڕێزان جەعفەر شێخ عەلی و سەعید یەعقوبی و کاك مەلا شاخی دەکەم، انشاالله بۆ جارێکی تر لە دەرفەتێکی تری ئەوها لە موناسەبەیەکی ترا رێگایان پێ دەدەین قسەی خۆیان بکەن، تکا لە بەڕێزان دەکەم دوای تەواو بوونی ئەو دانیشتنە بفەرموونە هۆڵی پەناگیرەکان، لەویدا میوانەکانمان ئەوانەی لە شاری هەڵەبجەوە هاتوون چەند وتارێکیان هەیە پێشکەشتانی دەکەن، بە نیسبەت ئەو دانیشتنەش دەستەی سەرۆکایەتی بەیاننامەیەك ئامادە دەکات بە موناسەبەتی هەڵەبجە کە سوود لە هەموو راوبۆچونەکان کە لێرە باس کراوە، ئەو بەیاننامەیەش ئاراستەی هەموو لایەنێکی پەیوەندیدار دەکرێت، بۆیە داوا لەو بەڕێزانە دەکەم کە ئەو داوایە پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، بەگشتی دەنگ، بەناوی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستانی عێراقەوە بەیان نامەیەك دەربارەی هەڵەبجە دەردەچێت، لێرەدا کۆتایی دێت بە دانیشتنەکەی ئەمرۆمان، سوپاسی هەموو لایەکتان دەکەم، فەرموون .

٢٨ – ماوەیەك پێش کۆتای هاتنی ماوەی خولی یەکەم بەڕێز مامۆستا لەتیف مولود وەکو پاڵێوراوی ئەندامیەتی پەرلەمان بووە ئەندام و نوێنەری هەڵەبجە. بەم شێوەیە ئەوەی تا ئەم بەرواره من لە پەرلەماندا و لە کۆبونەوەکانی فەرمیدا بەشداریم کردووە و باس لە هەڵەبجە کراوە لەگەڵ ئەوانەی پێش

بوونم بە ئەندام بە واتایەکی تر، ئەوەی سەرەوە گشت ئەو وتارو باس و خواستانە بوون لە خولی یەکەمی پەرلەماندا تۆمار کراون نوسیومەتەوە و پێشکەشتانی دەکەم، ماوەتەوە ئەو کارانەی پەیوەندیان بە هەڵەبجەوە هەبووە لە دەرەوەی پەرلەمان باسیان بکرێت .

**کاری ئەندامانی پەرلەمان لە دەرەوەی کاری پەرلەمانی**

یەکەم :

هەر لەسەرەتای دروست بوونی پەرلەمان، ئەندامانی نوێنەرانی ئەو سنورە بە شێوەیەکی بەرچاو بەشداریان لە گشت کۆرو کۆبونەوەکانی تایبەت بە هەڵەبجە کردووە و دەنگی زولاڵی خەڵکی لێقەوماوی هەڵەبجەیان گەیاندوەتە جێگای مەبەست، بەتایبەتی لە ڕێورەسمی یادکردنەوەکانی ساڵانەی خۆیدا .

دووەم : پاش ئەوەی هێزی هاوپەیمانان لە ڕۆژی ٢٠٠٣/٣/٢٠ دا هێرشی هەوایی و زەمینیی بۆ سەر ڕژێمی عێراق دەست پێ کرد، لە هەمان کاتدا هێرشێکی توندیشیان کردە سەر مۆلگە و بارەگای تیرۆرستان لە سنوری ناوچەی هەورامان لە دەوروبەری هەڵەبجە، ئەم سنورە ماوەیەك بوو لەلایەن ئەو کۆمەڵەیەوە داگیر کرابوو، چەندین کاری جۆراو جۆری سەیر و سەمەرەیان دەست پێ کردبوو، لەوانە سەپاندنی دەسەلاتێکی ناشاز و توند لەسەر خەڵکی ئەو ناوچە خەباتگێر و نیشتیمان پەروەرانە کە دانیشتوانەکەیان هەراسان کردبوو، جگە لەمەش روفاتی پیرۆزی شێخانی تەریقەتی نەقشبەندی، ئەو پیاوچاکانە کە لەو شوێنەدا بەدرێژای تەمەنیان خزمەتی ئاینی ئیسلامی و خەڵکی ئەو ناوچەیەیان کردووە، هەڵکەندبوەوە و ڕاگویزی شوێنی تریان کردبوون، ئەمەش بووە هۆی نیگەرانی سەرجەم دانیشتوانی ئەو ناوچەیە و هەموو کوردستان، بۆیە نوێنەرانی سنوری هەڵەبجە و چەند ئەندامێکی تری سنوری شاری سلیمانی داوایان لە پەرلەمان کرد کە بە شێوەی فەرمی سەردانی ئەو سنورە بکەن و لە نزیکەوە چاویان بە

**دانیشتوانەکە بکەوێت، پەرلەمان رەزامەندی لەسەر پێك هێنانی لیژنەیەك بۆ ئەم مەبەستە دا و لیژنەکە بریتی بوو لەم بەرێزانە :**

**بەرێزی خوالێخۆشبوو مام یار احمد افراسیاب .**

**بەرێز کاك بەکر حاجی سەفەر .**

**بەرێز کاك شێخ عەفان عوسمان نەقشبەندی .**

**بەرێز کاك رۆوف حاجی فەرەج .**

**بەرێز کاك حەمە عەلی توفیق میرزا .**

**بەرێز کاك حسین عارف .**

**بەرێز کاك شێخ موحسن موفتی .**

**بەرێز کاك کمال شاڵی .**

**لیژنەکە دەستی بە کاری خۆی کرد و سەردانی هەریەك لە شار و شارۆچکە و گوندەکانی ئەو سنورە کرد کە بریتی بوو لە (خورماڵ، بیارە، بەڵخە، تەوێڵە، سیروان، هەڵەبجە) لە هەریەك لەو شوێنانە کۆبونەوەی جەماوەریان ئەنجام دا و گوێ رایەڵی داوا و پێشنیارەکانیان بوون داواکاریەکان و راوبۆچوونی خۆیان گەیاندیانە سەرۆکایەتی پەرلەمان، گرنگ ترین داواکاری ئەوەبوو کە نوسینگەیەکی پەرلەمانتاران لە هەڵەبجە بکرێتەوە، سەرۆکایەتی پەرلەمان رەزامەندی بۆ کردنەوەی نوسینگەکە لە هەڵەبجە کرد و پێداویستیەکانی بۆ دابین کرد و لە رێورەسمێکی شیاودا بە ئامادەبوونی جەماوەرێکی بەرچاوی هەڵەبجە و نوێنەری لایەنەکان و قائیقام و سەرۆکی فەرمانگەکانی هەڵەبجە و کۆمەڵەی بەگژاچوونەوەی کیمیاباران لە رۆژی ١٦ / ٣ / ٢٠٠٤ دا نوسینگەکە کرایەوە و بەرێزان (خوالێخۆشبوو مام یار احمد أفراسیاب و مامۆستا رووف حاجی فرج و مامۆستا مەلا شێخ محسن موفتی و مامۆستا شێخ عەفان نەقشبەندی و حمە علی توفیق و مامۆستا لەتیف بامۆکی) وەکو شەش ئەندامی نوێنەرانی هەڵەبجە و دەوروبەری لەو نوسینگەیەدا دەست نیشان کرابووین کە کاری تیا بکەین، هەرچەندە ماوەی کاری ئێمە لەو نوسینگەیە**

کەم بوو بەهۆی کۆتای هاتنی ماوەی خولەکەمان، بەڵام توانیمان هەندی کاری لە بەرچاو ئەنجام بدەین، کاری ئێمە لەوی تەنها بۆ هەڵەبجە بوو نەك بۆ شتی تر، بە کورتی هەندی لەو کارانە دەنوسین :

١ – پشتگیری لەو چوار هەزار ئیمزایەی کە لەلایەن رۆشنبیران و کەسوکاری شەهیدانەوە ئامادە کرابوو بە مەبەستی کردنەوەی زانکۆیەك لە هەڵەبجە و گەیاندنی بە سەرۆکایەتی پەرلەمان و وەرگرتنی پشتگیری پەرلەمان و بەدواداچوونی هەتا ئەو مەبەستە بە ئاکامی خۆی گەیشت .

٢ – دوای دەستگیر کردنی دیکتاتۆری عێراق (سەدام حسین) لە ١ / ٧ / ٢٠٠٤، هەستاین بە کۆکردنەوەی سکاڵانامەی خەڵکی هەڵەبجە و دەوروبەری بە هاوکاری ٢٢ رێکخراوی مەدەنی شاری هەڵەبجە، ئەوەش بە ئاگاداری پەرلەمان و هەماهەنگی لەگەڵ دادوەران و سەرۆکایەتی سەندیکای پارێزەران ئەنجام درا و تا نزیکی ٤٥٠٠ سکاڵا ئامادەکرا دژی سەدام و دارودەستەکەی بۆ ئەوەی بدرێتە دادگای تایبەت بە دادگایی کردنی ئەو تاوانبارانە .

٣ – شاندێکی پەرلەمانی کوردستان لە ١٢ / ١ / ٢٠٠٥ دا سەردانی ئەورووپای کرد و لەو سەردانەدا چەندین شوێن و جێگای گرنگیان بەسەر کردەوە، شوینەکان بریتی بوون لە (پەرلەمانی هۆڵەندا، ئەنجومەنی پیرانی هۆڵەندا، دادگای عەدلی نێودەوڵەتی لاهای، نوێنەرایەتی یەکیەتی ئەوروپا لە هۆڵەندا، بارەگای پەرلەمانی ئەورووپا لە برۆکسل، بارەگای ئەنستیتۆی کورد لە بەلجیکا، بارەگای نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە یەکیەتی ئەورووپا) لەو کۆبونەوانەدا کە لەو شوێن و جێگایانەدا ئەنجام دران یەکێ لە خاڵەکانی کۆبونەوەکان باسی هەڵەبجە و کارەساتەکەی بوو، جێگای خۆیەتی ناوی ئەندامانی شاند کە بریتی بوون لە بەرێزان (نیعمەت عەبولا، سیروان کاکەیی، ابوبکر حاجی سەفەر، حەمە عەلی توفیق، شێخ مەزهەر هیرانی، شومائیل بنیامین) بنوسین، شاندەکە زۆر بە جوانی کارەسات و مەینەتیەکانی

هەڵەبجە و دەوروبەری و کوردستانیان بۆ ئامادە بووان روندەکردەوە، جێگای بایەخیان بوو .

٤ – گەیاندنی نزیکەی هەزاروپێنج سەد ئیمزای کەسوکاری شەهیدانی کیمیاباران بۆ دادگای لاهای وەکو داواکاری دژی ئەو تاوانبارەی هۆڵەندی کە چەکی بە سەدام حسین تاوانبار فرۆشتبوو

# کۆتایی

بەرێزان و خوێنەرانی ئەم کتێبە بە دڵنیایەوە کە هەڵەبجە ماوە و دەمێنی و پەرلەمانیش بەهەمان شێوە، هەروەها حکومەتی هەرێمی کوردستانیش، من بەباشم زانی کە ئەو ئەرکە لەسەرم بوو دەربارەی هەڵەبجە کە بینوسم لێرەدا کۆتایی پێ بهێنم، هەرچەندە کۆتایی نایەت، بۆ ئەوەی ماوە بۆ بەرێزانی تری دلسۆزی هەڵەبجە بهێڵینەوە کە ئەوانیش لەلایەن خۆیانەوە بتوانن بە نوسینەکانیان و تۆمار کردنی دیکۆمێنتەکانی پەیوەست بە کارەساتی هەڵەبجە خزمەتێك بە شار و دەوروبەری بکەن بۆ ئەوەی نەوەکانمان پاش ئێمە ئاگاداری ئەو هەڵویست و کارانە بن کە کراون، بۆیە لە دوا وتەکاندا داوا لە بەرێزانی ئەندامانی پەرلەمان لە نوێنەرەکانی هەڵەبجە و دەوروبەری دەکەم کە ئەو باسانە لەیاد نەکەن و دیکیومێنتەکانی خولی دووەمی پەرلەمان لە کتێبێکی وەکو ئەمەدا تۆمار بکەن و بیخەنە بەردەست جەماوەری هەڵەبجە .

سوپاس و پێزانینی خۆمان ئاراستەی سەرۆك و ئەندامانی دەستەی بالأی یەکیتی پەرلەمانتارانی کوردستان دەکەین کە هاوکاریان کردین لە نوسینی پێشەکیەکەی و ئەرکی بە چاپ گەیاندنی کتێبەکەیان گرتە ئەستۆ کە بە ئەرکێکی سەرشانی خۆیان زانی و بە خزمەتێکیان زانی کە بە هەڵەبجەی ببەخشن . سوپاس .



# نوسەر لە چەند دێرێکدا

* لە ساڵی ١٩٤٣ لە شاری هەڵەبجە لەدایک بووە.

* لە هەر دوو شۆڕشی ئەیلول لە ٩٦٣ تا ٩٧٥ و گوڵان لە ٩٨٧ تا ٩٩١ بەشداری کردووە.

* دوا پلەی ئەندامی خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان بووە.

* ئیستا جێگری سەرۆکی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستانە.

* پێشتر کتێبی بیرەوەریەکان و ژیانی پەرلەمانتاری بە چاپ گەیاندووە.

* چەندین بابەتی جۆراوجۆری لە رۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوکردووەتەوە.

چاپخانەی مناره - 4456297